# ڕامان

# له

# ئایدیۆلۆژیاکان

(2524)

محمد فاتح

٢٠٠٩

هەواڵنامەی کتێب

ناوی کتێب: رامـــان له ئایدیۆلۆژیاکان

نووسەر: محمد فاتح

بابەت: هزری سیاسی

سەرپەرشتی چاپ: نەوزاد شێخانی

چاپخانه: رۆژ کۆمەڵەی رووناکبیری و کۆمەلایەتی کەرکوک

له زنجیره بلاوکراوەکانی کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەلایەتی کەرکوک، ژماره (٥٤)

تیراژ: ٥٠٠

# چەند وشەیەکی پێویست

زۆر جار یەك چەمك هەڵگری کۆمەڵێك مانایە، بۆیە واتا و مەبەست لە دیاریکردنیـــان و ڕوونکردنـــەوەی مانـــاو خەســـڵەتەکانیان و دەستنیشانکردنیان بە ڕوونی و ئاشکرایی، پێویست بە هەوڵ و توێژینەوە زانستییەکان دەدات.

ڤـۆڵتێر دەڵــێ (ئەگــەر دەتــەوێ قــسەم لەگــەڵ بکــەی، پێویــستە دەستەواژەکان دیاری بکەی).

زاراوەی ئـایدیۆلۆژیا یـەك لـەو چەمکە کاریگەرانەیـە کـە زۆری لەسـەر باس کراوە و نووسراوە، بەدرێـژایی مێـژووی هـزری مرۆڤـایـەتی، چـەمکی ئایدیۆلۆژیا جێگـای لێکۆڵینـەوەی زانـا و فەیلەسـووفان بـووە و بـەردەوام توێژینەوەشی لەسەر دەکرێت.

بـە پێی ئـەو بـیر و بۆچـوونانەی بـاون لـەناو کۆمـەڵانی خـەڵك، ئایـدیۆلۆژیا زانـستی هزرەکانـە، یـان ئـەو زانـستەیە کـە دەکۆڵێتـەوە لـەرادەی دروسـتی ئـەو بـیرو بـاوەڕانـەی خـەڵکی هـەڵیان گرتـووە. لەبـەر

هەواڵنامەی کتێب

رۆشنایی ئەو هزر و باوەڕانەش تیۆر و گریمانـەکان بونیـات دەنرێت وەك لەگەڵ پرۆسە ئەقلانییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەدا دەگونجێن.

چەمکی ئایدیۆلۆژیا زۆر باو و بلاوبووەتەوە، بەجۆرێك واتاکەی فراوان بووەتەوە ئەو سیستمە هزری و ویژدانیانەش دەگرێتە خۆی کە دەربڕینـە لەمەڕ هەڵوێستی تاك دەربارەی جیهان و کۆمەڵگە و مرۆڤ.

ئـەم چـەمکە بەشـێوەیەکی تایبـەت لەسـەر بیروبـاوەڕ و هەڵوێـستە سیاسییەکان پراکتیزە کراوە کە بنچینەی کاری سیاسی و حزبین و بنـەمای شەرعییەتن.

ئـەم نووسـینە کۆمـەڵێك لـەزاراوە و چـەمکی بـەکارهاتوو بـاو لـەبیر و باوەڕی سیاسی دەگرێتە خۆی، کە تێگەیشتن لێیان پێویستی بەماوەیـەکی دوور و درێژ و ماندووبوون هەیە.

کۆکردنەوەیان لێرەدا دوو ئامانج بەدی دێنێت، پەیوەندی ئەو چـەمك و ڕێبازە سیاسی و هزرییانە بەچەمکی ئایدیۆلۆژیا دەروەها ئاسـانکاری بـۆ تێگەیشتنیان.

هەولێر

٢٠٠٨/١٢/٢

■ یەکەم:

## دەربارەی چەمکی ئایدیۆلۆژیا

هەواڵنامەی کتێب

ئایـدیۆلۆژیا (Ideology) زاراوەیـەکی لاتینییـە لـەدوو ووشـە پێکـدێت، وشـەی (Ideo) بـەمانای هـزر، بیروبـاوەڕ، لەگـەڵ وشـەی (logy) بەمانای زانست. کەواتا ئایدیۆلۆیا زانستی هزر یـان بیروبـاوەڕ دەگەیێنیٰ.

یەکـەم کـەس زاراوەی ئـایـدیۆلۆژیای بـەکارهێناوە، زانـای فەرەنـسی دیستات تریسی) بووە کە لەساڵی (١٧٥٥ – ١٨٣٦) ژیاوە لـە کتێبەکەیـدا بەناوی (Elements of Ideology).

مەبەستی (تریسی) لـە ئایـدیۆلۆژیا زانـستی هزرەکانـە یـاخود ئـەو زانستەیە کە توێژینەوە دەکات لـەبارەی رادەی دروسـتی یـان هەڵـەی ئـەو بیرو باوەڕانەی کۆمەڵانی خەڵك هەڵیان گرتووە، ئەو تیۆر و گریمانانەی

لەسـەر بونیـات دەنرێـت کـە لەگـەڵ نەقڵانییـەتی تـاکـەکانی کۆمەڵگـە دەگونجێت. [1]

دەکرێت بووترێت سەدەی نۆزدەهەم ئەو سەدەیەیە بووە کە ئـایـدیۆلۆژیا تیادا گەشەی کردووە و بەنـاوی سەدەی ئایدیۆلۆژیا دەناسرێت. [2]

ئـەم بـیر و باوەڕانـە کـە بەشـێوەیەکی سروشـتی جۆراوجـۆر دەبـن لەسیـستمێکی کۆمەڵایەتییـەوە بـۆ ئـەوی تـر یـان لـەگرووپێکی کۆمەڵایەتییەوە تـا گرووپێکی تـر لـەناو هـەمان سیـستمی کۆمەڵایـەتی، دیاردەیەکی سەرنج ڕاکێشن لـە هـەر کۆمەڵگەیـەك، بـەزۆریش نـاویـان لێ دەنرێت بەها ڕەوشتییەکان، کاتێ هەڵگری خەسلەتێکی پێوەردار دەبن.

بـەهاکان و بەشـێوەیەکی گـشتی بیروباوەڕەکـان، کـاتێ تێکـەڵی سیستمێك دەبن، ڕەگەزەکانی پەیوەست دەبن لەگەڵ یـەکتر، بەشێوەیەکی شاراوە تـاڕادەیەك، کەباس لەبیرو بۆچوونەکان دەکەن دەربـارەی جیهـان، باس لەئایین دەکەن، لە بارێکـدا ئەگـەر سیـستم چەمکە پیرۆزەکـان یـان پلەو پایەدارەکان بگرێتە خۆی.

هەروەها باس لە ئایدیۆلۆژیا دەکرێت کاتێ سیستمێك بۆ بەهاکان یان بەشێوەیەکی فراوانتر بۆ بیرو باوەڕەکان بوونی هەبێت، کـە لـە لایەکـەوە پێویستی بەچەمکە پیرۆزەکان یان پلە و پایـەدارەکان نابێـت، هـەروەها لەلایـەکی تـرەوە و بەشـێوەیەکی تایبـەت چارەسـەری ڕێکخـستنی

کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەکان بکـات، یـاخود بەشێوەیەکی فـراوانتر ئایینـدەی ئەو کۆمەڵگەیانە.

ئـەو کۆسـپ و بەرەنگارییانــە ڕێگامــان پــێ دەدات کـە تێبگـەین بـۆ کۆمەڵناسانی کلاسیك دوور دەکەونەوە لە چەمکی ئایدیۆلۆژیا .

ئایدیۆلۆژیا تەنها بارێکی تـاییەت پێکدەهێنێ بۆ دیـاردەی بیروبـاوەڕە گـشتییەکان، دژوارە جیاکردنــەوەیان لــە بــارودۆخێکی تــر بەوردییــەکی تــەواو، بــەم پێیــە شــیکردنەوەی بــەخودی بنــەماکان دەبەســترێتەوە، هەروەها ڕاڤەکردنیشی هەمان جۆری شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی دیاردەکـانی تری ئەو بیرو باوەڕانەی دەبێت.

بەم پێیە تیۆری ( پـارتیو ) دەربـارەی لێوەرگرتنـەکان ( الاشـتقاقات )، بیروباوەڕە ئایینیەکان، هەروەها ئایدۆلۆژیاکانیش دەگرێتەوە، لەهەمان کاتـدا تێدەگـەین کـە چـەمکی ئایـدیۆلۆژیا لـە چوارچـێوە گـشتییەکەی فەلـسەفەی ڕۆشـنگەری دەردەکـەوێت و ڕۆڵێکـی سـەرەکی لـە شـیکردنەوەی کودەتـا کۆمەڵایەتییەکان دەگێڕێت لە سەدەی نۆزدەهەمدا.

لـەدایکبوونی ( مـۆدێرنیزم ) هاوچـەرخییەکە بـۆ پێداچوونەوەکان بـە توێژینــــەوە لەسیــــستمی کۆمەڵایــــەتی نەریتگــــەری و ڕەنجــــە بەکارهێنراوەکان بەمەبەستی گۆڕینەوەی بە سیستمێکی – ئەقڵانی..

بۆیە لـە کۆتـایی سـەدەی هەژدەهـەم و لەسـەدەی نۆزدەهەمـدا دەبیـنین کۆمـەڵێك لـەڕێبازە کۆمەڵایـەتییـەکان پەرەدەسێنن. ئـەو بیروباوەڕانـە

هەواڵنامەی کتێب

وەڵامدانەوەی داواکارییە کۆمەڵایەتییەکانن بەجۆرێکی ڕاستەوخۆ یان سنووردار، (بەواتای ئەوانەی لەلایەن گرووپە تایبەتییەکانەوە دەردەچێت) کە ئەنجامی دۆخی سیستەمە کۆمەڵایەتییە ئەریتگەرییەکەی جێگای باسە.

ئەو کۆمەڵە ڕێبازە بەدەنگەوە دێت بۆ ئارەزووە سیاسییەکانی جۆرەها گرووپی کۆمەڵایەتی، هەروەها بابەتی بنچینەیی پێشکەش دەکات بۆ سیستم (بیروباوەڕە) یەکگرتووەکان تا رادەیەك کە پێکهاتووە لە ئایدیۆلۆژیاکان.[٣]

زاراوەی ئایدیۆلۆژیا بەشێوەیەکی تایبەت پیادە کرا لەسەر ئەو بیرۆکە و سۆز و هەڵوێستە سیاسیانەی کە بنەمای کاری سیاسی پێکدێنن.

ئایدیۆلۆژیای سیاسی ئەو ئایدیۆلۆژیایە کە پیاوانی سیاسی و هزرڤانە سیاسییەکان تا ئاستێکی زۆر پێوەی پەیوەستن، بەشێوەیەك کاریگەری لەسەر قسە و رەفتارە سیاسییەکان دەبێت و سنووری پەیوەندییە سیاسییەکانیان بەتوێژ و رەگەزەکان دیاری دەکات.[٤]

هەروەها ئەو ئایدیۆلۆژییە سیاسیانەی کەوا توێژو رەگەزە جیاوازەکانی کۆمەڵگە باوەڕیان پێی هەیە، زۆربەی جاریش لەگەڵ یەکتردا بەرەنگار دەبنەوە بەجۆرێکی چاکسازی یان شۆڕشگێڕانە دەناسرێن و ئامانجیان گۆڕینی واقیع و رەوشتی کۆمەڵگەیە.

---

بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا سـەرجەم ئايـديۆلۆژياكان لەخەسـڵەتێك پێكدەچـن ئـەويش شـێوازە سـۆزداريەكەی و سروشـتی بزوانـدنی ئـەقڵ و وێژدانی جەماوەرە.

بەتێپـەڕبوونی كـات زاراوەی ئايـديۆلۆژيا گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە، لەجياتی زانستی بیروراكـان، مانـای كۆمـەڵێك بـیرورا و هـزری سـەبارەت بەمرۆڤ و كۆمەڵگە و جيهان لەخۆگرتووە. (٥)

ئایدیۆلۆژیا بەمانای دووەمی بەدوو شێوە بەكاردەهێنرێت:

یەكـەم // بـەمانـای سـنوورداری وشـە، كـە لەچـەمكە سـەرەتاييەكەی نزيكترە و تەنها ئايديۆلۆژياكان، يان بيرورا و هزرە تونـدڕەوەكان، واتـە ناسيونـاليزم، سۆسياليزم، فاشيزم، بيروبـاوەڕو بۆچـوونە تونـدڕەوەكان، واتە كۆمونزيم دەگرێتەوە.

دووەم // بـەمانـای فراوانـی وشـە، هـەر جـۆرە تيۆرييـەكی نوێكـار و ئاراستەدار، يـان هـەر هـەوڵێك بـۆ نزيككردنـەوەی زانسـتی سياسـەت لـە كۆمەڵە بيروڕايەك دەگرێتە خۆی.

بـەدەربڕینێكی دیكـە ئـایـدیۆلۆژیا لـەمانـای گـشتی خۆیـدا هـەر جـۆرە قوتـابخانەيـەكی سیاسـی دەگرێتـە خـۆی، ئەگـەر تونـدڕە و بێت وەكـو كۆمونيزم و فاشيزم، يـان ميانڕە و بێت وەكـو ليبراليـزم و موحافيزكـار، هەروەها چەشنە جياجياكانی فيكری سۆسيالستی.

ئایدیۆلۆژیا وەك رۆشنبیری، واتـاو بۆچوونی جۆراوجۆری زۆریـان هەیـە کە لەگەڵ یەك ریك ناکـەون، بـەزۆری تێگەیشتن لـەو چـەمکە بـەئاڵۆزی بەدیـدێت، بـەکاردەهێنرێت لــە زۆر بــواری شــیکردنەوەی رۆشــنبیری بەجیگۆرکێ لەگـەڵ خـودی زاراوەی رۆشـنبیری، بـەڵکو تـارادەیـەك لەگـەڵ رۆشنبیری جەماوەریش.

هەرچـەندە ئـایـدیۆلۆژیا بـەکاردەهێنرێت بـۆ مامەڵـە پێکردن لەگـەڵ هەمان بوار کە رۆشنبیری و رۆشنبیری جەماوەری مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، بەڵام دەبینین کە هەر دوو زاراوە بە تەواوی هاو واتا نین.

هەروەك ( ستیوارت هول ) بـاس دەکـات ( شـتێك مـرۆڤ پـشتگوێ دەخـات کـاتێ دەڵێـت ئـایـدیۆلۆژیا ) و شـتێکی تـر ئـامـادە نابێـت و ئـایـدیۆلۆژیا دەکاتە زاراوەیەکی گرینگ بۆ تێگەیشتن لەسروشتی رۆشنبیری جەماوەری، ئەو شتەش ئەو راستیەیە کە ئایدیۆلۆژیا بەکاردەهێنرا بۆ ئـامـاژە پێکردن بۆ هەمان بوار کە رۆشنبیری و رۆشنبیری جەماوەری کاری پێدەکرد.

هەواڵنامەی کتێب

# چەند پێناسەیەکی جیاواز بۆ ئایدیۆلۆژیا لەلایەن چەند بیرمەندێکەوە

## پێناسەی کارل مارکس:[٦]

ئایدیۆلۆژیا لای مارکس بریتییە لە هۆشیارییەکی ساختە دەربارەی راستییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، نەزانینێکی کۆکراوەیە، ئەندامانی چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بەشداری تیادا دەکەن، دەربارەی راستییەکی مێژووی پەیوەست بەچینێک.

## پێناسەی لینین:

ئایدیۆلۆژیا بەشێك لە ناكۆكییەكانی ململانێی چینایەتی پێکدێنێت، بەم جۆرە لینین دووركەوتەوە لە بەكارهێنانی ماركسیانە بۆ چەمكی ئایدیۆلۆژیا.

## پێناسەی نیتشە : [٧]

بیروبـاوەڕ و بـەها گـەورەکان تـەنها ئـەو داهێنانەیـە کـە خەسـڵەتی لاوازەکـان هەڵـدەگرێ، ئەوانـە بـەو نەزانینـەیان هـۆ و ڕق و قینیـان لـە گـەورەکان دەشـارنەوە ئەوانـە لەراسـتیدا ژیـانی پـڕ خـەیاڵ بـەژیانی راسـتەقینە دەگۆڕنـەوە، کـە لەسـەر بەدەنگـەوە هـاتن بـۆ ئـارەزووە سروشتییەکانیان پەیدا بووە، ئـەو هزرانـە دروسـتکەری تـاریکین، کـاتێ ئەقڵ بەرهەمی راستەقینەی نابێت، تەنها ئەگەر گرێدراوی ژیان بوو بـەو مەرجانـەی بڕیـاری لەسـەر دراوە، هـەروەها رزگـاربووی نیگـا و فێڵـی لاوازەکان بوو.

## پێناسەی کارل مانهایم :

ئایدیۆلۆژیا چەند بیرۆکەیـەکی شێواوە کـە چینی دەسـەڵاتدار بڵاوی دەکاتـەوە بەمەبەسـتی پاراسـتنی سیسـتەمی کۆمەڵایـەتی ئێسـتا، یـان سیسـتەمی کۆمەڵایـەتی کـۆن، یـاخود گوزارشـت لـە هـزری کۆمـەڵێك لـە کۆمەڵـەکان دەکـات، ئـەو گوزارشـتەش یارمەتیـدەرە لـە دەسـتەبەرکردنی ئامانج و ئارەزووەکان.

## پێناسەی محمد چیا:

**ئامادەکاری کتێبی فەرهەنگی فەلسەفی:**

**ئایدیۆلۆژیا** Ideology [٨]

بریتییە لـە زانستی ئـایـدیۆلۆژیا (زانـستی بیرۆکـەکان) بوارەکەیشی بریتییـە لـە لێکۆڵینـەوەی بیرۆکـەکان و ماناکـان، تایبە تمەنـدیی و یاساکانی و پەیوەندییەکانی بەو نیشانانەی کە گوزارشـتیان لێ دەکـات و توێژینـەوە لـە بنـچینەکانی بەشـێوەیەکی تـایبـەتی، وەکـو (دەسـتوت دوتـراس) وێنـای کـردووە، هـەروەها بەشـیکار و گفتوگـۆی ئـەو بیرۆکـە ئەبستراکتانە دەوترێت کەلەگەڵ واقیعدا ناگونجێن.

سەرەنجام، هەموو چالاکییەکی هزری دەکرێ ببێتـە ئایدیۆلۆژیایـەکی دیـاریکراو چ لـە بـواری فەلـسەفە بـێ یـان لـە بوارەکـانی ئـایینی یـان کۆمەڵایەتی یان هەر بوارێکی دیکە، ئەگەر لە ڕوانگەی تـاك بـێ یـان لـە ڕوانگەی کۆمەڵەوە بێ، ئەمەش کاتێك دەبێ کـە ئـەو بیروبـاوەڕانـە بوونـە شێواز و جۆری بیرکردنەوەی خەڵکەکە. [٩]

هەواڵنامەی کتێب

■ دووەم :

# ئایدیۆلۆژیا و مرۆڤ

هەواڵنامەی کتێب

( أ ) ـ ئـەو هەڵوێـستانەی مـرۆڤ بڕیـاری لەسەر دەدات لـە ژیانیـدا زۆرن، ئەگـەر لایەنـە دوور و درێـژەكانیان لێ دوور بخەینـەوە، سـەرنجمان دایـە مانا بنچینەییەكەی له ئاست دیاردەكانی ژیان، دەكرێت دابەشی بكەینـە سەر دوو جۆر: (١٠)

هەڵوێستی سوودگەرایی ( منفعية ) و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانه.

هەموو ئەو كارانەی مرۆڤ پێی هەڵدەستێت دەكرێـت راڤـەكردنی بـۆ یـەك لـەو دوو هەڵوێـستە بگەڕێتـەوە ( شـارلس بـیرس ) سـێ نموونـەی ئـەقڵی مرۆڤـایەتی دیاریكردووە:

ئەقلییەتی بازرگان، ئەقلییەتی هونەرمەند، ئەقلییەتی پیاوی زانست.

* یەكەمیان: دەڕوانێتە خەڵك و شتەكان وەك كەرەستـە بـۆ كۆكردنـەوەی پارەو پول و سامان.

* دووەمیـان: دەڕوانێتـە ئـەو ئاکارانـەی جێگـای سـەرنجدانن لەخـەڵك و شـتەکان وەك کەرەسـتەیەك بـۆ دروسـتکردنی ئـەو شـێوانەی گوزارشـت لەجوانییان دەکات.

* سێیەمیان: کاریگـەر دەبێت بەجووڵـەی سروشت، بەپەرۆشـەوە هـەوڵی دۆزینەوەی بنەماکانی بەڕێوەچوون و بزواتەکەی دەدات.

بەلام (بیرس) لەبیری چووە نموونەی شۆڕشگێڕی بـاس بکـات کـە مانـا دەبەخشێت بـە خـەڵك و بەشـتەکان، بـەلام دەکرێـت مانـای هونەرمەنـد بگەینرێتـە شۆڕشگێڕ، لەبەر ئـەوەی شۆڕشـگێڕ لەڕاسـتیدا هونەرمەنـدە بەجۆرێکی تـر، لـەو مانایانـەی دەیبەخشێتە دەوروبەرەکـەی جۆرێـك لـە جۆرەکانی جوانکاری دەگەیەنێت.

لە فەرهەنگی (معجم علـم الأجتمـاع) پێناسـەی هەڵوێـستی سـوودگەرایی بەم جۆرە کردووە .(١١)

مەبەست لە هەڵوێستی سوودگەرایی (منفعیة) بـەدیهێنانی گـەورەترین رادەی خۆشـییە بـۆ گـەورەترین ژمـارەی خـەڵك، ئامـانجی مرۆڤایـەتی راستەقینە بەدەستهێنانی زۆرترین رادەی سوود وەرگرتنە.

بەباوەڕی (بینڤام) هاندەرە باشـەکان، ئـەو هاندەرانـەن کـە ئاراسـتە دەکـرێن بـەرەو بـەدیهێنانی هاوسـەنگییەك لـەنێوان بەرژەوەنـدی تـاك و بەرژەوەندی ئەوانی تر.

(أ) ـ چەمکەکانی هۆشیاری، رەوشت، رەوایی، هەڵوێستەکان.

هۆشیاری بەواتای درك پێکردنی مرۆڤ بەخودی خۆی و دەوروبەرەکەی، درك پێکردنیکی ڕاستەوخۆ کە دەبێتە بنچینەی هەموو زانینێك، دیاردەکانی هۆشیاری سێ جۆرن، بریتین لە: درك پێکردن و زانین، ویژدان، ڕەوت و ویست، هەرسێ دیاردەکە پەیوەستن بەیەکەوە پەیوەستییەکی تەواو. [١٢]

هەموو کۆمەڵگەکان ملکەچی جۆرە ڕەوشتێك دەبن، ملکەچی کۆمەڵە بنەمایەکی جیاوازن لە ڕێکوپێکی، کە لایەنی ڕاست و چەوت، قەدەغەکراو و ڕێگا پێدراو دیاری دەکات، ئەو بارە وا ناگەیەنێ کە لە هەموو کۆمەڵگەیەك دەرفەتێك بۆ گەشەپێکردنی بیرکردنەوە دیاریکراوە، هەوڵبدرێت بۆ دیاریکردنی ڕەفتارێکی سەربەخۆ.

لە سەردەمەکانی پێشوو یۆنانیەکان، دیدو تێڕوانینیان دەربارەی ڕەفتار، توانـاداری و شـارەزایی پێوە دیار بووە، باوەڕیان وابووە کە بابەتی ڕەوشت، ڕەوشتی تاك، جێگای جیاکردنەوە نییە لە بابەتە سیاسییەکان، لە بابەتی ڕێکخستنی کۆمەڵ و دادوەری، بابەتی سیستم، بابەتی پێگەی مرۆڤ لە گەردوون. [١٣]

لەم بارەوە زانای بەناوبانگ – ماکس ڤیبر – دەڵێت: [١٤]

ئەو هۆشیارییەی کە لەهزر و ئایین و زانست و فەلسەفە و بیرو باوەڕەکانی بەرجەستە دەبێت، ئەو هۆشیارییە باری ڕاهاتووی

کۆمەڵایەتی بۆ تاك و بۆ کۆمەڵگە (واتا، کاروباری ماددی، بیروباوەڕەکان، ڕەوشتەکان، بەهاکان...) دیاری دەکات.

گوێڕایەڵی مرۆڤ بۆ یاساکان کارێکی روون نییە، بەڵام شەرعییەتی دەسەڵات لە هەر کۆمەڵگەیەك کارێکی وادەکات کە هەموو شتێ بەو شێوازە بەڕێوەبچێت.

ئەگەر باس لەم سەردەمە بکرێت، زۆر باش ئاگادار دەبین کە شەرعییەت خۆی دەسە پێنێت بە پشتیوانی ئەو یاسایەی کە هەیە لە هەر کۆمەڵگەیەك و گوزارشت لە ویستی گشتی دەکات.

دەکرێت بووترێت کە ڕەوایی – شەرعییەت – سەربەخۆییەکی ڕێژەیی هەیە لە ئاست شێوازەکانی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان (بەرهەمهێنان – پەیوەندییەکان ...) دەمێنێتەوە وەك ئامرازێکی چەوساندنەوە لە خزمەتی چینێکی دەسەڵاتدار، ئەم کارە تەنها دووبارەکردنەوەی یەکسانبوونە لەنێوان گوێڕایەڵی و ئازادی و دووبارە دەرکەوتنییەتی لەجێگایەکی تر. (١٥)

هەڵوێستی مرۆڤ لەئاست ئەو دیاردەو چەمکانە، وەك دەربڕینێك دەبێت لە شێوەی جیاکاری کردن یان هەڵسەنگاندن، هەڵوێستەکان بارێکی نەقڵانین، دەکرێت ڕاستەوخۆ سەرنجی بدرێتێ، چونکە لە ڕەفتارەکان بەدەر دەکەوێت. (١٦)

زاراوەی هەڵوێست وەرگرتن مانای نوێی لێ پەیدا بووە لەم سەردەمەدا، لەوانە بەدەنگەوە هاتنی تاك بۆ وروورژێنە دەرەکییەکان بەڕێگایەکی دیاریکراو، هەروەك قوتا بخانەی رەفتاری بۆ دەروونناسی باسی لێکردووە. (١٧)

أ ) هۆشیاری کە بەرزترین پلە و پایەکانی مرۆڤە لە دەرکەوتن و لە گەشەکردن، متمانە دەکاتە لەسەر ناتەبایی هزر لەگەڵ ئەریتگەری لێرەدا، هۆشیاری لەنەشونماکردنی پێویستی بە دۆخێك لە دڵەڕاوکێ و گرژی هەیە کە هاوسەنگی نەزانێت، هۆشیاری پشت بە هاوسەنگییەکی شێرزە بۆ گۆڕاو دەبەستێت، مرۆڤی هۆشیار لە ئاییندەدا دەژێت زیاتر لەوەی لەئێستادا بژێت، ئاییندەی پڕ لە بەڵێن و هەڕەشەکانی پێ گرینگترە لەخۆشییەکانی ئێستای.

ئەوی بەهای مرۆڤ دروستدەکات ئەو ڕاستییە نییە کە لە مێشکدایە، یان بەزانینی خۆی خاوەنییەتی، بەڵکو ئەو ململانێ عزریانەیە لە پێناو نزیك بوونەوە لێی، لەململانێدا، بەرەو راستی، یان بەرەو شێوەیەك لە شێوەکانی ئایدیۆلۆژیا ئەوا ئەو هێزانەی گەشە بە (کامل) بوونی مرۆڤ دەدەن تواناداردەبن. (١٨)

ب ) لە دیدی هەموو ئایدیۆلۆژیاکان، مرۆڤ لەدۆخێکی ناتەواودا دەژێ، پێویستە ئەو دۆخە تێپەڕ بکات، بە تێپەڕکردنی مانای تەواوبوونی (Complebe) خۆی بەدی دێنێت، ڕەنگە ئەم تێپەڕ

بوونەش روو نەدات لە مێژوو هەروەك ئايينەكانی ( مەسیحیەت، ئیسلام ) بۆی دەچن، ڕەنگە و دەكرێ رووش بدات لەدیدی هەندێ بیروباوەڕەكانی وەك ( كۆنفۆشیوشیەت )، لیبرالیەت، نازییەت، هیگلیەت،... )

لەهەمان كاتدا ئەو ئایدیۆلۆژیانە باوەڕیان بەڕوودانی ئەو دیاردەیە گومانی تێدا نییە و ڕوودانەكەش مێژوو دەیسە پێنێت .[١٩]



هەواڵنامەی کتێب

## ■ سێیەم:

# ئایدیۆلۆژیا و ناسیونالیزم

أ ) گومانی تیادا نییە کە بابەتی نەتەوایەتی ڕاستییەکی هەبووە، کاریگەرییەکی راستەقینە و گوزارشتێکی روون و ئاشکرای هەیە لە هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و رۆژانەی میللەتان.

کۆمەڵێ لە توێژەر و شارەزایانی بواری نەتەوەکان لەو باوەڕەدان کە وشەی نەتەوەکان لە زاراوەی ( Oligologie ) ئۆلیگۆلۆژی وەرگیراوە، کە وشەیەکی یونانیە و بەمانای ( ژمارەیەکی کەم ) دێت، بەلام لە سەرەتادا ئەم وشەیە تەنیا باسی لە ژمارەی نەتەوەیی دەکرد و هیچ پەیوەندییەکی بە کەمینەکانی کۆمەڵایەتییەوە نەبووە.[٢٠]

گوێڕایەڵی و پەیوەستی لەنێوان مرۆڤ و کەس و کار و هۆزەکەی کە بە جۆرێك لە سۆز و جووڵە لە سەرەتای هۆشیاری مرۆڤەوە زانراوە. ئەو جۆرە هەست و بۆچوونانە دەربارەی چەمکی نیشتمان لە قۆناغە دوواییەکانی پەرەپێدانی مرۆڤ سەریهەڵداوە و گەشەی کردووە، بەلام چەمکی نەتەوایەتی بۆچوونە نوێیەکە ناگرێتەوە، نیشتمان پەروەری شتێکی جیاوازە لە نەتەوایەتی و لە پێشتر دابووە.

لای یۆنانییــەکان ( لــە ســەردەمە کۆنــەکان ) هەســتەکانی نیــشتمان پەروەریتی بەمەبەستی گوزارشتکردن لـە دامـەزراوەکانی وەك ( ریکخستن کۆمەلایـەتی ) و ( پەیوەنـدی نیـوان هاولاتیـان ) و ( رۆلـی هاولاتیـان لـە ریکخستن ) بەکارهاتووە کـە زۆر نزیکـە لـە دیـاردەی ئـەو ناسیونالیزمەی ئەمرۆ دەیزانین، بەلام دوو رەگەزی بنچینەیی کەمە : [٢١]

یەکەم // چەمکی نەتەوە و تیگەیشتن لەو چەمکە.

دووەم // چەمکی سەروەری نەتەوە.

ئەو دوو رەگەزە نەهاتنـەدی تـەنها لـە مـاوەی پـیش شۆرشـی فەرەنـسا نەبیت کە بە سەردەمی رۆشنگەری ناسرا لەسەر بنەمای هزرەکـانی رۆسـۆ و بیرمەنـدانی تـری فەرەنـسا و ئینگلیـز، هـەروەها پـاش دامەزرانـدنی دەولەتی هەریمایەتی و پیکهـاتنی کەسـایەتییە مەعنەوییەکـەی لەگـەل دەرکەوتنی چەمکی نویی سەروەری.

بـیری نەتەوایەتی،ئایدیۆلۆژیایـەکی رووت نییـە کـە رووییـەك لـە رووەکانی سیاسەت یان فەلسەفە یاخود رۆشنبیری [٢٢] بخاتە سـەردەمیکی میژووییەوە، بـەلکو ئامادەییـەکی سـەرجەمگیری تـاکـەکانی نەتەوەیەکـە یـان گەلیکـە لـەژیر پاسـاویکی ئـایـدیۆلۆژی و هەنـدیك جـار سیاسـی و هەنـدیك جـاری دیکـەش فەلـسەفەی و هەنـدیك جـاری دیکـەش لـە چوارچیوەی کۆبوونەوە و ئامادەبوونیکی نیشتمانی و میژوویی.

ئەم چەمکانە لە رووی جێبەجێکردنەوە بۆ یەکەم جار لـە مێـژوودا لـە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا یەکلاکراونەتـەوە، کـاتێ کاریگـەری هۆشیاری نەتەوایەتی – تیادا بەدەرکەوت- بەمە سەلمێنرا کە یەکـەم بزووتنـەوەی نەتەوایەتی بە مانای نـوێی چـەمکەکە ئەوەیە کـە لـە شۆڕشـی فەرەنـسا دەسـتی پێکـرد، هـیچ گومـانی تێدا نییـە بـەوەی کـە ڕەگـەزی هۆشـیاری نەتەوایـەتی، خولقێنــەری ویـستی نەتەوایــەتی و بنــەمای بزاڤــی نەتەوایەتییە نەك هیچ ڕەگەزێکی تری بابەتی یان مەعنەوی.

بەشێك لـەو شـارەزا و زانایانە پێیـان وایـە کـە (بـسمارك) (١٨١٥ – ١٨٩٨) یەکـەم ورووژێنـەری نەتەوایەتییـە، بیروڕاکـان زۆرن و باسـی لـە رۆڵی کاریگەری هەر یـەك لـە بـسمارك لە ئـەڵمانیا، کـافور لـەئیتالیا و ناپلیۆن و شۆڕشی فەرەنسا دەکرێت لە مـاوەی کاریگـەرییان بەسـەر هـزری نەتەوایەتی.

لــە فەرهــەنگی (جــودی) بــەڕێز مــسعود عبــدالخالق لــەم بــوارەدا نووسـیویەتی: پرۆسـەی پەرینـەوەی ئینتمـای مـرۆڤ لەخێڵـەوە بـەرەو نەتـەوە، وەرچـەرخانێکی سـادە نـەبووە، کۆمـەڵێك گۆڕانکـاری ڕیشەیی لەسـەر خـان و ژێرخـانی کۆمـەڵیش لەگـەڵ خـۆی را پێـچکردووە، کـە بوارەکانی سیاسی، ئـابووری، کۆمەلایەتی، رەوشتی و هـزری و کەسـایەتی گرتووەتەوە. (٢٣)

ب ) بیرورا و بۆچوونەکانی ( ژان ژاك رۆسۆ ) لەلایەن زۆرینەیەك لە شارەزایان بە سەرەتای راستەقینەی هزرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت، کە ناوەرۆکی هزری نەتەوایەتی تازەی لێ هەڵقووڵێوە، ئەگەرچی سەرچاوەکان ناوی ژمارەیەکی تری زۆر لەو بیرمەندانە دەبەن، وەك: بیرمەندی ئیتالی ( بترارك ) و بیرمەندی ئینگلیزی ( ئیتون ) و ( هارۆی ) و ( ویتسمینسەر ) و ( ئەرشت رینان ) کە نووسینەکانیان جێگای رێزو توێژینەوە لەسەر کردنە.[٢٤]

بۆیە سەرەرای رۆڵی رۆسۆ لە گۆرینی چەمکی سەروەری بۆ بنەمای ( سەروەری نەتەوە ) بەهۆی تیۆری ( پەیمانی کۆمەڵایەتی ) و بیرۆکەی ( ویستی گشتی )، دیدی رۆسۆ دەربارەی قەوارەی سیاسی پەیوەست بە بنەمای ئازادی هاوڵاتیان، هەروەها بیرۆکەی دەربارەی زەرووەتی یەکسانی لەنێوان رۆڵەکانی یەك کۆمەڵگە، کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لەسەر ئەو بیروباوەرە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی هاوشانی بزووتنەوە نەتەوایەتییە نوێیەکان بوونە.

بە پێی بۆچوونی رۆسۆ:[٢٥]

کۆمەڵگەیەك کە ویژدانی مرۆڤەکانی رێنمایی دەکات کۆمەڵگەیەکی ئالۆژییکیە. رۆسۆ بەتیۆری ( پەیمانی کۆمەڵایەتی ) بەتەواوی پابەندە و گرینگترین بەرهەمی سیاسیانەی ئەوە.

رۆسۆ دەڵێت: بـەبێ ( پـە یمانی کۆمەڵایـەتی ) تێگەیشتن لـەم خاڵـە ئەستەمە کە بۆچی کەمایەتی دەبێ ملکەچی خواستی زۆرینـە بێت، دیـارە ئاشکرایە کە بە پێی باوەڕی رۆسۆ پرەنسیپە تۆمارکراوکان لـە ( پـە یمانی کۆمەڵایەتی ) تەنها لەو کۆمەڵگە نموونەییەی ئەو لەبـەر چـاوی گرتـووە بەدی دێت، گرینگترین پرەنسیپی تیـۆری پـە یمانی کۆمەڵایـەتی بریتیـە لەوەی کە هەموو ئەو کەسانەی بڕیارە گوێڕایەڵی یاسابن دەبێ ئەوانە بـن کە لە بڕیاردان لەسەر ئەو یاسایە بەشداریان کردبێ.

**بە بۆچوونی رۆسۆ:**

تـاك تەنها کاتێ دەتوانێ ئازادبێ کـە گوێڕایـەڵی دەوڵـەت بێـت و لـەو ڕێگایەشـەوە گوێڕایـەڵی ویـستی گـشتی پەسـەندبکات، مـرۆڤ لـەڕێگای پەیڕەوکردنی لەیاسـاکانی دەوڵـەت، دەتـوانێ ئـازادی بـیروڕای سروشـتی خۆی بەدەست بهێنێ.

ج ) زۆرینـــەی نەتـــەوەکانی ســـەدەی بیـــستەم لـــە وڵاتـــە گەشەسـەندووەکان، لـە بنـچینەدا، وەك بزووتـنەوەیـەکی ڕزگـاریخوازی نیـشتمانی دژ بـە داگیرکـاران بەرپابوونـە، ناوەڕۆکـە کۆمەڵایـەتی و سیاسیەکەیان تەنها رۆڵێکی لاوەکی هەبووە لـە قۆنـاغـە سـەرەتاییەکان،

کە لە ڕاستیدا لەهەندێ پرەنسیپ و تیۆری تایبەت بەڕێکخستنی سیاسی پێکهاتووە.

بەڵام ئەم بزووتنەوانە گۆڕان بەرەو شۆڕشە کۆمەڵایەتیە سیاسییەکانی دژ بەباری ڕاهاتوو، سەرەڕای ئەوەی کە بزووتنەوەی ڕزگاریخواز بوون دژ بەداگیرکاری، بەواتایەکی تر بزووتنەوە نەتەوایەتیەکانی سەدەی بیستەم لەئاسیاو ئەفریقیا گۆڕان و بوون بەشۆڕش و ڕاپەڕین دژ بەو بارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە دواکەوتووە.

د) سەرکردە ناسیونالیستەکان ئەوانی ڕابەرایەتی ئەو بزووتنەوانەیان دەکرد، داکۆکیان لەسەر گرینگی [٣٦] پارێزگاری ڕەگەزەکانی کەلتووری باو و بەها مەعنەوییەکانیان دەکرد، پارێزگاری کردنی کەسایەتی نەتەوایەتی و پاك ڕاگرتنی کەلە پوریان لا مەبەست بووە، هەروەها پیاهەڵدان بەو بەشدارییەی کە کەلتووری نەتەوەییان کردوویەتی لە شارستانییەت و جەختکردن لەسەر پایە بەرزی ئەو شارستانیەتە دێرینە، وەك لایەنێکی هۆشیاری و ئایدیۆلۆژی ئەو بزاڤانە.

سەرکردە ناسیۆنالیستەکانی ئەو بزووتنەوانە، نوێنەری خودی چینێك لە چینە کۆمەڵایەتییەکان نەبوونە، بەڵکو لە زۆربەی دۆخەکاندا لە چەند توێژێکی ژمارە کەمی دانیشتووان پێکهاتوون، ئەو پێکهاتەیە

گـــۆڕانی بەســـەر داهـــاتووە لـــە قۆناغێکـــەوە بـــۆ قۆنـــاغێکی تـــری پێشکەوتووتر.

لـە قۆناغـە سـەرەتاییەکان لایـەنی زاڵ بـوو بەسـەر ئاما نجـەکانیان بریتی بووە لە زرگاری و سەربەخۆیی، لـەم قۆناغـەدا سـەرکردایەتی لـە دەستی کەسـایەتی کۆمەلایـەتی و ئایینیـە نەریتگەرییـەکان بـووە، کـە بەشـداریان لـە تێکۆشـانی نیـشتمانی کـردووە، بـەلام لـە هـەمان کاتـدا گـــرینگ بـــووە لایـــان، پارێزگـــاری کردنـــی بـــارە راهاتووەکـــەی بەرژەوەندییـەکانی خۆیـان بکـەن، بۆیـە ئـەم بزووتنەوانـە تاڕادەیـەکی گەورە هەلگری دروشم و ئاما نجـە کۆمەلایـەتی و ئابوورییـەکان نەبوونـە بەڕاستی، لە قۆناغەکانی دواتـری ئـەو بزووتنەوانـە گۆڕانکـاری بەسـەر سروشتیاندا هاتووە، ناوڕۆکێکی کۆمەلایەتی جەماوەری گرتووەتە خۆی، لە زۆربەی بارودۆخەکاندا سەرکردایەتی کردنیان گوازراوەتەوە بۆ دەسـتی توێژێکی رۆشنبیری نیشتمانی پەروەر.

٥) ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو بزووتنـەوە نەتەوایەتیانـە لە ولاتـانی گەشەسەندوو ناکرێت یەکلابێتـەوە وبـچەسپێت تـەنها ئەگـەر هـەلگری ئاکـار و تاییە تمەندییـە نیـشتمانییەکان بێـت و هـەلقوولێوی باری راهاتووی ئەو ولاتە بێت و لەگەڵ پێداویستییەکانی گونجاو بێت.

پاشانیش ئەم لایەنانە بگرێتە خۆی:

پێویستە کەلتوور و کەلەپووری نەتەوایەتی ناوڕۆکی ئەو بزووتنەوە نەتەوایەتیانە پێك بێنێت، توانای ڕیکسختن و ورووژاندنی جەماوەریان هەبێت بۆ پشتگیری کردن و هۆشیارکردنەوە بەخودی بوون و بە مافەکانیان.

هەڵگری پەیامێکی تایبەت بن بۆ گەل، کە پەیوەست بێت بەکاروانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی، بە وشەیەکی تر خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی شۆڕشگێڕانە و ڕەسەن بن.

تاقیکردنەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە ڕێکخستنی سیاسی یان سیستمی دەسەڵاتداری لە هەر بزووتنەوەییەکی نەتەوایەتی لەو وڵاتە گەشەسەندووەکان پێویستە لەگەڵ ڕادەی هۆشیاری و ڕۆشنبیری و ماوەی فراوان بوونی چالاکییە ڕۆشنبیری و هۆشیارییەکان گونجاو بێت.

کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان کە لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری جیاوازدا دەژین، هەموو ئەو بارودۆخانە[٢٧] کارتێکردنیان بەسەر تێکڕای پرۆسەی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیەوە دەبێت، بە هەردووە باری ( پۆزەتیڤ و نەگەتیڤەوە ) .

لەم بوارەدا چەندین فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی ڕۆڵی کاریگەریان دەبێت بەسەر پرۆسەکەدا .

سیاسەتی ناوخۆیی لە هەر وڵاتێکدا کە لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراودا دادەڕێژرێت و پیادە دەکرێت، کاتێ ئەو

ئایدیۆلۆژیایە روون نەبێت یـان لـەرزۆك بێت ئـەوا رەنگدانـەوەی بەسـەر هەموو پرۆسەی گەشە پێدانە نەتەوایەتیەکە دەبێت.

## ▪ چوارەم:

## ئایدیۆلۆژیا و ئایین و باوەڕ

أ ) باوەڕ ( عەقیدە ) لەڕەوتە گشتیەکەیدا بەمانای کۆمەڵێك دەقـی ئایینی پیرۆز دێت کـە لـە کێشەکانی ژیـان و دواڕۆژدا دەکۆڵێتـەوە، ئـەو دەقانـەش لـە ناوەڕۆکـدا بـۆ ئـەوە هـاتوون کە پـەیامێکی ڕێگە پێـدراوی هێماگەری کراوە بەسەر ( رەهادا ) پێك بێنێت، یان بـریتین لـە پـەیامێکی پاکی بالاتر لە بەرژەوەندیە خۆ پەرستەکانی مرۆڤ.(٢٨)

بەڵام ئایدیۆلۆژیای ئایینی لەڕەوتەگشتیەکەی، مانای کۆمەڵە راڤـە و روونکردنەوە و لێکدانەوەیەك دەگەیەنێت کە بە پێی ئـەو دەقـە پیرۆزانـە ڕوویانداوەو روو دەدەن، لەلایەن تاك و دامەزراوە پسپۆڕەکان بەمەبەسـتی بەکارهێنانیان بۆ بەرژەوەندی هێزە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکان.

ئەو روونکردنەوە و راڤەکردن و لێکدانەوانـە لـەڕێرەوی پەرە پێـدانی و ئاڵ و گۆڕەکاندا بەشێوەیەکی پراکتیکی و تیۆری بە وابەسـتەی ململانێیـە

هەواڵنامەی کتێب

کۆمەڵایەتییـەکان دەمێنێتـەوە کـە لـە بـواری بەرژەوەندییـەماددی و مەعنەوەییـەکان روویانـداوە، ئەگـەر ئـەو بەرژەوەندییانـە چیناتیەتی/ تائفی، مەزهەبی، رەگەزی بێت کـە ئاشکرا و روونـن لـە دۆخـە سیاسـی و ئابووری و رۆشنبیرییەکان.

لەبەر ئەنجامدا ئەوەی داواکراوە لە ئایدیۆلۆژیا، پـەیامێکی ئـایینی بێت، هەوڵبـدات بـۆ کورتکردنـەوەی بـواری دەربڕینـی دەقـە پیرۆزەکـە و هێماگەریە کراوەکەی، بۆ ئەوەی بگۆڕێنە دەقی دارێژراوی بـێ گیـان، یـان ئەو یاسا جێگیرانەی یەك ناگردنەوە لەگـەڵ نیشانەکانی جـۆری گـۆڕان و پەرەپێدان کە تووشی کۆمەڵگە دەبن لە ماوەی مێژوودا.

ئایدۆلۆژیا بـە پێی ئـەو چەمکە پێویستە کـار بـۆ گونجانـدنی دەقـی پیرۆز بکات لەگەڵ بەرژەوەندی بکەری کۆمەڵایـەتی ئـەو ئایدیۆلۆژیایـە، ئایدیۆلۆژیای ئـایینی ئیسلام دوو ڕەوتـی وەرگرتـووە، ئەوانـەی لـە بەشـە ( مەکیە )کەی قورئـانیان کۆڵیوەتەوە واتە ( ئیمان ) ئـەوە فیکـری ئیسلامی پێ دەوترێ.

ئەوانـەی لـە بەشـە ( مەدینـە )یەکـەی قورئانیـان کۆڵیوەتـەوە واتـە ( شەریعەت ) ئەوا فقهیان پێووتـوە، کەوابێ ( فقـە ) و ( شـریعە )ت لەیـەك جودان، ئەوەی یەکەم لەخانەی ئایدیۆلۆژیای ئایینی دەبێت نەك دووەم.

ب ) بـەراوردێك لـەنێوان ئایـدیۆلۆژیا و بـاوەڕ، حاڵـە هاویـەش و جیاوازەکانی نێوانیان: [٢٩]

---

١- نـــاوەڕۆكی ئايـــديۆلۆژياكان هەنـــدێ جـــار وەك ئـــەوەی پەيوەندييان بە گوتارە لۆژيكييەكانی مەزهەبەوە بێت.

٢- هەردوو ئايديۆلۆژيا و ئايين بەبراو بوون كۆمەڵە پێوەرێكی ديـاركراو (سيـستمە گـشتييەكان) لـەخۆ دەگرێـت، لەهەلومـەرجی تايبەتدا.

٣- تيۆرييـــە مەزهەبييـــەكان لەســـەر بناغـــەی سيـــستمە لاهوتييەكان دادەمـەزرێن و كـەمتر ڕوو دەدات وەك ئايـديۆلۆژياكان تەنها لەم جيهانەدا جێگيربن.

٤- لە وانەيە باوەڕێك (مەزهەبێك) بتوانێ ڕوانگەيەكی وێنەيی بخاتـە ڕوو، بـەڵام بـە ئاسـانی نـاتوانێ بەرنامەيـەكی سياســی پراكتيكی بخاتە ڕوو.

٥- مەزهەب زياتر جەخت لەسەر باوەڕ و عيبادەت دەكات و داوای خوا پەرستی دەكـات و ئاما نجەكـەی بريتيـە لـە زرگـاركردن يـان پاككردنەوە و پاڵاوتنی ڕۆحی مرۆڤ.

(ئەو باسكردنەش تـەنها ئـەو ئايينانـە دەگرێتـەوە كـە بـاوەڕن (عقيدە) بێ شەريعەت وەك ئـاييني مەسيحی، بـوزی، تـاوی، بـەڵام ئايينی ئيسلام و ئـايينی يـەهودی، ئەوانـە هـەر ڕوحـی نـين بـەڵكو

پەیوەندی مرۆڤ بەمرۆڤیش دیاری دەکەن، واتە تەنها خوا بەرستی و ئومێد بەدوارۆژ نییە، بەڵکو ئیش و کاروباری دونیاشە ).

٦- هەنـدێ لـە مەزهەبـەکان خۆیـان بـە سـەروش (وەحـی) دەبەستنەوە، لەکاتێکدا ئایدیۆلۆژیا هەمیشە وا گوتراوە کە لەسەر بنەما ئەقڵییەکان دامەزراوە.

٧- هەردووکیان (ئایدیۆلۆژیا و ئایین) پەیوەندی کۆمەڵایـەتی لەنێوان باوەڕدارانیان پێکدەهێنن و یـەکیان [٣٠] دەخـەن و پێکـەوە لکانێکی ئۆرگانی لەنێوانیاندا بەدیدێت.

٨- ئایـدیۆلۆژیا و ئـایین لـە مژدە پێـدان بـەجیهانێکی دیکـە بەیەکتری دەگەن.

٩- ئایـدیۆلۆژیاکان وەك ئایینـەکان لـەدوای یـەکبوون لـە کاروانیانـدا رووبـەڕووی پـەرتبوون و جیابوونـەوە دەبـن، ئـەو جیاوازیانەش لەدوو دۆخدا دروست دەبن جیاوازی و ملکەچی واقیع بۆ دەقەکان یان بە پێچەوانەوە ملکەچی کردنی دەقەکان بۆ واقیع.

١٠- لەکاتێکدا ئایدیۆلۆژیا سوورە لەسـەر گـۆڕینی واتـاکـان بـۆ ڕووداوەکان، ئایین وا بەباشتر دەزانێت واتاکانی بۆ هیواکان بگۆڕێت، لێرەوەیە خەڵکی وەڵامی بانگەوازی مژدە بەخشیەکان دەدەنـەوە و

لەو کاروانەدا بەردەوام دەبن کە دەیەوێت داهاتوویەکی ئاسوودە دابین بکات.

١١- زۆر جار ئایدیۆلۆژیاکان لەلایەن چینی سەرەوە دادەڕێژرێن، لەکاتێکدا ئایینەکان لەنێوان خەڵکە ڕەشۆکیەکەدا دروست دەبێت.

١٢- ئایدیۆلۆژیا نوێیەکان ناتوانن شوێنی ئایینەکان بگرنەوە.

ج) (مەکسیم ڕۆدنسون) بەم شێوەیە لە بارەی پەیوەندی نێوان ئایدیۆلۆژیا و ئایینەوە دەدوێ:(٣١)

بزووتنەوە ئوسولیەکان پێکهاتەی ئایدیۆلۆژین و هەمان ئەو یاسانەیان بەسەردا پراکتیزە دەبێت کە بەسەر هەموو بزاڤە ئایدیۆلۆژییەکاندا پراکتیزە بووە و لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەدی هاتوون، بەڵام ئەگەر بچینە ناو بزووتنەوە داخراوەکانی ئیسلامی سیاسی (بۆ نموونە) ئەوانە تایبەتمەندی ڕەهایان هەیە جیایان دەکاتەوە لە سەرجەم ئەوانی دیکە ئەوسا ئەوە ئێمە قەت لە ڕاستیەکەی تێنەگەیشتووین، بەڵکو دەبێ بەراوردی بکەین بەهەموو ئەوانەی پێشوودا، دواتریش لە بزووتنەوە ئایدیۆلۆژیاکان چ ئەگەر مۆرکێکی ئایینیان هەبێت یان عەلمانی یاخود مارکسی.

دیارە ئایینی کریستیانیش ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی بوو بەر لەوەی پرۆسەی عەلمانیەت ڕوویدات و ئایین لە دەوڵەت جودا بکرێتەوە لە

سەردەمە تازەکاندا و هەر ئەوەش بوو شەرعیەتی ئایینی دادەمالّی لە دەسەلاّتی پاشاکانی فەرەنسا یان ئەوروپا بەتەواوی، هەروەکو ئێستای جیهانی ئیسلامی، پاشاو ئیمپراتۆرەکان لەبەردەم ( پاپا ) دا سەریان دادەنواند لەبەر ئەوەی ناوبراو نوێنەرایەتی دەسەلاّتی رۆحی دەکرد، ئەوانیش نوێنەرایەتی دەسەلاّتی زەمەنی یاخود دەسەلاّتی سەر زەمینی، لەبەر ئەوەی ئایدیۆلۆژیای ئایینی پێی وابوو جیهانیکی تر لە پشتی ئەم جیهانەوە هەیە کە پاپا نوێنەرایەتی دەکات و پاشاکان نوێنەرایەتی ئەم جیهانە دەکەن.

د ) فاکتەرەکانی بلاّوبوونەوەی ئایدیۆلۆژیا ئایینیە توندڕەوەکان دەکرێت بلاّوبوونەوەی ئەو جۆرە ئایدیۆلۆژیایانە بگەڕێنینەوە بۆ کۆمەڵە فاکتەرێك کە دابەش دەبنە سەر دوو گرووپ:

١ ) فاکتەرە ناوخۆییەکان کە پەیوەستن بە سیستمی سیاسی و کۆمەلاّیەتی ئەو ولاّتانەی ئەو جۆرە ئایدیۆلۆژیایانەیان تیادا گەشە کردووە وەك سەرنەکەوتنی ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیزمی، هەروەها پیادە نەکردنی سیستمی دیموکراسی راستەقینە و تووشبوونی ئەو سیستمانە بە چەندین هەڵە و کەم و کورتی وتەشەنەکردنی دیاردەی گەندەڵی.

٢ ) فاکتەرە دەرەکییەکان، کە خۆی دەنوێنێ لە ململانێی نێودەوڵەتی و چارەسەر نەکردنی کێشە هەرێمایەتی و نێو دەوڵەتیەکان، پشتگیریکردنی ئەو گرووپە توندڕەوانە لەلایەن چەندین دامودەزگای فەرمی دەوڵەتی.



هەواڵنامەی کتێب

# ▪ پێنجەم:

## ئایدیۆلۆژیا و ئازادی

أ) زاراوەی ئـازادی (Liberty):- سەرچـاوە لاتینیەکـەی زاراوەی (Libertes) کە بەواتـای نەبوونی کۆت و بەندو زۆرداری دێت.

ئـازادی رەوش و هەلومەرجێکـە کـە مـرۆڤ لـەو رەوشـەدا، هەسـت بـە قورسـایی دەسـەڵات ناکـات، هـیچ دەسـەڵاتێك نـاتوانێ بەربەسـت بـێ لەبەردەم جموجۆڵی زاتی و سروشتی مرۆڤەکاندا.

لـە بـواری کۆمەڵایەتییـەوە ئـازادی چـەندین جـۆری جیـاوازی هەیـە: ئـازادی سیاسـی، ئـازادی ئـابووری، ئـازادی کـەلتووری...هتـد، هـەروەها چـەندین لایـەنی جۆراوجـۆری هەیـە وەك: ئـازادی رادەربـڕین، ئـازادی نووسین، ئازادی کار و کردەوە، ئازادی هزر.[٣٢]

ب) عەلال الفاس لە کتێبەکەی بەناوی – لە کۆیلایەتی جەستەوە بۆ کۆیلایەتی بیر- دەربارەی ئازادی دەنووسێت: هـەموو مێـژووی مرۆڤـایـەتی بریتیە لەمێژووی ئازادی.[٣٣]

مێژووی ئازادی بەسێ قۆناغدا تێپەڕ بووه، له پیادەکردنی کۆیلایەتی و خەبات له پێناوی ئازادییەوه که لەکات و شوێن لەگەڵ شارستانیەکاندا تێکەڵکێشن.

مێژوو وامان بۆ دەگێڕێتەوه کە مرۆڤایەتی ماوەیەکی دوور و درێژی بەسەر بردووه بۆ راستکردنەوەی بارو دۆخەکانی ئازادی و راستکردنەوەی هەڵوێستی خۆی له پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی فەرمانڕەواکان و ئازادییەکانی گەلان، هەروەها مێژوو ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوه کە ململانێیەکان ئەوەندە توندبوونە تا ئەو رادەیەی هەر لایەنێك لەخەباتیدا دژی ئازادی یان لەگەڵیدا سنووری بەزاندووه، کوشتاری مرۆیی لێکەوتووەتەوه و خوێنێکی زۆر ڕژاوه.

لەدەستدانی ئازادی و خەباتکردن له پێناویدا لە قۆناغێکەوه بۆ قۆناغێکی تر له جیهاندا پەرەی سەندووه، بەم پێیه چەمکی ئازادی لە زرگاری جەستەییەوه بۆ رزگاری هزری گەشە دەکات.

لەقۆناغی یەکەمدا ئازادی هزر و قسەکردن بابەتێکی گرینگ بووه، زەرورەتی ئەوەی کە ئازادی قەوارەی خودی خۆی لەدەست دەدات، لە ئازادی فیکر وزمان و قەڵەمی خۆی ناکات، هەر چەندە قەڵەمیش نەبووه، هیچ گومانێك لەوەدا نییه کە هەندێکیان هەستیان بەلەدەستدانی ئازادی خۆیان دەکرد و لەناخیشیان تووڕه دەبوون، ئەگەر تووڕەبوونەکە نەبوو بێت بە تەقینەوەی دەرەکی ئەم هەسته یاخود جۆرێکی بیرکردنەوه لە

ئـازادی، تووڕەبوونیـشیان جۆرێکـە لـە قـسەکردن و دەربڕینـی داواکـانی ئازادی.

قۆناغی دووەم، کۆیلایەتی هزر و دەربڕینی لە زۆربـەی ئـەو وڵاتـانـەدا کە دووچاری ئیستعماری رەگەزپەرستی بـوون بـەخۆوە دیت، لەبـەر ئـەوە خەباتکردن لە پێناو ئازادیدا زۆر شێوەی دەگرتەبەر، کە هەموویان مۆرکی خەباتکردن لە پێناو رزگاری سیاسی و ئابووری و هزریان هەبوو، هەروەها رزگاربوون لە کۆیلەکردنی وشە و دەربڕینی هزر بوو.

کۆیلەکردنی هـزر و دەستبەسـەرداگرتنی ئـازادی لـە قۆنـاغی سێیەمدا تاییـەت نـەبوو بەوانـەی رێنمـایی دەستبەسـەرداگرتنی ئـازادی بـیر لـە دەرەوەدا دەسە پێنن، بەڵکو لەوەش تێپەڕیان کردو گەیشتنە کۆیلـەکردنی هزر لە ناخەوە.

زۆر لـە سیـستمە نیشتمانییەکان کـۆتی یاسـایی و ئیـداری دەسـە پێنن بەمەبەستی رێگرتن لەئازادی بیر و دەربڕین کە هـاو تەرییـە لەگـەڵ ئـەو کۆتانـەی بەسـەر دیموکراسـیەتدا دەیـسە پێنێ، وەك ترسـێك لـە سیستمەکەی خۆی، باوەڕی نییـە بـەتوانای خـۆی بەرامبـەر بـەئازادی بـیر کردنەوە و دەربڕین بەرگە بگرێت یان رای خۆی بسە پێنێت.

ج) ئـازاد بـوونی تـاك لـە کـۆت و داب و نەریتـەکانی جیهـانی بـاو، هـەنگاوی یەکـەم پێکـدێنێت، بـۆ بـەرپابوونی [٣٤] ئایـدیۆلۆژیای شۆڕشـگێڕانە لـە دەروازەیـەکی لـۆژیکی نـاوخۆی تونـدەوە، ئـازادی لـەم

هەبوونە نەریتگەرییە بـاوە، کـە شۆڕشگێڕ دیـەوەێت لێـی دەربـاز بێت و گۆڕانی بەسەردا بێنێت، ڕەگەزی یەکەمە لە ئایدیۆلۆژیا، هەروەها یەکـەم مەرجە لە مەرجەکانی ململانێیەکەی لەگەڵ ڕەوشە بـاوەکە.

بەڵام دیـاریکردنی ئـەو پەیوەندییـەی نێـوان هەڵوێـستی شۆڕشـگێڕانە لەگەڵ پلەی ئـەو ئازادییـەی کـە پێویـستە تـاك بەدەسـتی بێنێـت، ئـەوە کارێکی دژوارە، لەگەڵ ئەوەشـدا دەکرێـت پەیوەندییەکـەی نێوانیـان بـەم خاڵانە ڕوون بکرێتەوە.

١- ئازادی شۆڕشگێڕانە لە تاکـدا بەدەرنـاکـەوێت ئەگـەر بـەلای کـەم ڕێژەیەك لەو ئازادییە بەدی نەیەت لەو جیهانە نەریتگەرییە بـاوەی تیـادا دەژێت، لێرەدا بەردەوام کارلێککردن لەنێوان هەردوو لایەن هەیە، ڕەنگـە دەس پێبکات بە باوەڕهێنـان بـە ئایدیۆلۆژیایـەکی شۆڕشـگێڕانە، پاشـان بگاتە ئەو ڕادەیەی کە بە جیهـانی دەرەکـی ڕازی نـەبێت یـاخود دژی بێت، پاشان هەنگاو بنێت بەرەو بارێکی شۆڕشگێڕانەی پۆزەتیڤانە.

٢- لە بـارودۆخێکی مێژوویی کۆمەڵایەتـی دیـاریکراو دەکرێـت ئـازادی لەجیهانی دەرەکی بەدی بێت، کە دەبێتـە هـۆی دامـاڵینی پـیرۆزی و تـین و توانـا لە داب و نەریت و بەهاکانی ئەو جیهانـە، بـەم کـارەش گەنـدەڵی و هەڵوەشاندنەوەی ئەو داب و نەریت و بەهایانە ڕادەگەیەنێ.

٣- پلـەی ئـازادی شۆڕشگێڕانە پەیوەست دەبێت بە پلـەی ئـەو مایـە پوچـیەی تووشـی بـارە نەریتگەرییەکـە دەبێـت، بـەهۆی بـارودۆخـە

نوێیەکەوە، یان بە وشەیەکی تر بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەی بارە نەریتگەرییە کە پێکهاتە و پیرۆزییەکەی ڕەت دەکاتەوە.

٤- زۆربوون یان فراوان بوونی بواری ئازادی لە بارێکی نەریتگەری دەبێتە هۆی زۆربوون و فراوان بوونی توانای ئایدیۆلۆژیای شۆڕشگێڕی.

٥- ڕێنمایی و ئاراستەکردن بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوە و لەناوبردنی ئەو بارە نەریتگەرییە، ئامانجی یەکەمی ئایدیۆلۆژیای شۆڕشگێڕانەیە، بۆیە دەبینین هەر هاوکارییەك پەسەند دەکا کە پێی بگات لەم بوارەدا، تا ئەگەر لەلایەن دامەزراوە یان بزووتنەوە یاخود ئەو ئاراستانەی کە جیاوازن لەگەڵیدا لەڕووی سیاسی یان بیروباوەڕەوە، لێرەدا ڕەگەزێکی نزیك هەیە لەنێوان هەموو ئەوانەی لە هەوڵی خۆرزگارکردنن لەو نەریتگەرییە یان ڕوخاندنی.

٦- مژدە بەخشین بەئازادی شۆڕشگێڕانە، کارێکە لەکۆمەڵگەیەك بەدی نایێت ئەگەر دژی نوێکاری بێت، هەلومەرجەکەش یارمەتی بدات لەوەی دەیکات، لەبەر ئەوەی ڕەفتاری شۆڕشگێڕانە بەمانای ئەو نوێکارییە دێت کە سنووری بارە نەریتگەرییە باوەکە دەبەزێنێت، ئەو کۆمەڵگەیانەی کە دەسەڵاتی تەواویان بەسەر بارودۆخەکەدا هەیە ئەوانە ناکەونە دەرەوەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان، بەڵام لە کۆمەڵگە نوێیەکان هیچ بوونیان نییە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ئازادی یان هەڵوێستە شۆڕشگێڕییەکان دیاردەیەکی سروشتییە لەو کۆمەڵگەیانە. هەروەها

ڕەچاوکردنیان بەوەی سروشتین زیاتر دەبێت بەزیاد بوونی پێشکەوتن و پەرەپێدانی کۆمەڵگەکان.

٧- کاتێ ئایدیۆلۆژیای شۆڕشگێڕانە هەڵوێستی خۆی رادەگەیەنێ بە بانگەواز کردن بۆ ئازادبوون لەو بارە نەریتگەرییەی کە هەیە هەروەها هەڵوەشاندنەوەی، بێگومان بەرەو ڕووی بەرهەڵستییەکی گەورە و توند دەبێتەوە، بەڵام ئەو بارودۆخەی کە پێشتر بەدیهاتووە، ئەوا دژایەتی کردنی چەندی توند بێت توانای بەرهەڵستی کردن یان ڕێگرتنی لە فراوان بوونی ئەو ئازادییە نییە.

٨- ڕووداوەکان یاخود تاقیکردنەوە شۆڕشگێڕییەکان لە مێژوودا ئەوەی سەلماندووە کە سیستەمە پیادەکراوەکان و ئەو چینانەی نوێنەرایەتیان دەکەن، ئاگاداری مەترسییەکانی هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە نین بەهۆی ڕوون نەبوونی ئەنجامەکان، یان لەبەر ئەوەی کە کەمایەتییەکان و سیستەمە باوەکان و زیندوویەتی خۆیان لەدەست داوە کە ئامادەیان دەکات بۆ ململانێ، ئازادی شۆڕشگێڕانە ترسی لەسەر نابێت کاتێ لەدایك دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو بارودۆخەی پێی دەگەیەنێت هەر ئەو چاودێری دەکات و یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی خودی خۆی جێبەجێ بکات.

## ■ شەشەم:

# ئایدیۆلۆژیا و شۆڕش
# ئایدیۆلۆژیا و ریفۆرم

أ) شـۆڕش بەشـێکە لـە گـۆڕان، بـەڵام گۆڕانکارییـەکی ریـشەیی و چـونایەتی کـە بوارەکـانی ژیـان یـان یـەکێ لـە بـواره گرینگـەکانی دەگرێتەوە، بەواتـا گۆڕینی بـارێکی راهاتوو بەبارێکی دی.

پێناسـەکردنی شۆڕش مـشتومڕی زۆر لەسـەرە و پێناسـەی جیـاوازی بـۆ کراوە، هەریەکە بە پێی بۆچـوونی ئـەو ئایدیۆلۆژیایـەی کاریگـەرە پێـی، وەك:

١- دائرة المعارف العالمية.
شۆڕش گۆڕانێکی ریشەییيە لە بناغەکانی کۆمەڵ.

٢- مارکس: شۆڕش بریتییە لە گۆڕینی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان.

٣- موسوعة السياسة: پێی وایـە ناسـینەوەی شۆڕشـی کۆمەڵایـەتی و جیاوازییەکانی لەگەڵ شۆڕشی زانستی و کەلتووری و ئـابووری ئەوەیـە کـە یەکەمیان توندوتیژ و ناکاوییە، هەرچی دووەمە هێمن و لەسەرخۆیە.[٣٥]

نووسەری پسپۆڕ لەم بوارە (کێ روشەر) هۆکاری ئەو دیاردەیە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کەشۆڕش یەك لەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەیە ملکەچی شیکردنەوەی زانستیانە نابێت، وەك هەر دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە وەك کولونیالیزم و ڕەوتە ئایدیۆلۆژییەکانی تر.. (٣٦)

شۆڕش پرۆژەیەکە کە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی هۆشیاری شۆڕشگێڕانە و بارودۆخی بابەتی رادە پەڕێت.

ئایدیۆلۆژیا لە هەر شۆڕشێکدا بریتییە لەسیستمێك یان زنجیرە یەك بیروباوەڕ و بنەما و تیۆر، پەیڕەوکەرانی ئەو قۆناغە مێژووییەی کە پێیدا تێپەڕ دەبن و هەروەها ئەو پەیوەندییانەی بەیەکیان دەبەستێتەوە تیایدا وێنا دەکات. (٣٧)

بەو مانایەی ئەوەی ئایدیۆلۆژیا لە هەر شۆڕشێك هەڵقووڵێ‌وی باری راهاتووە و دەگەڕێتەوە بۆی، کاتێ پەیرەوکەرانی باوەڕیان پێی دەبێت و بەهێزێکی رەوشتی دەبینن و پشتی پێ دەبەستن لە ژیانیاندا، هەروەها چاکترین ئاکارەکانیان لێ دەست دەکەوێت کارتێکردنی بەسەریاندا دەبێت، ئەگەر ئەقڵیش لە رووی زانستییەوە بوونیان یان راستیان بەتاقیکردنەوە پەسەند نەکات، بەڵام ملکەچیان دەبێت لە رووی سایکۆلۆژییەوە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییەی بەدی دەهێنێ لە دەروونی پەیڕەوکەرانیدا، هەروەها لەرووی کۆمەڵایەتی و مێژووییەوە بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی لە کۆمەڵگەدا روو دەدات.

هەواڵنامەی کتێب

ئایـدیۆلۆژیای شۆڕشـگێڕانە کـە لێـرە مەبەسـتمانە بەچـەند وشـەیەك کورتی دەکەینەوە، ئەو چەمکە گشتییەیە کە پەیوەندی مـرۆڤ بەکۆمەڵگـە و مێژوو ژیان سنووردار دەکات.

ئەو هێز و ئاراستە و سیستمە باوانەی ئەو پەیوەندییە دیـاری دەکـات، جێگای ئامـاژە بـۆ کردنـە کـە شـۆڕش لەسـەر دوو ئاستی بەیـەك بەسـتوو هەڵدەستێت، یەکەمیان: ئاستی هەڵوەشاندنەوە و وێرانکردن.

دووەمیـان: ئاسـتی دروسـتکردن لـەژێر نـاوی پرەنـسیپێکی نوێـوە، بەمانایـەکی تـر شـۆڕش پەیوەندییـەکی نـوێ دەگەیـەنێت، هـەڵقووڵێوی چەمکێکی نوێی ژیانە، ئەو چەمکە یان ئەو ئایدیۆلۆژیایـە، شۆڕشگێڕانە دەبێت کاتێ نکۆڵی لەو بوونە ئاسـاییە دەکـات کـە هەیـە، بـەو سیـستم و بەهایانە بەتـایبەتی لـە کەسـایەتیەکی رۆحییـەوە هـەر بـیرو بـاوەڕێکی سیاسـی ئـەم لێکدانەوەیـەی لەسـەر پیـادە بێـت ئایدیۆلۆژیایـەکی شۆڕشگێڕانە پێکدێنێت.

ب) ئایدیۆلۆژیا و ریفۆرم:

أ) ریفـۆرم ( Reform ) بـەمانا سـادەییەکەی گـۆڕینی بارودۆخـە نالەبارەکانە بـەرەو بـارێکی باشـتری لـەبار، بەشـێوازی هێمنـی و لەسـەر خۆی بێ توندو تیژی و شۆڕش، ئەگەر روو لە تـاك بێت یان کۆمـەڵ یـاخود

دامودەزگاكان، بۆ سیاسەت و چاكسازی ( ڕیفۆڕم ) نزیك ترن لێك ئەگەر یەكیش نەبن.

## پوپەر دەڵێت:

ڕیفۆڕم خوازی ئەندازیارییەكی هەنگاو بەهەنگاوە، بەواتا وردی و هەناسەیەكی درێژی دەوێت، لەهەمان كاتدا ڕیفۆڕمستی ناو حزب و دەسەلات نابێت، ڕیفۆڕم بكاتە چەكی دەستی باڵ و دەستەگەری، چونكە لە ناوەڕۆكدا خۆی بەتاڵ دەبێت و بەلاڕێدا دەڕوات.

لێرەوە ڕیفۆڕمستی خاوەن پێگە و دەسەلات، دەبێت سەرەتای ڕەوتێك بنیات بنێت كە دوای ماوەیەك ئەو ڕەوتە وەك ڕەوتێكی سیاسی، كەلتووری و كۆمەلایەتی گشتگیر ببێتە پرۆژەی هاوبەشی ڕیفۆڕم – خوازانەی ناو دەسەلات و كۆمەلگە و ڕووناكبیران، ڕێچكەی راستەقینە و كاریگەری خۆی بدۆزێتەوە.

ڕیفۆڕمیستەكان دەكرێنە دوو جۆری سەرەكی ڕیفۆڕمیست كە بە پێی ئەو ئایدیۆلۆژیایەی هەلێگرتووە لەسەر شێواز و میكانیزمەكانی خۆیان ساغ بوونەتەوە:

جۆری یەكەم:

ئەو ڕیفۆڕمیستانەن كە پێیان دەوترێت چاكسازی نۆژەنكەرەوە ( Reconstruction ) واتە ئەو ڕیفۆڕمیستانەی باوەڕیان بەبنەما،

رەسەنایەتی هەیە، بـەڵام سـتراتیژیان ئەوەیە دەسـتکاری بکـەن و نـوێی بکەنەوە.

جۆری دووەم:

ڕیفۆرمیـستانی بونیـات شـکێن: (Deconstruction) واتـە ئـەو ڕیفۆمیـستانەی باوەڕیـان بەڕەسـەنایەتی درێـژ بـڕوە نیـە، لـەم ڕووەوە باوەڕیان بەدابڕان هەیە، ئەوانە لەسەر ئـەو بـاوەڕەن کـە دەبێـت گـۆڕانی بنـەڕەتی بکـەن ئەگـەر پێویـست بێـت دەبێـت هـەموو رەسـەنایەتی و کەرەستەیەکی دوێنێ وەلابنرێت و هی ئەمڕۆ دروست بکرێت.

ب) هزری پێشکەوتن خـاڵێکی بنـەڕەتی هـەر جـۆرێکی چاکـسازییە، پێشکەوتن وەك وشەیەك واتـا هەنگاوێك بەرەو پێشەوە، ئـەو ئایدیایـەی کە مێژووی مرۆڤ بەهۆی پێـشکەوتنەوە دروسـت بـووە دەگەڕێتـەوە سـەدەی حەڤدە و ڕەنگدانەوەی گەشەی هزری و ئەقڵانی و زانستییە.[٢٨]

هزری پێشکەوتن بەرهەمێکی شۆڕشی زانستییە و دەست بەدەست لەگـەڵ گەشەی ئەقڵانییـەت ڕۆیـشتووە، زانـست فـۆڕمێکی بـاوەڕپێکراو ئـەقڵانی لێپرسینەوەی دابینکـرد لەرێگەیـەوە مـرۆڤ دەتـوانێ ئاما نجی مـەعریفی جیهانی دەوروەبەری خۆی بەدەست بهێنێت، ئەمەش مرۆڤـی لـە مەزهـەب و دۆگما ئـایینییەکان رزگار کرد کە پێشتر لێکۆڵینـەوەی ڕۆشـنبیریان کـۆت و زنجیر کردبوو.

باوەڕ بەبوونی پێشکەوتن ڕەنگدانەوەی ئارەزووی شرۆڤەکردنی گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە، لە ڕووی بەمۆدێرنکردن و گەشە پێدان.

بوونی بەمۆدێرن هەر تەنیا مانای هاوچەرخ بوون ناگەیەنێ، بەڵکو پێشکەوتنێك دەگەیەنێ پەیوەست بەرابردوو، بزووتنەوەیەك دوور لە شێوازی کۆن یان بەسەرچوو، ئەو شتەی باوی نەمابێت.

بەمۆدێرنکردنی سیاسی خۆی لە سەرهەڵدانی حکومەتی دەستوری و پاراستنی ئازادییە مەدەنییەکان و فراوانکردنی مافە دیموکراسییەکان دەدات، بەکورتی سیستمێکی سیاسی سیستمێکی دیموکراسی لیبراڵە.

ئەگەر لە فاکتەرە سەرەکییەکانی دیاردەی ڕیفۆرم بگەڕێین بەهەموو ئەو واتانەی گۆڕان و گەشەکردن و پەرەسەندن دەریدەبڕن، دەکرێت ئاماژە بۆ دوو خاڵی سەرەکیی بکەین، هۆشیاری بەنەبوونی دادوەری لای بەشێك لە چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان و لەباربوونی مەرجە بابەتییەکان بۆ ئەو دیاردەیە.



## ■ حەوتەم:

## ئایدیۆلۆژیا و کۆمەڵگەی مەدەنی

أ) کۆمەڵگەی مەدەنی یەك لەو چەمکانەیە کە پێناسەی زۆر و جیاوازی بۆ کراوە لە سەرچاوەی هزری و ئایدیۆلۆژی جۆراو جۆرەوە. لێرەدا وەك نموونە دوو پێناسە بۆ ئەو چەمکە باس دەکەین. (٣٩)

١- مەبەست لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دامەزراندن و پێکهێنانی حزب و دامەزراوە سیاسی و پیشەیی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکانە لە بارودۆخێکی ئازادانە کە سەربەخۆ بن لە دەسەڵاتی دەوڵەت سەربەست بن لە پەیوەندی پێوەکردن و هەڵسووڕاندنی کاروبارەکانیان.

٢- رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:

بریتییە لە کۆمەڵە دامەزراوەییەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری کەلە بواری جۆراوجۆر کار دەکەن بەسەر

بەخۆیی لە دەسەڵاتی دەوڵەتدا و بۆ بەدیهێنانی چەندین ئامانج لەوانە:

ئامانجە سیاسییەكان وەك بەشداریكردن لە دروستكردنی بڕیار لەسەر ئاستی نەتەوایەتی، نموونە پارتە سیاسییەكان.

ئامانجە پیشەییەكان وەك سەندیكاكان بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی پیشەیی و بەرگری كردن لەبەرژەوەندی ئەندامانیان.

ئامانجەكانی بواری كەلتووری، وەك یەكێتی نووسەران و رۆشنبیران كە ئامانجی بڵاوكردنەوەی هۆشیاری كەلتوورییە.

هەروەها ئامانجە كۆمەڵایەتییەكان بۆ بەشداریكردن لە كاروباری كۆمەڵایەتی.

ب) بیروڕای چەند بیرمەندیكی بەناوبانگ دەربارەی رۆڵی رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی.

هیگڵ:

كۆمەڵگەی مەدەنی ئەو بوارە كۆمەڵایەتی و رەوشتیەیەی نێوان خێزان و دەوڵەتە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە پێكهاتنی كۆمەڵگەی مەدەنی پاش دامەزراندنی دەوڵەت دەبێت.

---

بـەوەش هیگـڵ کۆمەڵگـەی مـەدەنی دەکاتـە مـەرجێك بـۆ ئـازادی یـان چوارچێوە سروشتیەکەی.

مارکس:

تێڕوانینـی مـارکس بـۆ کۆمەڵگـەی مـەدەنی، بەبناغەیـەکی ڕاسـتی دەوڵـەتی دانـاوە کۆمەڵگـەی مـەدەنی لای مـارکس بـواری ململانێـی چینایەتییە، هـەروەها هـەموو ژیـانی کۆمەڵایـەتی پێکـدێنێت بـەر لـە دروستبوونی دەوڵەت و ئاستی سیاسی دەوڵەت پیشان دەدات.

گرامشی:

لای بیرمەنـدی ئیتـالی (گرامـشی) چـەمکی کۆمەڵگـەی مـەدەنی بەشێوەیەکی گشتی، ئامـاژە بـە کۆمەڵـە ئۆرگـانیکی تـایبـەت دەکـات کـە پەیوەست دەبێت بە فەرمانێکەوە، تێڕوانینـی گرامشی بـۆ کۆمەڵگـە وەك بەشێك بێت لەسەرخان، لـەم سـەرخانەدا جیاکـاری دەکرێـت لـەنێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسی، فەرمانی یەکـەمیان باڵادەستییە بـەهۆی کـەلتوور و ئایـدۆلۆژیا، بـەڵام فـەرمانی دووەمیـان زاڵبـوون و ناچارکردنە. (٤٠)

گرامشی ڕۆڵێکی زۆر گرنگی داوە بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی، لـە بەدەسـتهێنانی هۆشیاری لای چینەکانی کۆمەڵگـە و لـەتوانا پێدان

بەچینێك کـە ببێتـە خـاوەن دەسـەڵاتی ئـابووری و دەسـەڵات بگۆڕێتـە سەربارێك کەلای هەموو ئەندامان پەسەند بێت.

ئەو چینە هەوڵدەدات سەندیکای کرێکـاران و یەکتییـە پیشەییەکان و پارتە سیاسییەکان بەڵکو دامەزراوە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانیش بـەلای خۆیدا ڕاکێش بکات و ببێتە ئامرازێك بۆ ئـەوەی تێڕوانینـی کۆمەڵگـە بـۆ جیهان هەمان تێڕوانینی ئەو بێت.

ج ) کۆمەڵگەی مەدەنی و گۆڕان بەرەو دیموکراسییەت:

بـەبێ کـەش و هەوایـەکی ئـازادی ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی دروستبوونیان بـەدی نایـەت، لەبـەر ئەوەی لـەماوەی ئـەو ئازادییـە ئـەو ڕێکخراو و کۆمەڵانە دەتـوانن دەنگوبوونیـان بسەلمێنن، بەرژەوەنـدی ئـەو چین و توێژانەی تێدا کۆبوونەتەوە کە ئامانجن ڕایان بگەیەنن.

چـــەمکی کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی و پەرەپێـــدانی لـــەماوەی مێـــژوودا بەستراوەتەوە بـە گۆڕانکارییـە دیموکراسییەکان، هـیچ گۆڕانکارییـەکی دیموکراسیانە بەدی نـاییت بـەبێ بـوونی کۆمەڵگـەی مـەدەنی، کۆمەڵگـەی مەدەنیش بوونی نـابێت بێ بوونی دیموکراسیەت.

هەلومـەرجی دیموکراسـییەت ئـەو بـارە ڕاهـاتووە و بابەتیانەیـە بـۆ لەدایکبوون و گەشەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی.

کۆمەڵگەی مەدەنی ئـەو قوتابخانەیەیـە کـە تاکـەکانی کۆمـەڵ تیـادا فێری بەهاو کەلتووری دیموکراسییەت دەبن بۆ ئەوەی ببنـە هـاوڵاتی کـار لە رەفتاری دیموکراسیانە بگەن.

## ■ هەشتەم:

## بۆچوونی چەند هزرڤانێك دەربارەی ئایدیۆلۆژیا .

هەواڵنامەی کتێب

- **هیگڵ:** (٤١)

ا ) جۆرج ویلهیلم فریدریك هیگڵ، لـە سـاڵی ( ١٧٧٠ )ز لـەدایك بـووە، سـاڵی ( ١٨٣١ )ز کۆچـی دوایـی کـردووە، فەیلەسـووفێکی ئەڵمانییـە، دامەزرێنەری ئایدیالیزمی مۆدێرنە و پەرەی بەهزرێکدا کـە هۆشمەنـدی و شتە ماددییـەکان لەڕاستیدا یـەك شـتن، هـەوڵی دانـانی سیـستەمێکی ئەقڵانی داوە.

هەرچەندە کۆی نووسینەکانی هیگڵ بە زمانی ئـەڵمانی نزیکـەی بیست بەرگ دەبێت بەڵام هیگڵ خۆی تەنها چـوار کتێبـی بڵاوکـردووە کـە بریتـی

بـوون لـه : زانـستی دیـاردەی رۆح، لۆژیـك، فەلـسەفەی یاسـا، ئینسوكلوپیدیای فەلسەفە.

دەکرێت فەلسەفەی هیگڵ بۆ سێ قۆناغی دابەش بکرێت:

قۆناغی یەکەم: لەو قۆناغەدا تووشی زۆر پشتگوێخستن بـووە، پـێش بڵاوکردنەوەی کتێبی یەکەمی ساڵی (١٨٠٧)ز.

قۆنـاغی دووەم: خـۆی دەنـوێنێ لـە بڵاوکردنـەوەی کتێبـی یەکـەمی بەناوی فینوسولۆژیا.

قۆناغی سێیەم: لە بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی دووایی خۆی دەنوێنێ.

ب ) پوختەیەك لە هزری هیگڵ: (٤٢)

١- لەبیری هیگڵدا تیۆرییە سیاسیەکەی گرێـدراو بەلۆژیکـەوە، ئەگـەر سێ کۆڵەکە کۆتاییەکـەی (بنەماڵـە - کۆمەڵگـەی شارستـانی - دەوڵـەت) بەشێوەیەکی دیالکتیکی دەربیبرین، ئەوا دەتوانین بەوابەستەیی ببیینین. خێـزان لێـرەدا بەیـەکبوون و کۆمەڵگـەی شارسـتانیش وەك بـارێکی تاییـەت و دەوڵـەتیش بـە گـشتگیری ناویـان دەبـردرێ، بەواتـایـەکی تـر هـەمان جەوهـەر (دژایـەتی و هاوبنیـاتن) ململانێـی نێـوان (یـەکبوونی) بنەماڵـە و بەشـبوونی کۆمەڵگـەی شارسـتانی لە پەیکـەری دەوڵەتـدا وەك راستییەکانی (بەرژەوەندی گشتی) چاوی لێدەکرێ.

بنەماڵـە و کۆمەڵگـەی شارسـتانی هـەردووکیان تارادەیـەك ئـەقڵانین لەبەر ئەوەی بەڕاستی هەردووکیان ڕاستن و بوونیـان هەیە، بـەڵام تـەنیا دەوڵەتە لە سەرووی هەردووکیان دادەنرێت و بەگشتیش هـەم ئەقڵانییـە و هەمیش ڕەوشتییە.

مرۆڤ تەنیا لەباری هاوڵاتییەکی ملکەچیدا بوونـەوەرێکی ڕەوشـتییە و ئـازادە، ئـەو تـەنیا ئـەو کاتـە پەیوەسـت بەگـشت دەبێت (لەگـەڵ گـشت ئاوێتـە دەبێـت) کـە واتـەو بایـەخی خۆی هەیـە، یەکـەم قۆنـاغی کـار و کردەوەی یەکبوون لەبنەماڵەدا پێکدێت.

٢- هەرچەنده کۆمەڵگـەی شارسـتانی وەك دەوڵـەتێك وایـە، بـەڵام لـە جـۆری خوارەوەیـەتی لەبـەر ئـەوەی بە پێی پێویـستییە (٤٢) ماددییـەکان تـاکێك دروست دەبێت، ئـەو پێویـستیانە کە ئەگـەر هـەموویان تایبـەتی نەبن، بـە هـەر شێوەیەك بێت سـەرقاڵی خۆیـانن، ئـامانجی ئـەو جـۆرە سیستمانە کەمتر نییـە لـە ئـامانجی ئـەو کۆمەڵگەیانـەی لەسـەر بنـەمای گرێبەستی کۆمەڵایەتی دامەزراون هۆکارەکـەی ئەوەیـە کـە تـاکی خـاوەن خێزان بەشێوەی سەربەخۆ نازێ بـەڵکو وەك ئەنـدام لـە یەکەیەکـدا ژیـان بەسەر دەبات کە ئـامانجەکانی سـەرترە لـە ئـامانجی تـاکێکی تایبـەت، کەوابوو تـاك وەك ئەندامێك لە کۆمەڵگەی شارستانی هەرچـەندە بـەدوای ئامانجی تـایبەتی خۆیدا دەگەڕێت بۆی دەردەکـەوێت کـە نـاتوانێت بـەبێ

ڕێکخستن لەگەڵ ئەندامەکانی تر بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی خۆی سەرکەوێت.

٣- هـزری ئـازادی وەك جیهـانێکی چـالاك و سروشـتێکی وریـا، وەك پێکهاتـە و دامـەزراوە جۆراوجۆرەکـان دابنـێن، (٤٤) هیگـڵ لەسـەر ئـەو بارەوەیە هەرچەند ئەوانە لە مێشکی مرۆڤدا، بەنەگۆڕدا بنرێت کەرەسەو پێداویستی بێ ئاگایی (لا شعوري) ڕۆحی مـرۆڤن، ئـەو بـەهیچ شێوەیەك ڕوو لەو بابەتانە ناکات کە مرۆڤەکان لەسەر ویـست و ئـیرادەی خۆیـانن، بـەڵکو هـەموو شـتێك لـەڕێگای فـەرمان ڕەوای جیهـان – ئـەقڵ- دیـاری دەکرێن.

٤- ئەو بیرو بۆچوونانەی هیگڵ کـە باس لـە دەسـەڵات دەکـەن، تـەنیا لە پەیوەنـدی لەگـەڵا پێـشەکییەکانی پێشووی دامـەزراوەی لـۆژیکی و میتافیزیکی هیگڵ هەرس دەکرێت.

پێشەکی یەکەم ئەوەیە کە هەموو ئەوانـەی ڕاستەقینەن (ئـەقڵانین)، پێشەکی دووەمیش ئەوەیـە کـە تـەنیا گشت ڕاستەقینەیە. لە پێشەکی یەکەم بەو ئاکامە دەکەین کە هەر کردەوەیەکی ڕاستەقینەی کۆنترۆڵ کراو لە کۆمەڵگەی مرۆڤیدا لەبەر ئەوەی بوونی هەیە، تاڕادەیەك ئەقڵانییـە، هەروەها ئاکامی پێشەکی دووەم ئەوەیە کە حقیقەتێکی ڕەهـا تـەنیا ئـەو کاتـە دێتـە دی، کـە هـەمووی (دژایەتییـەکان) لـەنێوان پلـە نزمـەکانی حەقیقەت لە دوایین هاوبنیاتدا لـەناو بچێت، ئـەو دووایـن هاوبنیاتـە،

دەوڵەت یاخود ئۆرگانیکی گشتییە، دەوڵەت وەك کەسیایەتییەکی سیاسی دەکرێتە سێ بەشی سەرەکی.

أ ) دەسەڵاتی دیاریکردن و دامەزرێنەری گشتییەکان ( یاسادانان ) .

ب ) دەسەڵاتی لێك جیاکردنەوەی بابەتە پەیوەندیدارەکان بەتاك و وردەکارییەکان ( دەسەڵاتی بەڕێوەبردن ).

ج ) دەسەڵاتی هەڵقووڵێو لە گوێڕایەڵی بۆ گەل، هەروەك خواستی خاوەن دەسەڵاتی پایە بەرز لە بڕیاردان ( پلەی فەرمانڕەوا ).

٥- هزر لای هیگڵ ڕاستی ڕەها نانوێنێ، ئەو هزرەی کە دەرفەتی تەنها قۆناغێك لە قۆناغەکانی پەرەپێدانمان بۆ [٤٥] بەردەسی دێنێ، لەو ڕێڕەوە مێژووییەی کە بوارێکی تەواوکاری ( ڕاستی ) دەنوێنێ، بۆیە ئەگەر ئایدیۆلۆژیا خۆی بە بەردەوامی وەك ڕەنگدانەوەیەکی تەواو بۆ ئەو واقیعە ڕەهایە پێشکەشکرد، ئەوا ئەو ئاستە لە هۆشیاری بە ئایدیۆلۆژیا و بە تەواوی هزرەکان حاڵەتێکی زۆر ڕیسوا دەبێت.

ئێمە لە تواناماندا نییە درك بە شتێك بکەین تەنها لە ( ئێستا ) دانەبێت، بەڵام ڕاستی چەندین ( ئێستا )یە لە پەرەسەندنێکی بەردەوام، هەروەها هۆشیاری ڕاستەقینەمان سنووری ( ئێستا ) تێپەڕناکات، ڕاستیش ( بە پێی بیروڕای هیگڵ ) لەوە تێپەڕ نابێت کە بەردەوام ڕوونکردنەوەیەك بێت بۆ گیانی مێژوو لە سەردەمێکدا. ئەو دیاردەیە بۆ ئێمە ڕۆحی هەموو

سەردەمێك دەنوێنێ، لەبەر ئەوەی بڕیاردان لەسەر هەر سەردەمێك چەندی کـۆن بێـت، لـەماوەی بیرێکـی هاوچـەرخ نامـان گەیەنێتـە تێگەیـشتنێکی ڕاستەقینە.

## * کارل مارکس:

أ ) کارل مارکس سالی ( ١٨١٨ )ز لەشاری ( تریر ) لـە ولایـەتی پروسـیای ئەلمانی لە دایك بووە، [٤٦] باوکی پیشەی جووتیار بووە و سەر بە ئایینی جوولەکـە، پاشـان چـووەتە سـەرئایینی کریـستیانی، لەتەمـەنی ( ١٧ ) سالیدا بەمەبەستی خوێندنی یاسا چـووەتە زانکـۆی بـۆن، پـاش سـالێك بەهۆی هەندێ گیروگرفت لەو زانکۆیە خۆی گواستـۆتەوە زانکـۆی بـەرلین، هەر لەو ماوەیەدا بەهزر و بۆچوونەکان هیگلْ و فیورباخ کاریگەر بووە.

سالی ( ١٨٤١ ) نامەی دوکتـۆرای تـەواو کـردووە، سـالی ( ١٨٤٢ ) بووەتـە سەر نووسەری ڕۆژنامەی ( Rheinis che Zeitang ) و لـە ئـەدەبیاتی سۆسیالستی فەرەنسی قوولْ بووەتەوە، سالی ( ١٨٤٣ ) خێزانـی پێکهێنـاوە و چووەتە شاری پاریس، هەر لەوێ ڕۆژنامەی ( Deatsch fr anzosis che jarbucher )ی دەرکرووە.

هەر لەو ماوەیەدا دەستی بە نووسینەکانی کردووە، ساڵی ١٨٤٩ مـارکس و خێزانەکەی لە شاری ( لندن ) نیشتەجێ بوونە، لـەوێ پاشمـاوەی ژیـانی بردووەتە سەر، ساڵی ( ١٨٨٣ ) کۆچی دوایی کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

ب ) ئایدیۆلۆژیا لای مارکس :

ا ) مارکس لە کتێبی ( هەژاری فەلسەفە ) لە ساڵی ١٨٤٧ز دا دەنووسێت : هـەمان ئـەو کەسـانەی کـە بـە پێی دەسـەڵاتی [٤٧] بەرهـەمهێنانی مـاددی خۆیـان، پەیوەنـدی کۆمەڵایـەتی دادەمـەزرێنن، بنـەما و هـزر و گوتـە رۆشنبیرییەکانیش هەر لەسەر ئەو بنچینەیە دادەهێنن.

مارکس لە پێشەکی کتێبێکی دیکـەی بـەناوی ( رەخنەیـەك لـە ئـابووری سیاسی ) باس لە چەمکی ئایدیۆلۆژیا دەکات و دەڵێ دەکرێـت ئایـدیۆلۆژیا ( شـێوەی یاسـایی، سیاسـی، ئـایینی، هونـەری و فەلسـەفی بەخۆیـەوە بگرێـت ) بـەو واتـایـە مـارکس ئایـدیۆلۆژیا بـە سـەرخانی کۆمەڵایـەتی یەکسان دەکات و بەمە یەکسان دەبێت بە کەلتوور.

مـارکس پێـی وایـە ئایـدیۆلۆژیا هۆشیارییە، بـەڵام هۆشـیارییەکی درۆزنـانە، کەسـی خـاوەن ئایـدیۆلۆژیا کەسێکی خـەیال پـەروەرە کـە بـە بیروباوەڕی خەیاڵ بڵاوی دابڕاو نەواقیع دڵی خۆی خۆش دەکات.

لە راستیدا مارکس لە سەردەمی خۆی زیاتـر لە هەموو کەسێك باسی ئەو چەمکەی کردووە و لە کۆمەڵناسـی و زانسـتی سیاسـەتدا بـەکاری هێنـاوە، هەر بۆیەش زاراوەی ئایدیۆلۆژیا لەمێشکی زۆربەی خەڵکدا بـە مارکسیزم دەبەسترێتەوە، چونکە گەشەکردن و بڵاوبوونـەوەی ئـەم زاراوەیـە هاوکـات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی مارکسیزم.

٢- له كۆمەلگەی چینایەتیدا ململانێی ئـایـدیۆلۆژی هاوشـانی ململانـێ چینایەتی دەوستێ و لەگەڵ یەك هەنگاو دەنێن، (٤٨) ئەگـەر ئـایـدیۆلۆژیا وەك دەریدەبڕێت باشترین نواندن بێت بۆ شێوەكانی بـاری راهـاتوو، ئـەو ناكۆكی و دژایەتییه لەنێوان جۆر و شێوازه جۆراوجۆرەكانی بۆ؟

ئـایا دەكرێت ئەو دیاردەیـه ڕەنگدانـەوەی ململانێـی واقیـع بێت لەگـەڵ خۆیدا؟

بێ گومان گەشه كردنی ململانێی ئایدیۆلۆژی، بەر چاو ترین نیشانەیه لەسـەر لاوازی ئـەو گوتەیـەی كـه ئـایـدیۆلۆژیا نوێنەرایەتیـەكی تـەواو دەكـات هـەروەك ( تیـۆری ڕەنگدانـەوه ) رای دەگـەیێنێت. بـەلام ئـەوی ڕوویداوەو روو دەدات بەردەوام جۆرێكه لەویستی زاڵ بوون كەباری ململانـێ دەیسه پێنێت بەسەر بەرژەوەندییه كۆمەلایەتیه دیاریكراوەكان.

بەدڵنیاییـەوه ( ئـایـدیۆلۆژیا نـاسـان ) دوورتـرین كەسـانێكن لـەدرك پێكردن بەو ڕاستییه شاراوەیەی له پشت هاندەری ئایدیۆلۆژیایه.

ئەگـەر ئـایـدیۆلۆژیا نوانـدنی خـودی دۆخێكـی هـەبوو بێـت، خـاوەن مەرجەكانی بێت و پێكهاتەكەی بەدەس بێنێت، ئەوا لەلایەكی تـرەوه بـه هـەوڵێكی هـزر ( كـه مەحاڵـه ) دادەنرێـت بـۆ نوانـدنی بـاری راهـاتوو بەباشترین شێوه، ئەو لەم ڕووەوه بارێكی سەربەخۆیه، نـەك گوزارشـت لـه دۆخێكی نمایش كراو بكات.

جــەنگێك لــەنێوان شــێوەکانی ئایــدیۆلۆژیا، جەنگێکــە لــەنێوان سەپاندنی رووداوە ئەندێشەکراوەکان بەسەر بارێکی ڕاست، یان هەوڵێکــە بــۆ بنبڕکردنــی ئایــدیۆلۆژیاکانی تــر وەك نموونەیــەکی ململانــێ بــۆ پــاوانکردنی دەســەڵات بەســەر بــاری راســتی، جــەنگی رووداو، رووداوی جۆراوجــۆرە، بــەڵام بەســەرنجدانی ئــەو بــارە راســتییەی کــە دەینــوێنێ، دەمامکێکی بیانوو هێنەرە.

٢- بەرای مارکس ئایدیۆلۆژیا بریتیە لە کۆمەڵێك ئایدیا بەمەبەستی شاردنەوەی ئەو هاودژانــەی کــە هــەموو چینەکانی [٤٩] کۆمەڵگــە لەســەری بنیات دەنرێن، کەواتە ئایدیۆلۆژیاکان دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی چــەوتی و وەهــم و ســەرلێتێکدان، لەگــەڵ ئەوەشــدا ئایــدیۆلۆژیاکان خزمــەت بــە ئــەرکێکی بــەهێزی کۆمەڵایــەتی دەکــەن، هاوکــاری سیســتەمی چینایــەتی دەکــەن و ســەقامگیری دەکــەن بــەهۆی ئاشــتکردنەوەی ئەوانــەی کــە هەڵقۆزراونەتــەوە بەوانــەی کــە ئــەم کــارەی هەڵقۆزینــەوە دەکــەن، بۆیــە ئایدیۆلۆژیا لە بەرژەوەنــدی چینــی حــوکمڕان کــار دەکــات، کــە کــۆنترۆڵی پرۆســەی بەرهــەمهێنانی رۆشــنبیری دەکــات بــە تــەواوی بەقــەد ئــەوەی کۆنترۆڵی بەرهەمهێنانی شتەماددییەکان دەکات.

بۆ نموونە لە کۆمەڵگەیەکی سەرمایە گوزاریــدا، بۆرژوازییــەکان دەســت دەگــرن بەســەر ژیــانی کولتــووری و هونــەری و رۆشــنبیری و پــەروەردەیی،

هەروەك مـاركس لەكتێبەكـەی بـەنـاوی – ئـایـدیۆلۆژیای ئەڵمانـەكان – دەڵێت.

ئـايــدياكانی چـينی حــوكمڕان لــە هــەموو پــە يمانێكی ئـايــديا حوكمڕانییەکاندان.

- **کارل مانهایم : ( ١٨٩٣ – ١٩٤٧ )** [٥٠]

زانايەكی هەنگاری بوو لە بواری كۆمەڵناسی، ژيانی لە وڵاتی ئينگلترا بەسـەر بـردووە، رۆڵێكـی بەرچـاوی لە پەرەپێـدانی سوسـيولۆژيای ئەپستمولۆژی گێڕاوە.

سـاڵی ( ١٩٢٩ ) كتێبـە بەناوبانگەكـەی ( ئـايـديۆلۆژيای ئەندێشەيی ) داناوە.

خـاوەن تيـۆر و بـيروڕای بنـچينەيی بـووە، پەيوەنـدار بـە دووبـاره رێكخستنەوەی كۆمەڵگەی ئەوروپا كە جەنگی جيهانی دووەم وێرانی كرد.

پوختەيەك لەبيرو بۆچوونەكانی مانهايم لەمەڕ ئايديۆلۆژيا : [٥١]

١- مانهـايم بايـەخيكی گـرنگ بـەديارەی ئـايـديۆلۆژيا دەدا، ئـەو جياوازيی لە واتـای تـايبەت ( Particular )، هەمەگەری ( General ) ئايديۆلۆژيا دادەنا.

ئـایـدیۆلۆژیا وەك شـتێك کـە تـەنیا بەشـتیکی هـزری نـەیار پێکـدێنێ ( وەکو چەمکی – هۆشیاری درۆزنانە – لای مارکس ) و ( لێرەدا وەك مانهایم پێی وابوو چووەتە ئەو دیوی مارکسەوە ) .

ئـایـدیۆلۆژیا وەك شـتێك کـە نـەك تـەنیا تـایبە تمەنـدی هـزری نـەیار بەڵکو تـایبە تمەندی هزری خودی کەسەکە دەگرێتەوە.

بەیارمـــەتی چـــەمکی گـــشتی ئـایـــدیۆلۆژیا دەتـــوانین بەئـاســـتی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بگەین، واتـە بەو تێگەیشتنەی کـە هـیچ هزرێکـی مرۆیـی ( جگـە لـەو ڕێزپەرانـەی کە پێـشتر باسـکراون ) لـە کاریگـەری ئایدیۆلۆژیایانـەی چوارچـێوە کۆمەڵایەتییەکـەی بـەدەر نییـە ، مانهـایم لەرێی فراوانکردنی تیۆری ئایدیۆلۆژیاوە هەولێدا کێشە سەرەکیەکەی لـە چوارچـێوەی بـەکار بردنـی سیاسـیدا دابـڕێ وەك کێـشەیەکی سـەرەکی ئەپستۆلۆژیا و سیولۆژیای مێژوویی باس و خواسی لەسەر بکات.

مانهــایم پێـی وابـوو گرووپـە کۆمەڵایەتییـەکان لـە ڕووی توانـای تێبەڕاندنی شوێنگەی سنووورداری خۆیان جیاوازییـەکی زۆریـان لەنێوانـدا هەیە ، ئەو زۆر ئومێدی بـە رۆشـنبیرانی ناوابەسـتە لـە رووی کۆمەڵایـەتی هەبوو، واتـە جۆرە توێژێك لەنێوان چەند توێژێکی تردا کە پێی وابوو تـا رادەیەك خۆی لە ئینتمای چینایەتیەکان رزگار کردووە، هەروەها مانهـایم جەختی لەسەر هێزی هزری ( یوتـوپیایی )شی دەکـردەوە. فکرێـك کـە ( وەك ئایدیۆلۆژیا ) وێنەیەکی شێواوی واقعی کۆمەڵایەتی بەرهەم دێنێ، بـەڵام

( بە پێچەوانەی ئایدیۆلۆژیا ) دینامیکیەتێکی تێدایە کەوای لێدەکات واقیع بگۆڕێت بەگوێرەی ئەو وێنەیەی کە خۆی لەمەڕ واقیع هەیەتی.

٢- جۆرج جۆرفێش ئاماژە بۆ گرینگترین کەم و کورتییەکانی تیۆری مەعریفی مانهایم دەکات و بە مجۆرە دەڵێ: [٥٢]

أ- وەك تیۆریك دیلی چەندین داواکاری بە پەلەیە، وا ڕادەگەیەنێت، کە هەموو ئاسۆیەکی سوسیولۆژی لە توانایدا دەبێت سوود لەخودی مەعریفە وەربگرێت.

ب- تیۆرەکەی بەزاڵبوونی بابەتی ئایدیۆلۆژیای دەناسرێت.

ج- بیروبۆچوونی مانهایم بەو ئاراستەیە کە بژاردەی ڕۆشنبیر توانای لەناو بردنی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەپستمۆلۆژیای دەبێت.

د- کۆکردنەوەی جۆرەکانی زانین لەچوارچێوەی ئەپستمۆلۆژیای سیاسی بەستراو بەڕۆڵی خۆی بە ئەپستمۆلۆژیای فەلسەفی.

مانهایم بوونی ئەو جیاوازییە دیارانەی نێوان ئایدیۆلۆژیاو ئەندێشە بەدوور نازانێ تا ئەگەر بەوە ڕازی بوو کە هەردووکیان بەشداری دەکەن لە تێپەڕکردنی باری ڕاهاتوو، یان لەدەستدانی، لە کاتێکدا ئایدیۆلۆژیا لەدیدی ئاحەزانی بریتیە لە بەڵێنێکی مەحاڵ.

بەم جۆرە، ئەگەر لیبرالییەت – وەك ئایدیۆلۆژیایەك لە دیدی سۆسیالستەکان – دژ بەلۆژێکی پەرەپێدان بێت ئەوا سۆسیالیزم وەك

ئەندێشە لەدیدی لیبرالـەکان دژی لـۆژێکی ئێستابە (الحاضـر) بەتێپـەڕ بوون بەسەر باری ڕاهاتوودا.

هـەر دوو تـاوانەکـە راسـتن، بەیەکـەوە، بۆیـە بـۆ دۆزینـەوەی ڕوونکردنەوەیـەك بـۆ ئـەم جیاوازییـە، تـا ئایـدیۆلۆژیا و ئەندێـشە بەیەکەوە پێوەرە خودییەکان بۆ لاسەنگکردن نەگرنە خۆ، ئەوا دەرفەتێك نابێت تەنها خۆ بەدەستەوەدان نـەبێت بـەو ڕوانگـە ڕێژەییـە. لەڕاستیدا مانهـایم هاوکێـشەکە وەردەگێڕێـت بـۆ ئـەوەی هزرەکـەی خـۆی لەسـەر بنەمایـەکی ڕێـژەیی پـشت بەسـتوو لەسـەر روانگـە دارێـژێت و نـەك بە پێچەوانە، بۆیە بۆچوونەکەی ناونا ڕوانگـەیی (perspectivism) بۆ خۆ دوورخستنەوە لە تـاوانی ڕێژەیی، هەرچەندە بەوەش تـاوانبار کرا.

لەدیدی مانهایمەوە ڕوانگەیی جیاواز دەبێت لە ڕێژەیی، لەبـەر ئـەوەی لەڕێژەییدا شتێك لایەنگیری بە بـاوەڕ، بەڕاستی رەهاتێدایە، لە کاتێکدا ڕوانگـە لەسـەر بنـەمای مـەحاڵ بـوون لـە بەدەسـهێنانی ئـەو ڕاسـتییە هەڵدەستێت، بەو پێیە ئـایدیۆلۆژیاو ئەندێـشە هـەردووکیان دوو ئاکـاری لەبارن بۆ هەر سیستمیکی هزری بە پێی دۆخـە مێژووییەکـەی و چوارچـێوە کۆمەڵایەتیەکەی، کەوابێ ئایدیۆلۆژیاو ئەندێشە دوو خسڵەتی ڕەها نین، بەڵکو دوو خسڵەتی شیاون، رەنگە لەسـەر سیـستمی یـەك هـزری لابـدەن، بەڵام لە قۆنـاغە مێژوویی و دۆخە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، بۆیـە هـیچ جیاکەرەوەیـەکی ڕاسـتەقینە بـۆ ئایـدیۆلۆژیا لـە ئەندێـشەدا نییـە

لەروانگـەی مانهـایم بەرامبـەر بـەباری راهـاتوو، تـەنها ئـەوی دۆخـە مێژووییە كۆمەڵایەتیەكە دەیسە پێنی.

بەڵام هەردووك بەیەكەوە وەك هۆشیارییەكی قەڵب دەمێننەوە بۆ بـاری راهاتوو.

- **لوی ئەلتوسێر :** (٥٢)

أ ) لوی ئەلتوسێر، فەیلەسووفێكی فەرەنـسییە، لـە سـاڵی ( ١٩١٨ )ز لـە وڵاتـی جـەزائیر لـەدایك بـووە. سـاڵی ١٩٣٩ لـە خوێندنگـەی بـاڵای مامۆسـتایان وەرگـیراوە، لـە مـاوەی جـەنگی دووەمـی جیهانیـدا سـەربازی كردووە و بەدیل گیراوە لەلایەن ئەڵمانییەكان.

ئەلتۆ سێر كەسێكی هێمن و لەسەرخۆ و رەفتاری كۆمەڵایەتی خۆش بـوو تـا بڵێی ژیر و بەتوانا بوو، بەرادەیەك كە زۆر بە ئاسانی توانی لە مـاوەی تـەنیا یـەك هـاوینی سـاڵی ١٩٤٨ دا كۆرسـی فەلـسەفەو تاقیكردنـەوەی ( ئیگریگاسیۆن ) بۆ فەلسەفە ببڕێ و تێیدا سـەركەوتوو بێت. سـاڵی ١٩٤٨ دەچێتە نـاو ریزەكـانی پـارتی كۆمۆنیستی فەرەنـسا، بـەردەوام رەخنـە و نارەزایی لە حزب و چالاكیەكانی و سـەركردایەتیەكەی زۆر بـووە، سـاڵی ( ١٩٨٠ ) بـەهۆی كوشـتنی ژنەكـەی لـەبارێكی دەروونـی سـەیر خـستیانە نەخۆشخانەی دەروونی و نەقڵییەكانەوە.

**ب ) پوختەیەك لەبیرو بۆچوونەکانی دەربارەی ئایدیۆلۆژیا :**

**١- بـاوەڕی وابـوو کـە ئایـدیۆلۆژیا هـاو واتایـەکی سروشـتییە بـۆ خەیال،[٥٤] ئەگەر لەو دیدەوە تەماشاکرا کە نـەك تـەنها ئاشکرا کردنـی باری راهاتووە ( واقیع ) بەڵکو باسێکی سـاختەی ئـەو بارەیـە، لەراسـتیدا ئەلتەرناتیڤیکی خەیاڵیە بـۆ بـاری راهـاتوو سیـستمیکی هزرییـە مێشك دوور دەخاتـەوە لـە بـارە راسـتییەکە بـەهۆی بیـانوو هێنانـەوە یـاخود قەرەبووکردنەوەی بە خەیاڵ.**

**ئەوان ( کەس ) بە کـەمترین رادەی ئـەو روونکردنەوەیـە رازی نـابن و دان بـەوەدانانێن کـە هـەر جـۆرە پەیوەندییـەکی بـەباری راهـاتوودا هـەبێت، لێرەدا ئـەو پرسـیارەی کـە پێویـست دەکـات بکرێـت، ئەگـەر ئایـدیۆلۆژیا لەراستیدا وێنەیەکی ناڕاستی شێواوی باری راهاتوو بێت، بەو شێوەی ئـەو بارە سیستمیکی یاسایی لۆژیکی پێکهاتوو بێـت، لەکاتێکـدا ئایـدیۆلۆژیا چنراوەیەکی چەواشە کاربێت، ئەگەر ئـەو بۆچـوونە ڕاسـت بێـت، کـەوابێ ئایدیۆلۆژیا بـۆ ئـەو هـەموو کاریگەرییـەی دەبێـت؟ یـان ئایـا لـە توانـای کەسماندا هەیە پشتی لێ بکەین، ئایا کارتێکردنی لەسەر بـاری راهـاتوو باوەڕهێنانە بەکارتێکردنی جیهـانی مێـشك لەسـەر واقیـع، ئـایـدیۆلۆژیا ئەو پەیوەندییەیە کە دەکرێت بەدی بێت لـەنێوان هـزر و واقیعـدا، بەمـە گرینگترین داهێنانەکانی ئەقڵی مرۆڤ دەنوێنێ، کـە وابـێ ڕەنگـە کـارێکی گونجاو بێت پێناسە کردنی مرۆڤ بەگیانداریکی ئایدیۆلۆژی بکرێت.**

لەکاتێکدا واقیع هیچ شتێك بەوردی پێشکەش ناکـات هـەر وەك بـیری لێدەکەینـەوە، بـەلام ئایـدیۆلۆژیا ئـەوی وردە نزیکـی دەکاتـەوە، ورد دەبێتـەوە لـەوەی رێـی وردبوونـەوەی لێ گـیراوە، لـەم ڕووەوە ئـایـدیۆلۆژیا سیستمی ئێستای باری راهاتووە.

٢- ئالتۆسێر لەسەر ئایدیۆلۆژیا و لەسەر نووسینەکانی مـارکس دەڵێت: بـەڕای مـارکس، ئـایـدیۆلۆژیا بیروبۆچـوونی(٥٥) خـەڵك دەشێوێنێ، چـونکە ئایدیۆلۆژیا لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی چینی فەرمانڕەوایـە لێرەشـەوە پراکتیـزە کۆمەلایەتییـەکان، دیاردەکـان دەخولقێنێـت و ئـەو دیاردانـەش دەبنە ئـەو شێوەیەی کـە تیایـدا کـارو کـردەوە کۆمەلایەتییـەکان گوزارشت لەخۆیان دەکەن، ئەمـەش بەڵگـەی ئەوەیە کـە مـارکس دەربـارەی سروشـتی بونیاتی کۆمەلایەتی بـەدحاڵی بـووە، لەدیـدگای ئالتۆسێردا دیاردەکـان و چەشنەکانی هۆشـیاری و تەنانـەت رەگـەزەکانیش ( genera ) بـە روون و ئاشـکرا و راسـتەوخۆ لەبـەردەم مرۆڤـدا بـەدیار ناکـەون، بـەڵکو هەمیشە (لەناو ئالۆزی و تـارمایی Phantasma خۆیاندا پەردەپۆش دەکرێن) بـۆ نموونە کەلوپەلی دروست کراو وادیارە ئێجگار شتێکی سـادە و روونـە کەچـی لەراستیدا لەکارو چالاکی بەرهەمهێناندا دەبێتە شتێکی سەربەخۆ.

لێرەدا ئالتۆسێر ئەم راڤەیە لەمارکس دەخوازێ: کەلوپەل شتێکی ئالۆزو تەلیسماوییە، چونکە مۆرکە کۆمەلایەتیەکەی لەبەردەم خودی ئەم تاکانەدا وەك مـۆرکێکی بابـەتی بـەدیار دەکـەوێت، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی خزانـی

پەیوەنـدی بەرهەمهێنـەران بـەکۆی گـشتی کارەکـەیان بـۆ نـاو جۆرێـك لە پەیوەنـدی کۆمەڵایـەتی نێوان تاکـەکان کـە لەبـەر چـاویانە دەبێتـە شـێوەیەك لەسـوپەر، ئەمـەش مەبەسـتەکەی مارکـسە لـە دەسـتەواژەی (فیتـشییەت) کـە دەڵـێ: بـە بەرهەمـەکانی کـار هـەر یەکـسەر پـاش دروسـتبوونیان وەك کەلوپـەل، بـە مجۆرە بـەڕای ئالتۆسـێر ئـەم گوزارشـتە ساختە لەبەها ڕاستەقینەکەی بەرهەمی کـارو گـۆڕانی لە پەیوەنـدی نێوان تاکەکانەوە بۆ پەیوەنـدی نێوان شتەکان، هـەمووی سەرچـاوەکەی تەڵـە و فرۆفێڵەکانی ئایدیۆلۆژیایە کە کار لەبنەماو چاوگە ڕاستەقینەکەی، واتـە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێنان دادەبڕێنێ.

فرۆشتن پرۆسەی بەرجەستەکردنە، چونکە تا مرۆڤ بەنـدەی سیـستمێکی دوگمایی غەیبی بێت ئەوا تەنیا دەزانێ بەرجەستەی جەوهەری خۆی بکـات، ئەوەش بەگۆڕینی بۆ بوونەوەرێکی نـامۆی وەهمـی، هـەروەها مـارکس دەڵێت لەژێر هەژمونی پێداویستی و خواستە خۆ ویست و خودییەکانی مرۆڤ چـاری نییە و تەنیا دەبێ ببێتە کەسێکی واقعی و لەڕێگەی دانانی بەهـەرم و کـارو کردەوەکانی و لەژێر کۆنترۆڵی شتێکی نـامۆدا و بەخشینی ئـامانج و وابـەم شتە نامۆیە شتی پراکتیکی دروست بکات وەك دراو و پارە.

بەم جۆرە ئالتۆسێر دەڵێ: ئەم پرۆسەیە پرۆسـەیەکی بەماتریـالبوونـە و فریودانی هۆشیارییە کەواتە بـەم پرۆسـە سیحرییە، هۆشـیاری لـە بنـەماو زەمینـە کۆمەڵایەتییـەکانی بـوون دادەبـڕێ و (سـەرجەم سیـستەمەکانی

مەعريفەی ئەبستراكت و رەوشتخوازی و فەلسەفە و ئایین بەهەرمدێنێ ) جگە لە ئایدیۆلۆژیا و سیستەمەکانی دیکەی هزریی ئەبستراكت.

## ■ نۆیەم

## چەند ئایدیۆلۆژیایەکی باو لەجیهاندا

### ا ) ئایدیۆلۆژیای فاشیزم و نازیزم

هەواڵنامەی کتێب

وشەی فاشیزم ( Fascism ) لە ( Fasces ) دەسكەداری لاتینیـەوە هـاتووە و لـەرۆمای دێرینـدا هێمـای پاراسـتنی دەسـتورو هێمنـی بـووە، فاشیزم بە پلەی یەکەم ناوی بزووتنەوەیەکی سیاسییە لـە ئیتالیـای هـاو چـەرخدا بەرێبەرایـەتی ( مۆسـۆلینی ) پـاش شـەڕی جیهـانی یەکـەم ئـەم رێبازە لە تێکڕای ئەوروپادا سەریهەڵدا.

ئەوەی لە هەموان گەورەتر و بەهەژموونتر بـوو رێبـازە ئەڵمانییەکـەی سۆسـیالیزمی نەتـەوەیی ( National Socialism ) یـان نـازیزم ( Nazism ) بوو.

بەشێکی زۆری هزرڤانە سیاسییەکان بەلێپرسراو دەزانرێن کە بوونەتـە هۆی هاتنە کایەوەی بیرۆکەی فاشیزم، وەك [٥٦] میکاڤیلی، هـابز، رۆسـۆ، هیگڵ، کانـت، نیتـشە، ....ئـەو کەسـانە بـەوە دەژمێـردرێن کـە بیرۆکـەی فاشیزم بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە.

بیرۆکەی فاشیزم دەکرێت لەدوو دیوەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت:

١- بەواتـا سنووردارییەکەی، واتـە جۆری سـەندیکای دەوڵـەتی، کـە زۆر جـار لـەو دەوڵەتـانـەی لـە دۆخـی گەشەسـەندندان، چاکـسازی و شۆڕشـدا دەبەن، بەهۆی ئـەو پەرەسـەندنە ئابوورییانـەی کـە لـەو کۆمەڵگەیانـەدا روودەدات، فاشیزم لەوێدا سەر هەڵدەدات.

٢- دیـوێکی تـری فـراوانترە کـە بنـەما فەلـسەفی و مێژووییـەکانی بزووتنـەوەی فاشـیزم و سـەرهەڵدانی کۆمەڵگـە و دەوڵـەتی توتـالیتـاری دەگرێتەوە.

باشـترین نموونـەش ئـەڵمانیای هیتلـەری ( ١٩٣٣ = ١٩٤٥ ) و ئیتالیـای فاشستی ( ١٩٢٢ – ١٩٤٥ ) بوون.

بیروڕای جیـاواز هەیـە دەربـارەی وێستگەی فاشـیزم، تێڕوانینکـی بـاو هەیـە دەڵـێ فاشـیزم پارێزگارییـەکی [٥٧] زێدەڕۆییـە و نـاوی دەنـێ ( پارێزگـاری سـەرپەڕ Ultra Consre vabivism ) و رادیکـالیزمی راسترۆ ( Night wing extremism ).

بـەڵام ئاشـکرایە کـە فاشـیزم خزمایـەتی لەگـەڵ هۆشمەنـدی نـاو پارێزگاری هیگڵدا نییە، تەنانەت لەو خاڵە ساکارەی نێو پارێزگارێتیدا کە تەنیا داوای پاراستنی بارودۆخی دامەزراو دەکات، فاشیزم لەگەڵ ئـەم ڕێبازەدا یەك ناگرنـەوە، بـە پێـچەوانەوە فاشیزم لەچەند ڕوویەکەوە شۆڕشگێڕانەیە، لەبەر ئەوەشە کە بەرادیکالیزمی ڕاسترۆ ناو دەبرێ.

بـە بۆچـوونی فاشـیزم دەوڵـەت دەبـێ وەهـا دامـەزرابێت کـە دەرفـەتی ناکۆکی کۆمەڵایەتی نەهێڵێت و لەبڕی ئەوە کارێك بکـات چـالاکی هـەموو چینێك و هەموو تـاکە کەسێك ڕووی لە بەرژەوەندی دەوڵەت بێت بۆ ئەوەش — بـەڕای فاشیـست و پارێزگـاران — دەبـێ دامەزراوەیـەکی سیاسـی و دەستووری توند هەبێت کە تەنانەت ڕێگا لە هەژاری و دەوڵەمەندی سنوور بەدەر بگرێ.

دەوڵەتی ڕاستەقینە بەتێڕوانینی فاشیزم، تـەنیا ئامرازێکە بەدەست نەتەوە یان گەلەوە، گەل بە پلەی یەکەم یەکەیەکی مێژوو کـردە، لەگـەڵ ئەوەشدا دەشێ گەل بەیەکەیەکی بایۆلۆژیانە یان بەڕەگەز دابنرێ، ڕەگەز پەرستایەتی ( racism ) لە پروپاگەندەی نازییەکانی ئەڵمانیا یەکجار بەرچاو بوو.

فاشیزم لەبەر ئەوەی لە چەندین دۆزی گرینگدا، بۆچـوونی نادیـار و دژ وەستاوی هەیە، ئاسان نییە جێگەی لەناو ڕێبازە سیاسییە بەرچـاوەکانی

دیکەدا دەستنیشان بکرێت، یەکێك لەو دۆزە گرینگانە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە.

ئابووری دەبێت کرنوش بەرێت بۆ بەرژەوەندی گەل و لەوێشەوە بۆ دەوڵەت، بەڵام چۆن؟ فاشیستەکان لەسەر مولکایەتی تاك (کە تایبەتی) دەکەنەوە، بەڵام چەند داوایەکی لێلی سەر بەهاوبەشایەتیشیان هەیە.

سۆسیالزم بەتایبەتی مارکسیەت بەدوژمنی سەرەکی خۆیان دەزانن، بەڵام باس لەمەترسی پەرەپێدانی بێ سنووری بازاڕی کەسایەتی و پارەداری مەزن دەکەن.

هۆی ئەم ڕاڕایەش بە پلەی یەکەم ناگەڕێتەوە بۆ دژ بوونی فاشیستەکان بەرامبەر هەڵنانی بەرنامە و شێوازی کار لەسەر بنەمایەکی گفتوگۆ کردنی روون، فاشیستەکان یەکرەوانە دژ بەنوێنەرایەتی کردنی بەرژەوەندی گرووپێکی تایبەتین، ئەوان پێیان وایە خۆیان نوێنەرایەتی بەرزترین و خۆڕسکترین مەبەستی هەموو گرووپەکان دەکەن، داوای پشتیوانی دەکەن لە کرێکار، ئەفسەر، وردەبورژوازی، کارمەندان،...فاشیزم لەمەدا خۆی لە ئایدیۆلۆژیاکانی دیکە دادەبڕێ، ئەوانەی دیکە بە پلەی یەکەم، خۆیان بەنوێنەری چینێکی تایبەتی کۆمەڵگە دادەنێن.

فاشیستەکان بەگشتی ئەم کۆمەڵگە هاوچەرخەی چینایەتی بەنیشانەی رووخان دەزانن و پێیان وایە دەبێ بەناوی بەرژەوەندی گەل

یـــان بەرژەوەنـــدی نەتـــەوەوە دژایـــەتی بکـــەن، فاشـــیزم لـــەو وڵاتانـــەدا بەهێزتـر گەشەی کردووە، کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری هەیەو ســـەرمایەدارێتی تێـــدا کەوتووەتـــە بـــەر هەڕەشـــەیان بـــەر پـــەلاماری سەرمایەداریەتی کۆمەڵگەی دیکەوە .

فاشـیزم پـاش رووداوە سەرسـووڕهێنەرەکانی جـەنگی جیهـانی یەکـەم گەیشتە ئەوپەڕی بەهێزی، ئەو دەمە بەرامبەر مارکسیەتی شۆڕشگێڕ خۆی کـردە رزگارکـەری مرۆڤـایەتی و پـارێزەری ئـابووری نەتـەوەیی لـەماوەی رکابەرییەکی فرەیی نێو نەتەوەیی.

فاشـیزم خـۆی دەکـردە دەسـتەبەری کـارو جـۆرە ئـەمانێکی مایـەکی بـۆ کرێکاران لەگەڵ ئەوەشدا خۆی دەکردە دەستەبەری موڵکایەتی تاکە کەس و هێزی هاوچاوی بورژووازییەکان.

فاشیزم بەخەڵکی سەلماندبوو کە دیموکراسیەتی رۆژئاوا پێکهاتەیەکی بێ هێزەو هەروەها ماف و ئازادی کەسایەتی سەنگێکی ئـەو تۆیـان نییـە، فاشیزم ئەو تێڕوانینـەی وەردەگرێـت بـەبێ گوێـدان بـەوەی بنـچیان لـەچ نـەریتێکی فەرهەنگیـدا هەیـە، ئیلهامی لەزۆربـەی رێبـازە سیاسـییەکان وەردەگرت.

ب- ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیزم [٥٨]

سۆسیالیزم له وشـەی ( Social ) بـەواتـای وا بەسـتەبوون بەکۆمەڵگـه وەرگـیراوە، نـاوی قوتـا بخانەیەکـه کـه هـەر لـه سـەرەتـای سـەرهەڵدانی فەلسەفەوە سـەرنجی هـەموو هزرڤـان و زانایـانی کۆمەڵناسـی بـەرەو لای خۆی ڕاکێشاوە و گەڵێك لایەنگری لـەدەوری خـۆی کۆکردۆتـەوە، مەبەسـت لەم زاراوەیـه ئەوەیـه کـه دەبـێ خـەڵك بەشـێوەیەکی بەکۆمـەڵ حکومـەت بەڕێوەببەن حکومەتـی تـاك ڕەوی و مولکدارێتی تـایبەتـی لەناوبچێت.

خۆشـگوزەرانی گـشتی، لـه هـەموو ڕوویەکـەوە دەسـتەبەر بکرێـت و لـه ئەنجامدا ستەم و چەوساندنەوە و خۆپەرستی لـه کۆمەڵگـەدا ریـشەکێش بکرێت چەمك و واتـای سۆسیالیزم لەگەڵ ڕابردوو گۆڕانی بەسـەر داهـات و بەسەر چەند لقێکدا دابەش بوو، له خوارەوە ئاماژە بۆ چەند نموونەیـەك دەکرێت:

١- سۆسیالیزمی پەرەپێدان.
٢- سۆسیالیزمی زانستی .
٣- سۆسیالیزمی فابیان .
٤- سۆسیالیزمی سەندیکایی.
٥- سۆسیالیزمی مەسیحی.
٦- سۆسیالیزمی مارکسی .
٧- سۆسیالیزمی لیبرال.
٨- سۆسیالیزمی پەرلەمانی.



هەواڵنامەی کتێب

سۆسیالـستەکان کۆمەڵگـەی سـەرمایەداری بەتایبـەتی لـە شـێوە لیبرالیەکەیـدا ڕەتدەکەنـەوە ئـەوان بڕوایـان بە پێـشکەوتنی ژیـان لـە کۆمەلگەدا هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش بەتەمان بـە هـەوڵێکی گـشتی و بـە ئەقڵانییـەت دونیایـەکی دادوەرانـەتر بێنـە ئـاراوە کـە هـەموو وڵاتـان لەهەلومەرجیکی یەکساندا بژین. (٥٩)

سۆسیالیزم وەکو ئایدیۆلۆژیایەك دوو لایەنی هەیە:

١- لایەنی فەلسەفی و ئەقڵانی.

سۆسیالـستەکان کۆمەڵگـەی ئێـستا بـە کۆمەڵگەیـەکی نایەکـسان و نالەبار دادەنێن، ئەوان بڕوایان بە پێشکەوتنی گشتی مرۆڤایەتی هەیە و بۆ گەیشتن بـەداهاتوو سیـستمیکی کۆمەڵایـەتی دادەڕێـژن کـە جیاوازییـە کۆمەڵایەتییەکان و زۆرداریش بنبڕبن.

سۆسیالیستەکان بـانگەشەی ئەوە دەکەن کە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤـایـەتی لـەم جیهانـەدا، تێدەکۆشـن و خـەبات دەکـەن، بـەڵام ئـەوان واتایـەکی جیاوازیان هەیە بۆ ئەو بارەی کە مرۆڤی ئێستا تیـادا هەیـە و یـان دەبـێ لەداهاتوودا بێ.

هەوالنامەی کتێب

هەروەها خوێندنەوەشیان بۆ پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگە و تاك وەکو یەك وانییە، تاقمێك تاك دەخەنە پێش کۆمەڵگە و تاقمێکیش کۆمەڵگە دەخەنە پێش تاکەوە.

٢- لایەنی ئابووری:

بەلای سۆسیالستەکانەوە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی مەینەتی کۆمەڵگە مرۆییەکان سیستمی ئابووری ئازاد و پەیوەندییە بەرهەمهێنەرەکانی ئەم سیستمەیە، واتا بەشی مەینەتی مرۆڤ لە بەرژەوەندی تاکە کەسی، نایەکسانی قووڵ، دابەشکردنی نادادپەروەرانە و نابەجێی سەرچاوەکان و پرەنسیپی زێدەبایی سەرچاوە دەگرێ.

سۆسیالستەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە هیچ کاتێك بەختەوەری گشتی بەهۆی بەرژەوەندی تاکەکەسییەوە نەهاتۆتە دی، سۆسیالستەکان بەگشتی پێیان وایە کە دەبێ خاوەندارێتی هەموو سامان و شتومەکەکان (یان خاوەندارێتی ئامرازە گشتیەکانی بەرهەمهێنان) لەکەرتی تایبەتیەوە بۆ کەرتی گشتی بگوازرێتەوە، دەست بەسەرداگرتنی بەسەر ئابووریدا تەنیا لەرێگای هەوڵی ئەقلانی وریکخراوانەدا جێبەجێ دەبێت، کە لەسەرەوەی گرووپە بەرهەمهێنەکانەوە بڕیار دەدا.

ئابووری دەبێ بچێتە ژێر فەرمانی هەلومەرجی سیاسی سۆسیالستی دەربارەی سۆسیالیزم دۆرکەهایم دەڵێ:

سۆسیالیزم بەو رێبازە دەگوترێ کە هەموو کردارە ئابوورییەکان یان هەندێکیان کە ئێستا ئاڵۆز و بڵاون بەناوەندی دەسەڵاتی سیاسی دەبەسترێتەوە ئیدی بایەخیش بەوە نادا کە حکومەتەکە بەچ شێوازێك بێ.

چوار پێوەری شیاو سۆسیالیزمی رەسەن ( لەوانی دیکە ) جیا دەکاتەوە:

١- خاوەندارێتی گشتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان.

٢- رێکخستنێکی ئابووری بەرز کە سیاسی بێت، ئابووری بەشێوەیەکی ئەقڵانی و گونجاو بەڕێوەبەرێت.

٣- بوونی رێکخراوێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی کە ئامانجەکەی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانە بێ، و پێداویستییە گشتیەکان بەهۆی کارگێڕی دیموکراسیەتی ئابووری دابین بکرێت.

٤- هەوڵدان لە پێناو ئەوەی کە دەرفەتی یەکسانی بۆ هەموو تاکەکان برەخسێ.

تایبەتمەندییەکانی ئایدیۆلۆژیای سۆسیالستی: (٦٠)

١) ئایدیۆلۆژیا لە دیدگای سۆسیالیزمەوە بوارێکی ململانێی نێوان چینەکانە و لە جوولانەوەی مێژوودا رۆڵی تایبەتی خۆی هەیە، هێڵی جیاکردنەوەی عەفەوییەت و هۆشیاری، یان گواستنەوە لە عەفەوییەتەوە

بۆ هۆشیاری لە تێگەیشتنی ئایدیۆلۆژیای گونجاو لەگەڵ جووڵانەوەی مێژوودا بەرجەستە دەبێت.

ئایدیۆلۆژیا، لە ڕوو بەڕووبوونەوەی ململانێی بواری سەرخانی كۆمەڵایەتیدا، چەكێك لە چەكەكانی خەباتی چینایەتی، سەرخستنی نەریت و ئایدیای جیهانی نوێ و بەجێهێشتن و ژێرەو ژووركردنی نەریت و ئایدیای جیهانی كۆن، شان بەشانی ئەو خەباتە سەرسەختە ئابووری و سیاسی و چینایەتیە ڕۆژانەیە لەناو كۆمەڵدا ڕوودەدات، بەشێكی گرنگیان بەخەباتی ئایدیۆلۆژییەوە بەندن.

ب- ئایدیۆلۆژیا لە دیدگای سۆسیالیزمەوە گۆڕانكاری بەسەردا دێت و لەگەڵ گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتیە مێژووییەكاندا دەگۆڕێت، هەر چەندە بواری ئایدیۆلۆژیای باو لە هۆشیاری كۆمەڵایەتیدا درەنگتر ئەو گۆڕانكارییەی بەسەردا دێت و پتر بەرهەڵستی گۆڕانكاری دەكات، بەڵام ناتوانێت لە ئاستی گۆڕانكارییەكانی بەرهەمهێنانی ماددیدا خۆی بگرێت، بۆیە هەر كۆمەڵگەیەك لە نوێبوونەوەیدا تەواوی سەرخانیشی نوێ دەبێتەوە و ئایدیۆلۆژیای نوێی گونجاوی لێ دەڕسكێ و بۆ جارێكی دیكە ئەو چینەی هۆیەكانی بەرهەمهێنانی دەست دەكەوێت ئایدیۆلۆژیای خۆی دەسەپێنێ و ئایدیۆلۆژیاو هزری خۆی دەكاتە باو لە هەموو بوارێكدا گشتی دەكاتەوە.

ج ) ئایـدیۆلۆژیا وەك چـنراوێكی هۆشـیاری كۆمەڵایـەتی، مەرجـە ماددییەكانی گەشەكردنی كۆمەڵگە، بڕیاری چۆنایەتییەكەی دەدەن، واتـە بوونی كۆمەڵایەتی، هۆشیاری كۆمەڵایەتی بەبوارە ئایدیۆلۆژییەكەیـەوە، دیاری دەكات.

بـەڵام ئایـدیۆلۆژیا، كـار لەبوونـە كۆمەڵایەتییەكـە دەكـات و پەیوەندییەكی دیالیكتیكی لەنێوان بوون و هۆشیاری، پرنـسیپ و كـردەوە ئامانج و كاری شۆڕشگێڕانە پێكدەهێنێت و پێكیانەوە گرێ دەدات.

ئایدیۆلۆژیا لەباو بوون و بڵاوبوونەوەی خۆیـدا و كاتێك لـەناو چینە چەوساوەكاندا ڕەگ دادەكوتێـت، دەبێتـە چـەكێكی كاریگـەر و هێزێكـی مەعنـەوی پڕ جـۆش و خـرۆش لەڕێكخـستنی ئـەو هێـزە چینایەتیانەی بەرژەوەندیان لەگۆڕانكارییە كۆمەڵایەتییەكاندا هەیە.

د ) تایبە تمەندییـەكانی ئایـدیۆلۆژیای سۆسیالـستی لـە بەرامبـەر تایبە تمەندییەكانی ئایدیۆلۆژیای سەرمایەداری شێوەی خۆیان وەردەگـرن و ڕووبـەڕووی تایبە تمەندییـەكانی ئایـدیۆلۆژی بـورژووازی جیهـانی ڕادەوەستن و بۆ پووچەڵ كردنەوەیان خەبات دەكەن.

ئایدیۆلۆژیای سۆسیالـستی لـە كۆمەڵگـە دوواكەوتووەكانـدا، جگـە لـە ئایـدیۆلۆژیای بـورژووازی ڕووبـەڕووی ئایـدیۆلۆژیای دەرەبەگایـەتی و تەنانەت كۆیلایەتیش دەبێتەوە، بۆیە ئەركی ئایـدیۆلۆژیای سۆسیالـستی لەم جۆرە وڵاتانـەدا زۆر گرانـە و دوژمنـانی چینایەتی لەلایـەك و هێـزی

داب و نەریتی بـاوی کۆمـەڵ لەلایـەکی دیکـەوە، سـەروەریی پێشکەوتن و گەشەکردنی لێدەگرن.

ج- ئایدیۆلۆژیای لیبرالیزم:

زاراوەی لیبرال لـە سەرچـاوەی لاتینـی ( Liber ) بـەواتای ئـازادی وەرگـیراوە، لـە قامووسـی سیاسـیدا تیۆرێکـە داکـۆکی لەسـەر پاراستنی ئازادی دەکات لە بەرامبەر هەر دامودەزگایەك کە هەڕەشە لە ئازادی مـرۆڤ بکات.

سەبارەت بە پوختەبوونی ئایدیۆلۆژیای لیبرالی، جیاوازی لەبۆچووندا هەیـە، زۆرینـە ( جـۆن لـوك ) بەدامەزرێنـەری [٦١] لیبرالیـزم ناودەبـەن، هەندێ جاریش ئابووری سیاسی کلاسیك کە لەسەر بنچینەی بۆچوونەکانی ( ئادەم سمیس ) گەڵاڵەبووە بەلیبرالیزمی ئابووری ناودەبرێ.

لێرەدا مەبەست لە ( لیبرالیزم ) ڕێبازێکی ئاوێتەیە کەکەمتر یەکپارچە بـووەو بەدرێـژایی سـەدەی نۆزدەهـەم، لەلایەکـەوە لەگـەڵ پارێزگـار و مـودێرن و تێڕامانـە کۆنـە پەرسـتە جۆراوجۆرەکـان، لەلایـەکی دیکـەوە لەگەڵ بزاڤە گەشە سەندووەکانی سۆسیالیزمدا جیاکراونەتەوە.

بێگومان ئەم ڕێبازە چەند ڕەگێکی تۆکمەی لەبیری سەردەمی ڕۆشنگەری هەیە، واتە بیرو بۆچوونی ئازادیخوازانە و ئەقڵانی سەدەی ( ١٧-١٨ )دا.

بەڵام وا دەردەکەوێت ئەم ئایدیۆلۆژیایە کاتێ بەتەواوی پوختە بـووە، نـاچار بوو لەگەڵ بیرە ڕاست و چەپەکاندا مشتومڕ بکات.

لیبرالیزمـی سـەدەی نـۆزدە دەبوایـە لەگـەڵ نـەریتپارێزی مۆدیرنـدا بکەوتـایەتـە دژایـەتی ...نـەریتپارێزی مـۆدێرن بە پێچەوانەی ڕێبـازە کۆنە پەرسـتەکانی سـەدەی هـەژدەم، لەچـەندین لایـەنی جۆراوجـۆرەوە ئایدیۆلۆژیایـەکی ئـەقڵانی بـوو، کـە هـەوڵی دەدا بـۆ بـەرگری لـەخۆی سەبارەت بەداب و نەریت، دەوڵەت و ئایین بەڵگەی ژیرانـە نیشان بـدەن، لیبرالیزمـی سـەدەی (١٩) لەگـەڵ ئـەو تێگەیـشتنە مێژووییـەدا کـە ئاشـکراترین ڕووی لـە فەلـسەفەی هیگڵـدا بەدەسـتهێنا، یـەك لایەنـە سنووری بـۆ دیـاری ئـەکرد، بـەڵکو خـۆی لـە نیـازە بنـچینەییەکاندا کەوتووەتە ژێر کاریگەرییەوە.

بیرمەنـدانی چـاخی ڕۆشـنگەری، کـە بـاوەڕێکی گەشـبینانەیان بە پێشڕەوی کۆمەڵگە هەبوو، ناچـار بـوون تـاڕادەیـەکی زۆر لـە بەرامبـەر تیۆری نەریتپارێزی، دەربارەی ئامانجی کۆتـایی مێژوو ملکەچ بکەن، ئـەم تیۆرە لەباوەڕی ئەوان کەمتر بە پێشڕەوی گەشبینانە نەبوو، بەڵام ڕێگـای گەیشتن بەو پێشڕەویانە درێژتـر و نالەبارتر دەهاتە بەرچاوی.

بەهەر حاڵ لیبرالـەکان ملیانـدا بـەوەی کـە سەرکەوتنیان کـارێ نییـە بەزووترین کـات ڕوویـدات، بۆیـە دەکـرێ بلێین، لیبرالیـزم بەشێوەیەکی گـشتی لەسـەدەی نـۆزدەدا گەلاڵـە بـووە، [٦٢] بـەلام ئـەوە ناگەیـەنێ کـە

لیبرالیـزم لەسـەدەی نـۆزدەدا بـووە بـە ئایدیۆلۆژیایـەکی یەکپارچـە، بە پێچەوانە پێویستە لەنێوان دوو بۆچوونی بنەڕەتی لیبرالیزمی سـەدەی نۆزدەدا کە تا ئەمڕۆ خاوەنی دەسەڵاتە جیاوازی بکەین:

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## بۆچوونی یەکەم //

خاوەنی ناونیشانێ نییـە کـە هـەموان پەسـەندی بکـەن، هەنـدێ جـار بەشێوەیەکی سادە بەلیبرالیزم و هەندێ جاریش بەلیبرالیزمی پـەتی نـاو دەبرێت.

ناونیشانی بـاو ئـەو لیبرالیزمـی مەنشـستەر و لیبرالیزمـی لێزفەیـەرە، ئەم بۆچوونە لە هەندێ باردا بەسۆسیالداروینزم نـاو دەبـرێ، لـەم بـارەدا مەبەست ئەو بیرکردنەوەیەیە کە تیۆری پوختەبوونی جۆرەکانی هێزیەتی بەلام داروین بـۆ ئـەم تیـۆرە، زۆرتـرین کاریگـەریی خـۆی لـە فەلـسەفەی هربرت سبـستەر وەرگرتـووە، تیـۆرێ کەلـە پێش هەمووانـدا لـە ئـەمریکا بڵاوبووەتەوە.

## بۆچوونی دووەم //

ناونیشانێکی پایەدارو بـاوی سۆسیال لیبرالیزمە، بەشـێوەیەکی گـشتی بۆچوونی دووەم لەم خاڵەدا لە لیبرالیزمی جۆری یەکەم جیادەبێتەوە، کـە هەندێ لە ڕێکخستنە دەوڵەتییەکان بـۆ نەهێـشتنی هـەژاری و نەهامـەتی

چـینی کرێکـار، ڕێگـەگرتن لـە قـۆرخکردنی ئـابووری و داکـۆکی لـە بۆچوونەکانی ( جۆن ستیوارت میل ) دەکەن لە بواری ئازادی.

لیبرالیزم کە لەقۆناغێکەوە بـۆ قۆنـاغێکی نـوێتر دەچـوو، بنـەماکانی فـراوانتر و ریشەدارتـر دەبـوو، مـافی دەنگـدان لـە [٦٢] پیـاوانی خـاوەن سامانەوە بۆ تێکـڕای پیـاوان و لـەتێکڕای پیاوانیـشەوە بـۆ هـەموو ژنـان چەسپی، ئازادی ئایینی لە دروست باوەڕییەوە بـۆ نـادروست بـاوەڕی و لـە نـادروست باوەڕیشەوە بۆ مولحیدەکان سەلمێندرا.

ڕەخـساندنی هـەلی پێـشکەوتن لـە تـاکـەکانی سـەر بـەگرووپێکی نەتەوەیی تـایبەتەوە فراوان کـرا بۆ ئـەوەی تـاکـەکانی تـەواوی گرووپـە نەتەوەییەکان بگرێتەوە.

لیبرالیزم لە قۆناغە زۆرو جۆراوجۆرەکانیدا جۆرە سیاسەتێکی جیاوازی گرتووەتـە بـەرو بەرژەوەنـدی و تێڕوانینێکـی هەمەچەشـن و جیـاوازیش پارێزگاری و پشتیوانیان لێکردووە، بەڵام وەك هەمیشە بـاوەڕێکی قووڵ و پتەوی بەتێڕوانینە بنەڕەتییەکـەی خـۆی سـەبارەت بـە حکومـەت لەسـەر بنەمای ڕەزامەندی و خواستی هاوڵاتیان و بنەمای ئازادی تـاکە کـەس لـە سایەی حوکمی یاسادا هەیە، هەر سیستمێك ئەگەر باوەڕی بەم تێڕوانینـە بنەڕەتییە نەبێت، شێوەو ئامانجی ئەو ڕژێمە هەرچی و هەرچـۆنێك بێت ناتوانرێت بە دروستی بەلیبرال ناوزەد بکرێت.

دەکرێت لێرەدا بەکورتی ئاماژە بۆ گرینگترین بەهاو بیروباوەڕەکانی ئایدیۆلۆژیای لیبرالیەت بکەین.[٦٤]

١- مافی یەکسانی لەبەردەم یاسادا بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەدا.

٢- دادوەری کۆمەلایەتی و هەوڵدان بۆ چاکسازی ناو کۆمەڵگە.

٣- مافی خاوەندارێتی تایبەت بپارێزرێت.

٤- ئازادی لە هەموو بوارەکانی بیروباوەڕ، رادەربڕین، نووسین، راگەیاندن، بیروباوەڕی ئایینی و هەڵبژاردنەکان.

٥- ڕێزلێگرتنی دەوڵەت بۆ مافەکانی مرۆڤ.

## د- ئایدیۆلۆژیای کۆنە پارێزان Conservative

ئایدیۆلۆژیای پارێزگارانە،[٦٥] جەخت لەسەر پیرۆزبوونی کەلتوور، خاوەنداریەتی، خێزان مەزهەب، دەوڵەت و دامەزراوە جێگیربووە کۆنەکانی تر دەکات و دژە بە هەر گۆڕانکاریەکی قووڵ تیایاندا دەکات.

ریشەی مێژووی ئایدیۆلۆژیای پارێزگارانە، پێویستە لەناو ئەو ڕووداوانەی لەسەر تەوژم و شەپۆل هزرگەرایی بزووتنەوەی ڕووناکبیری لیبرالیزمی ڕۆژئاوایی هاتنە ئاراوە، بیدۆزینەوە و بۆی بگەڕێین.

پارێزگــاران ســەرەتا دژ بــە ئەندێــشە نوێگەریــەکانی رۆژئــاوا ، وەك تاکگــەرایی، ئــازادی یەکسانی، هزرگــەرایی و جیاکردنــەوەی ئــایین لــە سیاسەت و دەوڵەت، بوون و بەرگریان لە زنجیرە بــوونی پلەو پایــەکان و ئیمتیــازە باوەکانیــان دەکــرد، دەکرێــت بنــەماکانی ئایــدیۆلۆژیای پارێزگارانە بەم شێوەی خوارەوە کورت بکرێتەوە.

١- دژایەتیکردنی هزرگەرایی:

پارێزگاران لە بنچینەدا گومانیــان لەوەیــە کــە دەشێت سروشــتی مــرۆڤ لەرێی هزرەوە چاکسازی بکرێت و هزری گشتگیر تــری شاراوەی نــاو کــەلتوور یان مەزهەبیان بە بەهاتر لەهزری مرۆڤیان دادەنا. بــەرای ئــەوان هــزری مرۆڤ پەیرەوی لەغەریزە مرۆڤییەکان دەکات و بزوێنەری ( کاردانەوەکانی مرۆڤیش ) لەتــاوتویٚ خوازو غەریزەکانیایە.

٢- بەرگریکردن لە مەزهەب:

بەرای پارێزگاران، مەبەست و ئــامــانجی خــوایی لــەناو ژیــانی مرۆڤــدا ئاخنراوەو ماف و ئەرکی مرۆڤەکانیش، لەو جێگەیەوە سەرچاوە دەگرێت، هزری سنووورداری مرۆڤ ناتوانێت ویستەکانی ئەو مرۆڤە بزانێت، مەزهــەب و پارێزگاری، هەردووکیان جەخت لەسەر ناتەواو بــوونی زانــستی مــرۆڤ و

پێویـست بـوونی پارێزگـارکردنی لـە نەریتـەکان زنجیرەبـوونی پلـەو پایەکان دەکات.

٣- نایەکسان بوونی سروشتی مرۆڤەکان:

بـە پێی بۆچـوونی پارێزگارەکـان، نایەکـسانیە کۆمەڵایـەتی و ئابوورییـەکان، دیاردەیـەکی سروشـتیە و هـەر هـەوڵێکی سیاسـیانە لـە بۆوەلانـانی ئـەو نایەکسانیە – تەنانـەت بـوون و بـەردەوام بـوونی ئـەو نایەکـسانیە کۆمەڵایەتیانـەش کـە کۆمەڵگـە بـەرەو پـێش دەبـات، لـە دەرئەنجامدا ناکام دەبێت و تێکدەشکێت، چونکە نایەکسان بـوون دەبێتـە هـەوێنی سـەرەکی کـارو کۆشـشکردن لـەبۆ هێنانەکایـەی یەکـسانیەکی دروسـتکراو لـە کۆمەڵگـەدا و ئەمـەش خـۆی دەبێتـە هـۆی سـەرهەڵدانی چەوسانەوە.

٤- پیرۆز بوونی خاوەندارییەتی:

لەدیـدی پارێزگارانـدا، خاوەنداریـەتیش هـەروەك خێـزان و مەزهـەب دامەزراوەیـەکی پـیرۆزەو پێویـست بـە بەڵگەهێنانـەوە و یاسـاو گفتوگـۆ ناکات.

کۆنە پارێزگاران، بەتایبەتی خاوەنـدارێتی زەوی بـە پیرۆزی دەزانـیٚ و حەزیش لـە خاوەنـدار بـوونی بازرگـانی و پیـشەسازیان نـەدەکرد، بـەڵام

پارێزگـارانی نـوێی ئـەمڕۆ، بـەرگری لـە بـازاری ئـازاد و جۆرەكـانی خاوەنداریەتی تـایبەتی دەكەن .

٥- تێڕامانی باوك سالارانه :

پارێزگـاران، دەوڵـەت بەدرێـژەی خێـزان دەزانـن و دەسەڵاتەكەشـی بەجۆرێك لە دەسەڵاتی بـاوك دەزانـن، لـەم رووەوە باوكسالاری سیاسـی، بەدیاردەیەكی سروشتی دەزانن، تەنیا لەم شێوە حكومەتـەدا بەرژەوەنـدی هەموو كۆمەڵگە و دەوڵەتی تیادا رەچاو دەكرێت، چونكە تـاكـەكانی مـرۆڤ بەیـەك رادە ژیـرنین و جیـاوازی نێوانیـشیان سروشـتیە، بۆیـە پێویـستە نوخبەو تـاكە هەڵكەوتووەكان، زۆرینەی خەڵكی رێنمایی بكەن.

بەشـێویەكی گـشتی پارێزگـاران دژ بـەلیبرالیزم وەسـتاون لەبەرامبـەر ئەندێشەی ئازادی و دیموكراسی و یەكسانی كۆمەڵایەتیشدا پارێزگـاران كـەڵك لەنەریتـەكان و پلـەدار بـوونی كۆمەڵایـەتی وەردەگـرن، جیـا نەكردنەوەی مەزهەب لەكۆمەڵگەو دەوڵەت، ئـاكارو خورەوشتی نەریتانـە، باوكسالاری كۆمەڵایەتی و سیاسی و نوخبەگەرایی وەردەگرن و پارێزگـاری لێ دەكەن.

# ■ دەیەم

## ئایا ڕاستە ئایدیۆلۆژیا کۆتایی هات؟

لەدەورویـەری ناوەڕاسـتی سـەدەی بیـستەمدا، بـاڵی هەمـەجۆری کۆنەپارێزی بە کۆمەڵ و لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی، لە زۆر وڵاتـدا ڕۆڵێکـی بەرچاویان هەبوو، جیاوازیشیان هێندە فـراوان نـەبوو کـە هەمیـشە دیـار بێت.(٦٦)

بەرهەڵستی سەرەکییان لە کایەی سیاسیدا هـزری سۆسیال دیمـوکرات بوو، سۆسیال دیموکراتیش وەك بنەمای گەمەی سیاسـی دیموکراتیانـە و هەروەها سەرمایەداریتیەی بەلایانەوە چاکسازی بوو، پەسەندی کردبوو.

پـاش شـکاندنی فاشیزم ناکۆکییـە ئایدیۆلۆژییـەکان زۆر بەئاشکرا نەدەکەوتنە بەرچاو، ئەوی لەو بوارەدا مایەوە تەنیا کۆمۆنیـستی بـوو لـە ماوەی شەڕی ساردا کۆمۆنیستی بەبابەتێکی تـایبەت و ڕێز پەردادەنرا.

ئەوەیە پاش خانی ئەو بۆچوونەی کە لە مردنـی ئـایـدیۆلۆژیا دەداو لـە زۆربەی وڵاتـانی ئەمریکاو ئەوروپای ڕۆژئـاوادا پـاش شـەڕی جیهـانی دووەم برەوی سەند.

---

دەگوترا سیاسەت خەریکە دەبێتە هونەرێکی ئەندازیارانە، کێشانە و پێوانەی وردی دەوێ نەك تەنیا بیروڕای ئەریتگەری، ڕێککەوتنێکی بەر فراوان هەیە لەسەر دۆزە سیاسیە بنەڕەتیەکان و هەتا دێ ئەو ڕێککەوتنە فراوانتر دەبێ.

## بەڵگەکانی باوەڕی کۆتایی هاتن بە ئایدیۆلۆژیا زۆر و جۆراوجۆرن:

١- ئەگەر پەرەسەندی ئابووری لە کۆمەڵگەدا باش بێت و سوودی کۆمەڵانی خەلکی تێدا بێت، ئەوا ناکۆکی سیاسی کز دەبێتەوە.

٢- خودی حوکمڕانی دیموکراسیانە بەهەڵبژاردنی گشتی و فرەیی.. ڕێگا بۆ لادانی ئایدیۆلۆژیا خۆش دەکات، ئەو ڕێبازە سیاسیانەی بنەمای گەمەی دیموکراسیانە پەسەند دەکەن بەر لەهەر شتێك (یان – ئایدیۆلۆژیا )یەکی هاوکۆ بۆخیان دەسەلمێنن.

٣- داماڵینی ئایدیۆلۆژیا تەنیا چەند دەوڵەتێکی رۆژئاوای ئەورووپاو باکووری ئەمریکا ناگرێتەوە بەڵکو لە ئەنجامدا هەموو جیهان دەگرێتەوە، زلهێزەکان باس لە هاوژیانێکی ئاشتیخوازانە دەکەن و لە چەندین دۆزدا کە جاران جێی ناکۆکیان بووەو ئێستا ڕێکن.

٤- لەسایەی پێشکەوتنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانیاری دەربارەی سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵگە زۆربووە، ئەو کۆسپانەی جاران دەبوونە هۆی جیابوونەوەی ئایدیۆلۆژی و حزبایەتی ئێستا لەبەر ئەوەی دەزانین چۆن چارە دەکرێن ئەو رۆڵەیان نەماوە.

بەراورد و هەڵسەنگاندنی ئەو بەڵگانەی لەسەر کۆتایی هاتن بەرۆڵی ئایدیۆلۆژیادا باسکراون:

بەڵگەی یەکەم و سێیەم لە ساڵانی (١٩٥٠) و سەرەتاکانی (١٩٦٠) دا رۆڵێکی گرینگیان هەبوو، ئەو بیروڕایەی دەیگوت بەزیادبوونی گەشەکردن ناکۆکی ئایدیولۆژی لەناو دەچێت. هەر لەو دەمەشەدا هەوڵێك درا کە بەڵگەی یەکەم و دووەم بدرێن لەیەك و دەگوترا گوایە دیموکراسیەت دەستەبەریکە بۆ پێشکەوتنی ئابووری.

بەڵگەی دووەم کە باس لەوە دەکات حوکمی دیموکراسی ئارەزووی رێککەوتنی هەیە لەسەر (بان – ئایدیۆلۆژیا) یەکی هاوکۆ، لە هەمووی پتەوتر دەرچوو هەتا ئێستاش ئەم بەڵگەیە لەسەر ژیانە، بەلام ئەمەشیان بێ کۆسپ نییە، کاتێ دەگوترێ (دیموکراسی یان – ئایدیۆلۆژیا) پێکدێنێ بەم بیروبۆچوونە فرە واتا دەردەچێ، لەبەر ئەوەی چەمکی دیموکراسیەت بۆ خۆی فرە واتایە.

دیموکراسیەت دەکرێت بەمانای سیاسی دیاریکراو بەکار بێت، بەلام دەشێ بەواتای پێکهاتەیەکیشی بێت کە تێیدا خەڵکی بێ گوێدان بە پلەو

پایەی کۆمەڵایەتی، نەك تـەنیا بەرووانـەت بـەڵکو بەڕاستیش دەستی لەبڕیار و چارەسەرکردندا هەبێت و بەو جۆرەش ئازادییەکی بەرفروانیان هەبێت.

کەواتە: یان - ئایدیۆلۆژی - و دیموکراسی دەشێ واتایەکی قـووڵتر و بنچینە تری هەبێت هاتـا قـووڵتریش بێت زیـاتر جیـاوازی دەخاتـە نـاو حزبەکانـەوە، ئـەوەش بابـەتێکی جودایـە لـەوەی دەڵـێ دیموکراسـی لەرۆژئاوا داوای چارەساز و یـەکگرتنی ئایدیۆلۆژیانـە دەکـات، ئاشکرایە کە ئەو پرسانەی جاران پارتەکانی لەیەك جیا دەکردەوە ئێستا بەو جۆرە نین، بەهۆی جیاوازی بەرنامە و کاری ئەو حزبانە.

لایەنی ئایـدیولۆژی بووەتـە رانوانـدنێك لـە چـەند وشـەیەکی شکۆدار وەك: دیموکراسـی، ئـازادی یەکـسانی، ژیـانی رۆژانـەی نـاو پەرلـەمان خەسڵەتی سازدان و ڕێککەوتنی وەرگرتووە.

بەڵام مەرج نییە ئەم ئارەزووی هاو ڕێبازییـە هـەتا هەتایـە بـەردەوام بێت، مەرجیش نییە هەر لەبـەر ئـەوەی پارتـە سیاسیە سەرکەوتووەکان نەیانتوانیوە ئایدیۆلۆژی بەزیندوویی بپارێزن ئیدی دەبێ بمرێ.

بەڵگەی چوارەم کـە دەڵـێ هەڵکشانی زانیـاری دەربـارەی هەلومـەرجی سیاسی و ئـابووری و کۆمەڵایـەتی بـواری ئـاکۆکی ئایـدیۆلۆژی بەرتەسك دەکاتەوە، لە هەمووان هۆشگیرترە.

باوترین نموونەی ئەم بەڵگەیە لە بواری سیاسەتی ئابووری دەهێنرێتەوە، ئەو تیۆرە ئابوورییەی ناوی (کینز)ی هەڵگرتووە، دەڵێ بەزانیاری ورد دەربارەی چۆنییەتی کارکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، دەتوانین بەسەر ململانێی ئایدیۆلۆژیدا زاڵبین، ئەمە یەك لە نموونەکانی ئەم باسەیە.

لە سەرەتای شەستەکان پاشەکشە بەم ڕێبازە هزرییە کرا کە دەیگوت زانیاری بەجۆرە تەکنیکێکی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنرێت، ئەم پاشەکشەیەش بوارەکانی دیکەشی گرتەوە (سایکۆلۆژی و کۆمەڵناسی)، ئەمەش بووە هۆیەکی گرینگ بۆ گریمانەی مردنی ئایدۆلۆژی.

هۆیەکی دیکەی گرینگتر ئەوە بوو کە لە چەندین بواری فراواندا ناکۆکی ئایدیۆلۆژی بەرهەستتر دەبوون، پەشێوی ناو بازاڕی کار، بەهۆی هەڵکشانی بێکارییەوە، تەنانەت لە دەوڵەتە پیشەسازییەکاندا پەرەی سەند، ئەو حزبانەی تا دوێنێ ڕێك بوون، ڕێکنەوتنێکی هزری قووڵیان لێ ئاشکرا بوو، ئایین لە هەموو لایەکی جیهان ڕۆڵی هەڵکشاویان پەیدا کرد.

لە ماوەی دەمەو کۆتایی هاتنی سالانی هەشتاکان مۆرکی زیندووبوونەوەی ئایدیۆلۆژیای پێوە بەدەرکەوت.[٦٧] لە دەوروبەری سالی (١٩٧٠)دا بەر لە هەمووان سۆسیالیزم خۆی پێش خست بەتایبەتی لەناو خوێندکار و بیرمەندان، مردنی ئایدیۆلۆژیا و کۆتایی هاتنی مێژوو، ئەم

واتایە، سەرەڕای مۆرکە ڕزگارکەرییەکەی لە دیلی دیماگۆگیەت بەڕووالەت، بەلام چەندین واتای تر لەخۆ دەگرێت، کەمترینیان کە مۆرکێکی ڕێنماییانەی ساکاری هەلگرتووە و بانگەوازێکی ئایدۆلۆژیانەی زەقەو وەك ئەوەی بۆ سالانێکی دووردرێژ ئایدیۆلۆژیای مارکسی فەرمی دەناساند، چونکە زالبوونی هزری لیبرالی و سیستمی سەرمایەداری لەسەر ئاستی جیهان، هەروەها سەرکەوتنیان بەسەر ئایدیۆلۆژییەکانی تر و روخاندنی مارکسیزم، ئەوانە تەنیا بیرۆکەیەکی ئایدیۆلۆژی رووتن، نەك بانگەوازێکی هزری بێت بۆ ڕزگاربوون لە ئایدیۆلۆژیا دوگماکان و گشتیکردنی ئەقلانییەتی هزری ئازاد و ئابووری ئازاد و جیهانی ئازاد، هەروەك – فوکویاما – دەریدەبڕێت.

پوختەی بۆچوونەکان، لیبرالیەت وەك هزر و فەلسەفەی ڕێکخراو، هەروەها وەك سیستمێکی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی، کە لە مێژوودا وەك ئایدیۆلۆژیاکان ناسراون، نموونەی ئەو وەك هەموو تیۆرە فەلسەفییەکانی تر کە لەسەر بنەمایەکی ئایدیۆلۆژی بنیادنراون ئەوەش هەر لە سەردەمی یەکەم تیۆرزانی ئایدیۆلۆژیای لیبرالی لە بواری ئابووری و سیاسەت لە ( ئادەم سمیس ) تا ( فوکویاما ) و کەسانی تر.

بۆیە گوتن بەمردنی ئایدیۆلۆژیا لە بواری گۆڕانکارییە هزری و فەلسەفی و ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکان لەگەل کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەم هیچ بەلگەیەکی لۆژیکی و

فاکتەرەکانی نەدۆزیوەتەوە ئەگەر مەبەستیش لە پشتی ئەو بۆچوونانە بەکۆتایی هاتنی سەردەمی ئایدیۆلۆژیا بەلگەهێنانەوە بێت لەمەڕ بەستنەوەی بەشێوەیەکی میکانیکی، بە هزرە گشتگیرییەکە بەتایبەتی کۆمۆنیستی، هەروەها بەستنەوەی بێت بەتێشکانی ئەو ئایدیۆلۆژیایانە، چ وەك چەمك و پراکتیك بەرووخاندنی یەکێتی سۆڤیەت و دەولەتە سۆسیالستەکانی تر، ئەوا وەلامی گونجاو بۆ خاوەن ئەم جۆرە بیرکردنەوەو بیردۆزانە بدرێتەوە دەبێت لە ئاماژەکردن بۆ نەقلانییەتی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئایدیۆلۆژییەی کە مارکسیزم بەجێیهێشتووە، بەم دیاردانەی خوارەوە:

١. گۆڕان لە شێوازی هەلسوڕاندنی ململانێیەکان لەجیهاندا، کە خۆی دەنوێنێ لە شێوەکانی نەقلییەتی عەسکەرتارییەتی یەکلایەنە.

٢. تەقینەوەی ململانێیە نەتەوایەتی و رەگەزایەتی و ئایینەکان، ترازان لەنێوان دەولەتان و ناوچە هەرێمایەتیەکان و پارچە بوونیان.

٣. سەرهەلدان و زۆربوونی چەندین شێوەی نوێ و پێشبین نەکراو لە ئایدیۆلۆژییە ئایینیە توندڕەوەکان.

## ■ یازدەهەم:

# کوردایەتی و ئایدیۆلۆژیا
# لە کۆمەڵگەی کوردیدا

أ) کێشەی گەلی کوردستان وەك خاکێکی دابەشکراو و نەتەوەیەکی پەرتەوازەی بێ دەوڵەت، یەك لە کێشە مێژووییە هەرە ئاڵۆزەکانە تا ئێستا چارەسەر نەکراوە، بۆیە نە لەڕووی شوێنەواری سیاسی و نە لەڕووی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە، وێنەی زۆر کەمە و چارەسەری هیچ ئەزموونێکی دیکەی بەسەر دا جێ بەجێ نابێت.

کوردستان سەرەڕای مێژووی پڕ داگیرکاری و ژێردەستەیی و کارگەرییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی ئەو سەدان ساڵی داگیرکردن و ژێردەستەیی و شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەی بەردەوام و مێژووییەکی پڕ لەتوندوتیژی، وێڕای نەبوونی ئەزمونێکی حوکمڕانی و

بەڕێوەبردنی دەوڵەت و سەربەخۆنەبوونی تا ئێستای کوردستان، سەرباری پیلان و گەلەکۆمەکی دەوروبەرو هەڵکەوتنی کوردستان لە ناوچەیەکی وەکو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پڕ کێشە و ناسەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی و دواکەوتنی ئابووری و ململانێی کەلتووری.

کۆمەڵگەی کوردی بەدرێژایی مێژوویی لە هەوڵی بەردەوام و بێ پسانەوە و ماندووبوون بۆ بەدیهێنانی ئازادی و مافە (٦٨) مرۆڤایەتییەکانی، لەو هەلومەرجە دژوارەدا توانیوویەتی پارێزگاری بوونی بکات، بنەما کۆمەڵایەتییەکانی بپارێزێت، لەسەر ئەو خاکە دیاریکراوەی نیشتەجێیەتی دامەزراوە و سیستمی کۆمەڵایەتی خۆی دامەزراندووە و لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دەوروبەریدا تێکەڵی و پەیوەندی هەبووە.

بەدرێژایی پێنج سەدە لە مێژووی کۆمەڵگەی کوردی، بەقۆناغە کاریگەرییەکان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی مێژووییدا تێپەڕ بووە، هۆز، سەرکردایەتی، دەوڵەتی سەرەتایی، بەڵام بەرەوتێکی بەرەو خوار، هەڵوەشاندنەوە لەدامەزراوە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی کوردی، ئەنجامیکی ڕاستەوخۆیە بۆ پەرەسەندنی دامەزراوە سیاسییەکان لەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیر کردووە. (٦٩)

بێگومان پرسی نەتەوایەتی ڕاستییەکی واقیعییە و بوون و کاریگەرییەکی ڕاستەقینە و گوزارشتێکی ڕوون و ئاشکرایە لە هەموو

ئاستەکانی ژیـانی کۆمەڵایـەتی رۆژانـەی میللەتـدا، کۆمەڵگـەی کـوردیش وەك هـەر کۆمەڵگەیـەکی مرۆیـی، بنـەماکانی لـە دوو جـۆری سـەرەکی پێکدێن:

١- بنەما پێکهێنەرەکان: وەك (خـاك، نیشتمان، دانیشتوان، زمـان، مێژوو).

٢- بنەما وەزیفییەکان: وەك کەلتوور، سیاسەت، ئایین، ئابووری.[٧٠]

ئەزموونی کورد تاکە ئەزموونە لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە زۆر ناچاری نییە ناسیونالیزمی کوردی بەهەمان شێوەی ناسیونالیزمی فەرەنسی یان ئەڵمانی تێپەڕ ببێ، چونکە وەك دەزانین هەر کۆمەڵگەیەك بارودۆخێکی کەلتووری و سیاسی و مێژوویی تایبەتی خۆی هەیە.

ناسیونالیزم وەك زۆربەی زانایانی ئەم بابەتە جەختی لەسەر دەکەن بریتی نییە تەنیا لە ئایدیۆلۆژیایەك بەڵکو تەوەرێکی دیالیکتیکییە لەنێوان نەتەوە و ناسنامەی نەتەوە.[٧١]

لە زمانی کوردیدا وشەی کوردایەتی بەشێوە باوەکەی بۆ زۆرشت کە پەیوەندی بەبوونی کوردەوە هەیە بەکار دەهێنرێت، بەتایبەتی کوردایەتی وەکو ناسیونالیزم، نیشتمان پەروەری، بزوتنەوەی نەتەوایەتی، هەروەها کوردایەتی کردنیش مانای چالاکانە بەشداریکردنە لە بزوتنەوەی ناسینالیزمی کوردیدا.

ب ) مێـژووی کـورد لـە کوردسـتانی عێـراق تـەنها بریتـی بـووە لـە زنجیرەیـەك ململانێـی پارتـە سیاسییەکان لەگـەڵ [٧٢] دەسـەڵاتە یـەك لەدوای یەکـەکانی عێـراق، ئەمـەش وایکـردووە کـە سـەرجەم ژیـانی ئـەم کۆمەڵگەیە لە چاوەڕوانی بەدیهاتنی مافە سیاسییەکانی بێت.

لـەم هەلومەرجـەدا مێـژووی کـوردی هاوچـەرخ لـە کۆمەڵـە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی تێکەڵ و دژ بەیەك پێکهاتووە. مرۆڤ لـەو وڵاتـەدا بەردەوام لە قەیران و گێژاودا کە چواردەوری گرتـووە دەژێـت و ترسـی لـە دواڕۆژ لەناخیدایە.

لەکوردسـتان ڕەوتـە هـزری و سیاسـی و ڕۆشـنبیرییە جۆراوجـۆر و دژ بـە یەکەکانی واقعیکە مرۆڤی کورد ئاسان نییە خۆی لێ دەرباز بکات، بـەڵکو هۆکارێکە بۆ وونکردنی کەسایەتی و لاوازکردنی تواناکانی بەرگری کـردن و خۆ رزگارکردن کە بازنەی هۆشیاری لەباری تەسك کردووەتەوە. [٧٣]

کورد سەرەڕای گرینگی و ڕەوایی کێشەکەی کەچی تـاکو ئێـستا خـاوەن کەسـایەتی یاسـایی خـۆی نییـە و تەنانـەت [٧٤] نـاتوانێ لەبـەردەم ئەنجومەنـەکانی مـافی مـرۆڤ سـەر بـەڕێکخراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان ئامادە بێت.

ئەو تـابلۆیەی زۆربـەی ڕۆژهەڵاتناسـان بـۆ کەسـایەتی تـاکی کوردیـان نەخشاندووە تـاڕادەیەك تـابلۆیـەکی پۆزەتیڤـە کـە جـەخت دەکاتـە سـەر ئەوەی کورد، جوانن، زیرەکن، ئـازا و بەجـەرگن، خـاوەن بـەڵێن و قـسەی

خۆبانن، دڵپاك و بـەباوەڕن، ڕێـز لـەئافرەت دەگـرن، حـەز لەئاهـەنگ و مۆسیقا دەکەن.

هەرچەندە تـابلۆکە لایەنی نەگەتیڤی زۆریشی تێدایـە، بـەلام لایەنـە پۆزەتیڤەکەی زاڵ تـر.

دەکرێت دوو جۆرە هۆکاری سەرەکی لەسەر پێکهاتەی کەسایەتی کـوردی دیاری بکرێت.[٧٥]

١- هۆکـــاری کۆمەلایـــەتی وەك شـــێوازی ژیـــان و پـــەروەردەی کۆمەلایەتی.

٢- هۆکاری سیاسی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەژیانی سیاسی و جـۆر و شێوازی پەروەردەی سیاسی هەیە لەسەر ئاستی گـرووپ و کۆمەڵـە و حزبـی سیاسی کە چەندین بیرو بۆچوونی ئایدیۆلۆژیای جیاواز دەگرێتە خۆی.

تێکـــچوونی سیـــستم و گـــۆڕانی بـــەها کۆمەلایـــەتی و سیاســـی و کەلتوورییـــەکانی کۆمەڵگـــەی کوردســـتان، لـــە ڕەهەنـــدە دیارەکـــانی ناسەقامگیری سیاسـی کوردسـتانە، بـەهاکان لەچـەمکە جەوهەرییـەکانی هەموو بوارەکانی (کۆمەلایەتی – سیاسی – ئابووری) دەژمێردرێت چـونکە کار دەکاتە سەر تێکڕای پەیوەندییە مرۆییەکان.

بـەهاکان زەرورەتێکـی کۆمەلایـەتین، لەبـەر ئـەوەی کۆمەڵـە پێـوەر و ئاما نجێکن پێویستە لە هەموو سیستمێکدا هەبن، سیستمی کۆمەلایەتی و ڕۆڵە کۆمەلایەتییەکان، بەبێ بەهاکان ناتوانن بەردەوام بـن و ئامـا نجی

تاکەکان و کۆمەڵگە بـەجێ بگەیـەنن، تێکچوونی بـەهاکان، سەرچاوەی کۆمەڵێك کێشەی لەو بابەتە گەورانەن وەك: نـاکۆکی تونـد و پێکـدادان، دەستکەوتی ئاسان، پاراستنی بەرژەوەندییـە تایبەتییـەکان، گوێنـەدان بە بەرژەوەندی گشتی .

ڕیفـۆرمی یاسـایی بەتـەنیا ناتوانێـت چارەسـەری کێـشەیەك بکـات ڕەگوڕیشەی زۆر قووڵی کەلتووری هەبێت.

ج ) گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییـەکان لـە هـەموو بەشـەکانی کوردستان لەسەر هەمان شێواز و ڕەوت وەك یەك گەشـەی نـەکردووە، هـەر ناوچەیەك یان بەشێکی کوردستان تایبە تمەنـدی خـۆی هـەبووە بـەهۆی بەستنەوەی بە سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتی ناوەندی بەشەکە.

بەگشتی ڕەنگە کۆمەڵە فاکتـەرێکی هاوبـەش ببنـە هـۆی گەشـە پێدانی دەسـەڵاتی ناوەنـدی وەك: شـۆڕش و ڕا پەڕینـە چـەکدارییەکان دژ بـە دەسەڵاتی ناوەندی و سـەرهەڵدانی قوتا بخانـە و ڕۆڵـی پیـاوانی ئـایینی هـەروەها گەشـەکردنی ئـەدەب و هونـەری کـوردی و پـەیـدابوونی چینێکی ڕۆشنبیری دەرکردنی ڕۆژنامە و چا پەمەنی جۆراوجۆر.

# گرینگترین ئاکار و خەسڵەتەکانی
# ئەم قۆناغەی کۆمەڵگەی کوردی

١- فرەکە کەلتوورییەکی تێکەڵاو بەدرێژایی مێژوو لەڕووی ئەپنی و ئایینیەوە.

٢- دابەشبوونی کوردستان بەسەر چوار پارچەدا، کە جگە لە کورد سێ نەتەوەی دەسەڵاتداری دیکەیان تێدا دەژی، ئەگەر چی کورد لە هەر چوار پارچەدا خۆی بەیەك دەزانێ و لەڕووی جوگرافیشەوە پارچەکانی درێژبوونەوەی یەکترین بەڵام ئەو دابەشبوونە زۆرەملێیە، واقعێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری سەپاندووە.

٣- بەها کۆمەڵایەتییەکان کە لایەنێکی گرینگی سیستمی کۆمەڵایەتی پێکدێنێ بەرەو ڕووی گۆڕانکاری و بیرو بۆچوونەکانی سەردەم هاتوون.

٤- لاوازی رۆڵی ڕێکخراو کۆمەڵەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان.

٥- دەزگاکانی ڕاگەیانـدن درێـژ بوونەوەیەکـە بـۆ ڕاگەیانـدنی سـەردەمی خەبات و شۆڕشی چەکدرای خەلکی کوردستان، زۆربەیان دەزگای حزبین.

٦- کشانەوە و بەدواداني ڕەوتـی نەتەوایـەتی و لاوازی هەسـتی ئینتمـای نیشتمانی.

٧- بایەخ پێدان بە ئایین و گەشانەوەی ڕەوتە ئـایینیە توندڕەوەکان.

٨- بـەهاکانی ئینتمـای هـۆز و بنەماڵـە گەشـەی بـەخۆوە دیـوە و لـەناو چەمك و تیۆروانینە سیاسییە باوەکان جێگای خۆی کردووەتەوە.

٩- بەهێزبوون و گەشە پێدانی هۆشیاری کۆمەلایـەتی و هەسـت بـەژیانی دیموکراسیانە و مافەکانی مرۆڤ و دادوەری کۆمەلایەتی.

١٠-زۆربـــوونی ڕادەی دەوڵەمەنـــدی لـــەڕووی ئابوورییـــەوە، کـــە داوای دەســـەلاتی سیاســـی و پێگەیـــەکی کۆمەلایـــەتی دەکـــەن لەگـــەلْ پێگـــە ئابوورییەکەیان بگونجێ، لە پاڵ ئەمەدا زۆربوونی ژمارەی ئەو توێژانـەی ئاستی گوزەرانیان باش نییە.

١١-جوولە و کۆچی زیاتر لە گوندەوە بۆ شار، لەبەر هۆکاری جۆراوجۆر.

١٢- زیـادبوونی تواناکـان بـۆ ڕێکخسـتنی کۆمەلایـەتی و زۆربـوونی داواکاری بەسەر حکومەتەکان، کە فاکتەرێکی گرینگی ڕەخنە و نارەزاییە.

د) ڕۆڵی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لەژیانی کۆمەلگەی کوردیدا:

ڕۆڵـی پـارت و ڕێکخـراوە سیاسـییەکان لـەناو کایـەی سیاسـیدا گرینگییـەکی بەرچـاوی هەیـە لـە بـەرەو پێشبردن و گۆڕانکارییەکانـدا، چونکە هەروەك وتراوە ( حـزب بـچووکراوەی دەوڵەتـە لـەناو کۆمەڵگـەدا ) ئـەم دەربڕینـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو ئەرکـە گرینگانـەی حـزب وەك پێکهاتەیەکی سیاسی ئامانجدار لە ئەستۆی دەگرێت. [٧٦]

ڕۆڵی حزب ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بەو ژینگەیـەی کـە تیـادا دەژی، بەلێکدانەوەیەکی مێژوویی و فاکتـەر و پاشخانی سیاسی و دامەزرانـدنی حزبـە ساسـییەکانی ئـەمڕۆی کوردسـتان و ڕەگـو ڕیـشە و پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتیان و بـە سـەرنجێکی خێـراش بەچـۆنییەتی هەڵـسوکەوت و ڕەفتاری سیاسیان و فاکتەرەکانی ئەندامێتی و لایەنگیری تاکەکان بۆ ئەم حزبانـە و بـەراوردکردنی لەگـەڵ ئـەو شیکردنەوە کۆمەڵناسـیانە، دەمانگەیەنێتـە ئـەو دەرئە نجامـەی پاشـخانی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی حزبـەکانی کوردسـتان ڕۆڵـی هـەرە کاریگـەر دەبیـنن لـە چـۆنییەتی دروستبوون و سیاسیەت و پرۆگرام و ڕەفتاری سیاسـی و کۆمەڵایـەتی ئـەم حزبانە، لە ئاکامدا ئایدیۆلۆژیای باوی ناو کۆمەڵگە.

ئەمڕۆ لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا چەندین ئایدیۆلۆژیای هزری و سیاسی جیـاواز ڕەگوڕیـشەیان بڵاوبووەتـەوە و لـەناو چـین و توێـژەکانی کۆمـەڵ ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتیان لەدەور کۆ بووەتەوە.

دەکرێت ئاماژە بۆ چەند جۆرێکی باوی ئەو ئایدیۆلۆژیایانە بکەین:

١- هزری چەپی توند وەکو کۆمۆنیستی و جۆری تر.

٢- هزری ناسیونالیستی.

٣- هزری ئایینی.

٤- هزری سۆسیال دیموکرات.

هەرچەندە حزبەکانی کوردستان بەتایبەتی حزبەکانی بەر لە ڕاپەڕین، حزبی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئامانجی [٧٧] دیموکراسیان هەبووە، واقیعی سیاسی ناچاری کردبوون، حزبی شۆڕشگێڕ و ڕادیکالیش بن، بەڵام پێش بینی دەکرا دوای ڕاپەڕین پرۆسەی دیموکراسی و دامەزراوە دیموکراسییە هاوچەرخەکان جێگیربن، حزبەکانیش پەیڕەو و پرۆگرامی خۆیان بگۆڕن و هەموو ئەو بارگرانەی ئایدیۆلۆژیا وەلانێن و بە میکانیزمی دیموکراسییانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و پێش هاتە و ململانێیە سیاسییەکانی بکەن.

هەواڵنامەی کتێب

## ■ دووازدەهەم :

### تايبەتمەندييەكانى ئايديۆلۆژيا ( هەڵسەنگاندن )

هەواڵنامەی کتێب

١- ئايـديۆلۆژيا پەيوەندييـەكى بەدامـەزراوە كۆمەڵايەتييـەكانى مەعريفـە هەيـە، لـەم بـوارەدا فـەرمانێكى زەرورى [٧٨] لـە ئەسـتۆدايە جێبەجێى دەكات.

٢- سـاختە و گـومڕايى رووە نەخۆشـييەكەى لـە فەرمانـەكانى ئايديۆلۆژيايە، بەڵام ئەوە وا ناگەيەنێت كە تواناى بنبڕكردنى هەبێت.

٣- هەمـە لايـەنى ئايـديۆلۆژيا بـۆ هـەموو ئـەو شـێوە بيركردنەوانـە، ئايديۆلۆژيا هەوڵدەدات راڤەيەكى گشتگيرى جيهـان بكـات بەرهەمەكـەى جۆرەكانى مەعريفەيە ( ئەگەر ساختەش بێت ).

٤- هزرە ئەندیشەییەکان، بێزاری و هەڕەشە پێکدێنن، بۆ ئەو بوارەی ئایدیۆلۆژیا بە سەریدا زاڵە ئەنجامەکەشی خۆبەستنەوەی کۆمەڵگەی چەوساوە بەو ئەندێشەیە، ڕەنگە باری کۆمەڵایەتی بشلەژێنێ و گوتارێکی توندی خوێناوی لێ پەیدا بێت.

٥- گفتوگۆکردن دەربارەی زانستێکی تێکۆشەرانە و زانستێکی بورژووازیانە (بەبۆچوونی لینین) ڕەخنەگرتن لە ئایدیۆلۆژیای مارکسی، دەکاتە ئایدیۆلۆژیایەکی رووت.

٦- ئایدیۆلۆژیا بەڵگەو بیانووی جێبەجێکردنی ویستە تایبەتییەکانی حزبێک، ڕێکخراوێک یاخود کۆمەڵێک یان تاکتیک دەردەبڕێت، وەک ئامرازێک بۆ چەواشەکردنی مەرامە تایبەتیەکان بەکاری دەهێنێت.

٧- ئایدیۆلۆژیا پەیوەستە بە کۆمەڵێکی دیاریکراو لە بەها، هەر ئایدیۆلۆژیایەك پەیوەستە بەکۆمەڵێکی دیاریکراو (٧٩) لەباها یاخود ئەو ئامانجەی کە دەیەوێت بەرجەستەی بکات، ئەمە ئەو پەیوەندییەیە کە ئایدیۆلۆژیا لەزانست جیا دەکاتەوە، ئایدیۆلۆژیا ئەحکامە بەهاییە دیاریکراوەکان لەخۆدەگرێت و هەوڵدەدات نەك هەر ڕاڤەیەکی واقیع بکات بەڵکو هەڵیشی سەنگێنێ و حوکمی لەسەر دەدات، سەرەڕای ئەوە ئایدیۆلۆژیا وا لەزاتەکان دەکات کە لە پێناو کاری کۆمەڵایەتیدا تێبکۆشن.

٨- ئایـدیۆلۆژیا وەك بیروبـاوەڕ لەگـەڵ تێپـەڕبوونی کاتـدا تووشـی بنبەست دەبێت و ئـەو زانیاریانـەی پێکی دەهێنن بـەهۆی پێشکەوتنی زانیارییـەکان و ئـەو گۆڕانکاریانـەی بەسـەر واقیعـدا دێـن، روو لـە کەموکورتی دەبن، لەبەر ئەوە ئایـدیۆلۆژیا تایبە تمەندی زانستی تێدا نابێت و ناتوانرێت لـە لێکدانـەوەی سروشت و بیر و کۆمەڵ پشتی پێ ببەسترێت.

٩- ئایدیۆلۆژیا کاتێك بەهۆی دەسەڵاتی سیاسی ( هەڵگەڕاوە ) شێوازی بیرکردنەوەی باو پێکدێنێت، دەچێتە [٨٠] سەنگەری بـەرگری لێکردن لـە کۆمەڵێك چەمکی هزری و سیاسی سەردەمێکی رابـردوو یان بـەئامرازێکی دەستی دەسەڵاتە سیاسیەکەی وەردەگیرێت و بەرگری لەرابردوو دەکات.

١٠-کارتێکردنی ئایدیۆلۆژیا لە بزواندنی جەماوری، ئایـدیۆلۆژیا لـە هەوڵی تێرکردنی خواستە [٨١] سایکۆلۆژییاکانی جەماوەر دەبێت، ئـەوەش بە بەرچاوخستنی نموونە و شێوازی دیاریکراو لـەرەفتار و کەمکردنـەوەی دڵـەڕاوکێ و ڕاڕایـی کـە بەدەستییەوە دەناڵێنن، یـاخود ڕێکخستن و ئاراستەکردنی ویستەکانی مرۆڤ و بەدیهێنانی ئاما نجەکانیان.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# کۆتایی:

## باڵادەستی ئایدیۆلۆژیا

مـرۆڤ زینـدەوەرێکی بـەتواناو داهێنـەرە، توانـاو داهێنانـەکانی پەیوەسته بـەو رووبـەرە ئازادییـەی تیـا دەبزوێـت. لەڕاسـتیدا چـێژ وەرگرتنیـشی لـەو ئازادییـە بەنـدە بـەرادەی کاریگـەری و جووڵـەی بیرکردنەوە و بۆچوونەکانی لەو بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەدا.

بـیروڕاو ئاراسته هزرییـەکانی مرۆڤ رەنگـە ببنـە هێزێکـی سیاسـی و زانیاری دەکرێت له ماوەیدا ژیانی کۆمەڵگەی پێ ئاراسته بکرێت.

ژیان بەتێکرایی گەڕان و لێکۆڵینەوەی بەردەوامە بـەدوای ئەقڵانییـەت و دیاریکردنی کێشەو دۆزینـەوەی چارەسـەرییەکانی، گـەورە دەبـن لەگـەڵ گەورەبوونی بەرەنگارییەکان.

ئەو چـەمك و بـەهاو بنەمایانانـەی مـرۆڤ درکـی دەکـات و پێـی دەگـات دەمانگەیەنێتـە ئـەو ڕاسـتییە هەتاییـەی کـە ئـاخ و نـاوەڕۆکی مـرۆڤین ئەقڵە، ئەقڵانییەت خسڵەتێکی بنچینەییە بـۆ مـرۆڤ بەهۆیـەوە سیـستم و پێوەرەکان دادەڕێژێت و باشترینیان هەڵدەبژێرێت.

سستم و ده‌سه‌ڵاته‌كان به‌جیاوازی جۆر و هزر و ئایدیۆلۆژیاكانیان و له‌گه‌ڵ باری سیاسی و ئابووری و كۆمه‌ڵایه‌تی و كه‌لتووری له‌هه‌ر كۆمه‌ڵگه‌یه‌ك بنه‌مای جووڵه‌ و ره‌فتاره‌كان، ره‌واییان، تواناو، كاریگه‌رییان، هزر دایده‌ڕێژێت.

لێره‌دا پرسیارێك خۆی ده‌سه‌پێنێت: [٨٢]

ئه‌گه‌ر ئایدیۆلۆژیا سیستمێك بێت له‌ هزره‌كان، گرینگی به‌ دیارده‌كان ده‌دات به‌تایبه‌تی ئه‌وانه‌ی په‌یوه‌ندییان به‌ژیانی كۆمه‌ڵایه‌تییه‌وه‌ هه‌یه‌، به‌هۆیه‌وه‌ كۆمه‌ڵگه‌ ڕێكده‌خرێت و به‌رده‌وام ده‌بێت، ئه‌گه‌ر ئایدیۆلۆژیا ده‌ربڕین بێت له‌سه‌ر به‌رژه‌وه‌ندی توێژێكی ده‌سه‌ڵاتداری ناو كۆمه‌ڵ به‌ پێی پله‌و پێگه‌ی، ئه‌گه‌ر كۆمه‌ڵگه‌كان توانای وازلێهێنانی ئه‌و ئایدیۆلۆژیایه‌یان نه‌بێت تا كات و ساتی ڕووخانی چینه‌كان، ئایا ده‌كرێت باس له‌ ئایدیۆلۆژیای كۆمه‌ڵگه‌ی نوێ بكرێت؟

ئه‌گه‌ر ئایدیۆلۆژیا په‌یوه‌ست بێت به‌هزره‌وه‌؟ ئه‌گه‌ر چه‌واشه‌كاری به‌شێك بێت له‌ فه‌رمانه‌كانی، كه‌وابێ چاره‌نووسی زۆرینه‌ی هزری مرۆیی ده‌بێ له‌بارێكی چه‌واشه‌كاریدا بێت، كه‌وابێ كێ ڕاستی ده‌پارێزێت؟ ئایا ده‌كرێت ئه‌وه‌ به‌باشترین به‌ڵگه‌كان دابنرێت له‌سه‌ر پێویستی مرۆڤ بۆ پێوه‌رێك بۆ ڕاستكردنه‌وه‌ی هزر له‌ مه‌ترسی كه‌وتنه‌ ناو تاریكایی په‌یوه‌ستدار و هه‌ربوون بۆ هزری مرۆڤایه‌تی؟

ئەو جۆرە پرسیارانە کە خۆی دەسەپێنێ بەسەر ئەقڵی مرۆڤـدا دەبێتـە هاندەر بۆ بیرکردنەوەی قووڵتر و پەلەنەکردن و ئـارامگرتن لـەبڕیاردان، بەتاییـەتی کـاتێ دەرك بـەوە دەکـەین کـە لـەجیهانێکی پـڕ ئاوسـاو بەئایدیۆلۆژیا دەژین.

بۆیە زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بوترێت ئێمـە لـە دەریایـەکی ئایـدیۆلۆژی دەژین، ئایدیۆلۆژیا هەبووە پێشتر هەروەها دەمێنێت پاشتر .

بۆیە دەکرێت بوترێت کـە چیرۆکی مرۆڤـی ئـازاد، چـیرۆکی خۆراگرییـە لەئاست لەخـشتەبردنی ئایـدیۆلۆژیا، سـەرکەوتوو دەبـین هەنـدێ جـار و نوشوستی دێنین هەندێ جاری دی.

هەواڵنامەی کتێب

## سەرچاوەکان

١ـ فەرهـەنگی رامیـاری ( نیگـا ) وەرگێڕانـی نـازا وەلـەد بـەگی، چـاپی یەکـەم سـاڵی ( ٢٠٠٥ ) هەولێر.

٢ـ گۆڤاری ( عـالم الفکر ) ژمارە ( ٥ ) بەرگ ٣٦ سـاڵی/٢٠٠٨ کوێـت بـابـەتی نووسـەر / أدریـس هانی.

١- المعجم النقـدي – لعلـم الأجتمـاع – نووسەر بـودون – بوریکـو، وەرگـێڕ. د. سـلیم حداد، چاپی٢ ساڵی/٢٠٠٧ بیروت.

٢- موسوعة – علـم الأجتمـاع – د. احسـان محمـد الحسن – چـاپی ( ١ ) سـاڵی/١٩٩٩ الدار العربیة للموسوعـات – لاپەڕە/٤٧.

٣- گۆڤـاری – سەنتەری برایەتی – ژمارە/١٤ ساڵی ١٩٩٩، هەولێر بابەتی نووسەر / محمد حیدر فام، وەرگێڕان/ درەخشان کاکە سوور.

٤- گۆڤاری عـالم الفکر – سەرچاوەی پێشوو.

٥- گۆڤاری – چرکە – ژمارە /١٢ ساڵی ٢٠٠٨، بابەتی/ ئایدیۆلۆژیا، نووسەر زیـرەك عبدالله.

٦- فەرهەنگی فەلسەفی – ئامادەکردنی محمد چیا – سلێمانی ساڵی/٢٠٠٤.

٧- رەخنە و ئايديۆلۆژيا – حيدر حاجي خدر، چاپی/١ سالّی/٢٠٠٥.

٨- الآيديولوجيـة الإنقلابيـة – د. نـديم البيطـار – داربيـان للنـشر والتوزيـع سالّی/٢٠٠٠ – بيروت – لاپەڕە ٥٣٣.

٩- معجم علم الأجتماع – نووسەر – پرۆفيسور – دينكن ميشيل، وەرگێڕ- د. أحسان محمد، سالّی/١٩٨٠ بغداد، لاپەڕە/٣٤٦.

١٠- مفاهيم في الفلسفة والأجتماع – نووسەر احمد خورشيد- چـاپی (١) سـالّی/١٩٩٠ بغداد، لاپەڕە/٢٥٢.

١١- تـاريخ الايـديولوجيات – بـەرگی ٢ – نووسـەر / فرانـسوا شـاقليه، وەرگـێڕ / د. انطوان صحصى، سوريا – سالّی١٩٩٧- لاپەڕە/١٠٠.

١٢- موسوعة علم الأجتماع، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە/٦٦٨.

١٣- تاريخ الايدولوجيات، سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە/١٢٥.

١٤- المعجـم الحـديث للتحليـل الـسياسي، وەرگـێڕ/ سمـير عبـدالرحيم. چـاپی ١ سالّی/١٩٩٩. الدار العربية للموسوعات، لاپەڕە/٣٢.

١٥- موسوعة – علم الأجتماع - سەرچاوەی پێشوو – لاپەڕە/ ٦٢٩.

١٦- الايديولوجية الانقلابية – سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە/٥٨٩.

١٧- الايديولوجية الانقلابية – سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە/٥٣٥.

١٨- گۆڤاری بیاڤ – ژمـارە (١٤ – ١٥) سـالّی/٢٠٠٤ هـەولێر، بابـەتی نووسـەر/ محمـد رمزا، وەرگێڕ رشيد مەلا علی.

١٩- القومية والمذاهب السياسية، د. عبدالكريم احمد – سالّی/١٩٧٠، الهيئة المصرية للنشر والتاليف، لاپەڕە/٢٩٠.

٢٠- گۆڤاری بیاڤ – ژمارەی (١٤ – ١٥) ساڵی/٢٠٠٤، هەولێر بابەتی نووسەر/ نەجات حمید.

٢١- موسوعة – جودی – نووسەر – مسعود عبدالخالق – بەشی یەکەم ساڵی/ ٢٠٠٨ هەلێر لاپەڕە/٤١٦.

٢٢- گۆڤاری ڕێبازی نوێ – ی.ن.ك، ژمارە/٤٤ ساڵی/٢٠٠٧ بابەتی نووسەر/ شاخەوان مەلا محمد.

٢٣- مێژووی بیروباوەڕی سیاسی، نووسەر سڤێن ئێریك لیرمان وەرگێڕ/ علاء نوری – دلێر میرزا – سلیمانی ساڵی/٢٠٠٤ لاپەڕە/٢٥٨ .

٢٤- القومية والمذاهب السياسية، سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە/٢٨١.

٢٥- التغيير الاجتماعي والثقافي، د.دلال محسن، الجامعة الاردنية چاپی ١ ساڵی/٢٠٠٤، لاپەڕە/١٨١.

٢٦- گۆڤاری النهج – ژمارە/٣٨، ساڵی/٢٠٠٤، بابەتی نووسەر عدنان عويد .

٢٧- گۆڤاری سەنتەری برایەتی – ژمارە/١٤ ساڵی ١٩٩٩ هەولێر سەچاوی پێشوو.

٢٨- گۆڤاری نوێ بوون – ژمارە – ٢ ساڵی ٢٠٠٨ (مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی) بابەتی نووسەر/کامران محمد.

٢٩- گۆڤاری کاروان – ژمارە/٣١، ساڵی/٢٠٠٨، هەولێر. بابەتی نووسەر/ هاشم صالح – وەرگێڕ – هاوڕێ رشید.

٣٠- فەرهەنگی سیاسی نوێ، ئامادە کردنی – زاهیر محمدی – یاسین حاجی زادە – چاپی ساڵی/٢٠٠٦ هەولێر، لاپەڕە/٣٦.

٣١- گۆڤـاری – جیهـانی رووناکبیری – ژمـاره/٢ سـالّی/٢٠٠٢، بابـەتی نووسـەر/ عبدالکریم غلاب، وەرگێڕ/ سۆران شەهاب.

٣٢- الایدیولوجیة الانقلابیة – سەرچاوەی پێشوو – لاپەڕە/٢٧١.

٣٣- موسوعة – جودی – سەرچاوەی پێشوو، پەڕە/١٥٦.

٣٤- مفهوم الثـورة، نووسـەر – د. عبدالکریم الطعـان – چـاپی ١ سـالّی/١٩٨٠، وزاره التعلیم العالی بغداد – لاپەڕە/٦.

٣٥- الایدیولوجیة الانقلابیة – سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە/٢٧.

٣٦- تیۆری سیاسی – نووسەر – ئاندرۆ هیبوود، وەرگێڕ/گۆران صباح، دەزگای ئاراس، چاپی١ سالّی ٢٠٠٧، هەولێر/ لاپەڕە/٢٢٨.

٣٧- پاشکۆی رۆژنامەی الصباح – ژمارە/١٤٤٦ لە ٢٠٠٨/٧/٢٢ بابەتی نووسەر/ شمخی جبر.

٣٨- رۆژنامەی – التـاخي – ژمارە/٥٢٤٧ لە ٢٠٠٨/٧/٨ نووسەر/ هاتف الأعرجي.

٣٩- الموسوعة الفلسفیة المختـصرة، وەرگێڕانـی: فـؤاد کامـل – جلال العشر، چـاپی١ سالّی/ دار القلم بیروت، لاپەڕە/٥١٢.

٤٠- خواوەندانی هزری سیاسی، نووسەر/ لینن و لینکستەر، وەرگێڕ: کامل محمد پـور، چاپی١ سالّی ٢٠٠٧ هەولێر، لاپەڕە/٢٦.

٤١- خواوەندی هزری سیاسی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە/٣٥/٢.

٤٢- خواوەندی هزری سیاسی، سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە/٤١.

٤٣- خواوەندی هزری سیاسی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە/٧١.

٤٤- گۆڤـــاری – ســـەنتەری برایـــەتی – ژمـــارە/٢ ســـاڵی ١٩٩٧ هـــەولێر بابـــەتی نووسەر/احمد حسن چاوشین.

٤٥- گۆڤاری سەنتەری برایەتی – ژمارە/١٢ ساڵی ١٩٩٩ هەولێر بابەتی نووسەر/مصلح عبدالقهار ئیروانی.

٤٦- گۆڤاری – عالم الفكر – سەرچاوەی پێشوو.

٤٧- تیۆری سیاسی – سەرچاوەی پێشوو – لاپەڕە/٢٢٨.

٤٨- معجم علم الأجتماع – سەرچاوەی پێشوو – لاپەڕە/١٩٤.

٤٩- گۆڤاری توێژینـەوە – ژمارە/٨١ ساڵی/٢٠٠٦، هـەولێر بابـەتی وەرگێڕ/ موسلح ئیروانی.

٥٠- گۆڤاری – عالم الفكر – سەرچاوەی پێشوو.

٥١- گۆڤاری – سەنتەری برایەتی – ژمارە/٢٢/ساڵی ٢٠٠٣ هەولێر/ بابەتی نووسـەر/ ئازاد خدر.

٥٢- گۆڤاری – عالم الفكر – سەرچاوەی پێشوو.

٥٣- گۆڤاری – سەنتەری برایەتی – ژمارە/٢٣/ساڵی/٢٠٠٣/ سەرچاوەی پێشوو.

٥٤- بنەماكانی زانستی سیاسەت، تیۆری – پراكتیكی – نووسـەر / حسین بەشیریە – وەرگێڕ- ئەبوبكر كاروانی چاپی١ ساڵی/٢٠٠٥ لاپەڕە/١٢٠ .

٥٥- ڕێگوزەری بیری سیاسـی، نووسـەر/سـڤێن ئێـرك لیـدمان، وەرگـێڕ/ ئاسـۆس كمـال چاپی ٢ساڵی ٢٠٠٤ سلیمانی لاپەڕە/٢٠٤.

٥٦- فەرهەنگی رامیاری – نیگا – سەرچاوەی پێشووو.

٥٧- فەرهەنگی سیاسی نوێ – سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە/٦٦٨.

٥٨- گۆڤاری – نەلتەرناڤیف – ژمارە/٢سالی/١٩٩٥، سلێمانی بابەتی نووسەر/ فوئاد قەرەداغی.

٥٩- فەرهەنگی سیاسی نوێ – سەرچاوەی پێشوو.

٦٠- مێژووی بیروباوەڕی سیاسی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی/٣١٠.

٦١- لیبرالیزم – نووسەر/ جان سالوین شاپیرۆ، وەرگێڕ/ عوسمان حسن شاکر، مەکتەبی بیرو هۆشیاری – سلێمانی سالی/٢٠٠٥ لاپەڕە/١٨.

٦٢- الفكر السياسي الحديث، د. فايز صالح جابر، دار الجيل - بيروت سالی/١٩٨٥، لاپەڕە/٥٦.

٦٢- بنەماکانی زانستی سیاسەت – سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە/٩٩.

٦٤- ریگوزەری بیری سیاسی، سەرچاوەی پێشوو – لاپەڕە/٢٥٦.

٦٥- گۆڤاری النهج – ژمارە/٣٥ سالی/٢٠٠٢ بابەتی نووسەر/ وردە کاسودە.

٦٦- ڕەهەندە کۆمەلایەتییەکانی ناسەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، نووسەر/ ڕۆژە عبدالله شریف، چاپی١ سالی/٢٠٠٨، هەولێر، لاپەڕە/١٧١.

٦٧- الآغا والشيخ والدولة، نووسەر/ مارتن ڤان بروینسن، وەرگێڕ أمجد حسن، چاپی١ سالی/٢٠٠٧، لاپەڕە/٤٢٢.

٦٨- ڕەهەندە کۆمەلایەتییەکانی ناسەقامگیری سیاسی، سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە/١٨٢.

٦٩- گۆڤاری توێژینەوە، ژمارە/٤ سالی ٢٠٠٥ هەولێر، بابەتی نووسەر/ ماهر عزيز.

٧٠- گۆڤاری – بیاڤ – ژمارە (١٤ – ١٥) سالی ٢٠٠٤ هەولێر، بابەتی نووسەر/ کاوە أمین.

٧١- رەهەندە کۆمەڵایەتییەکان ناسەقامگیری سیاسی سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە/٢٥٠ – ٢٥١.

٧٢- گۆڤاری هزرین – ژمارە/٣ساڵی/٢٠٠٥ هەولێر، نووسەر د.کمال سعدی.

٧٣- گۆڤاری سەنتەری برایەتی – ژمارە/٢٦ ساڵی/٢٠٠٢ هەولێر، بابەتی نووسەر/ عبدالحمید برزنجی.

٧٤- گۆڤاری رۆشنگەری – ژمارە/٢٠ ساڵی نووسەر/ تەها عمر رشید.

٧٥- رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ناسەقامگیری معین – سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە/٢١٧.

٧٦- گۆڤاری – عالم الفکر – سەرچاوەی پێشوو.

٧٧- گۆڤاری – نویٚ بوون – ژمارە/٢ سەرچاوەی پێشووو.

٧٨- گۆڤاری – ئەلتەرناتیف – سەرچاوەی پێشوو.

٧٩- گۆڤاری – نویٚ بوون – ژمارە/٢ سەرچاوەی پێشوو.

٨٠- گۆڤاری – عالم الفکر – سەرچاوەی پێشوو.

هەواڵنامەی کتێب

# ناوەڕۆك

١- چەند وشەيەكی پێويست

٢- يەكەم: دەربارەی چەمكی ئايديۆلۆژيا.

٣- دووەم: ئايديۆلۆژيا و مرۆڤ .

٤- سێيەم: ئايديۆلۆژيا و ناسيۆناليزم.

٥- چوارەم: ئايديۆلۆژيا و ئايين.

٦- پێنجەم: ئايديۆلۆژيا و ئازادی .

٧- شەشەم: ئايديۆلۆژيا و شۆڕش، ئايديۆلۆژيا و ڕيفۆرم.

٨- حەوتەم: ئايديۆلۆژيا و كۆمەڵگەی مەدەنی .

٩- هەشتەم: بۆچوونی چەند هزرڤانێك دەربارەی ئايديۆلۆژيا، هيگڵ و ماركس، مانهايم، ئەلتۆسير.

١٠- نۆيەم: چەند ئايديۆلۆژيايەكی باو لە جيهان.

أ) فاشيزم و نازيزم

ب) سۆسياليزم.

ج) ليبراليزم

هەولێر - ناوەندی گێر

د ) کۆنە پارێزان

١١- دەیەم: ئایا ڕاستە ئایدیۆلۆژیا کۆتایی هات؟

١٢- یازدەهەم: کوردایەتی و ئایدیۆلۆژیا لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

١٣- دوازدەهەم: تایبەتمەندییەکانی ئایدیۆلۆژیا.

١٤- کۆتایی: باڵادەستی ئایدیۆلۆژیا .

١٥- سەرچاوەکان.

هەواڵنامەی کتێب